# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٩٢ ■ پێنج شەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ _ ١٨ی فێورییەی ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی باس و هەڵسەنگاندنی چەند پرسێکی سیاسی و تەشکیلاتی کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، باسێکی سیاسیی لەسەر کۆمەڵێک پێشهات و پرسی سیاسیی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان پێشکەش کرد. باسەکەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران و بەردەوامیی سیاسەتی سەرکوتی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران لەلایەن ڕێژیمەوە بوو.

پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و چۆنیەتیی بەرەپێشچوونی ڕەوتی وتوێژ و



دانیشتنی هەیئەتەکانی دوولایەن و، هەروەها چەند پرسێکی ئەمنیەتی و دەروونتەشکیلاتی، تەوەرەکانی دیکەی حەوتەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون.

**(ڕاپۆرتی ئەم کۆبوونەوەیە لە لاپەڕەی ٣دا بخوێنەوە)**

### ئێستاش بەڵێنەکانی شۆڕشی ٥٧

# دروشمی سەرشەقام و داوای سەرەکیی خەڵکی ئێرانن

◆ سەروتار

## دروستبوونی هێزی گۆڕان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی

**کەماڵ کەریمی**

کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی دڵخۆشی و چاوەڕوانییەکانی لە هاتنە ئارای گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژاوا و بە تایبەت ئەمریکا، لە بارودۆخی سیاسیی ئێستادا زیاتر لە هەر کاتێک خۆی لە تەنگەژەدا دەبینێ. قووڵبوونەوەی قەیرانە نێوخۆییەکان بە تایبەت قەیرانی ئابووری کە بەشێکی لەژێر کاریگەریی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکایە و بە زۆری هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر جۆری ڕوانینی دەسەڵاتدارانی حکوومەت بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی سەرچاوە داراییەکان لە ئیدارەی ئابووری و خزمەتگوزاریی وڵاتدا، ئەوانی گەیاندووەتە ئاستی بێدەسەڵاتی لە چارەسەرکردنیدا. دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە بەردەوامی و لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵک و بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان لە دنیای سیاسەتدا، بە بیانووی جۆراوجۆر دەستبەسەرکردنی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانیان کردووەتە پیشەی ڕۆژانە و بە دانی حوکمی بێ بنەما بەشی زۆری ئەوان لە زیندان دەکەن. لە پاڵ ئەوەشدا کە جاربەجار هەست پێ دەکرێ قسەیەک بە پێچەوانەی بیری ڕێبەری لەنێو دەسەڵاتدا دەکرێ و وا نیشان دەدرێ کە بۆچوونی جیاواز لەنێویاندا هەیە بەڵام بەکردەوە گوێڕایەڵییەکە گەیشتووەتە ئاستێک کە بەرەبەرە بیری سپاردنی هەموو ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢



## لە دوو مانگی زستاندا لانیکەم ١٨٠ کەس لە کوردستان گیراون

لە دوو مانگی زستانی ئەمساڵدا لانیکەم ١٨٠ کەس بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتی یان هاوکاریکردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی گیراون.

دەسبەسەرکردنی ١٨٠ کەس لە ڕەشبگیرەکەی ئەم دواییانە لە حاڵێکدایە کە لە وەرزی بەهاری ئەمساڵیشدا لانیکەم ١٠٦ کەس، لە وەرزی هاوین ١٩٢ کەس و لە سێ مانگی پاییزیشدا ١٤٣ کەس بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لەدژی ڕێژیم گیرابوون، بەوەش ژمارەی ئەم کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا گیراون، گەیشتە ٦٢١ کەس.

لەو ٦٢١ کەسەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی ڕێبەندان دەسبەسەر کراون، لانیکەم ١٧٤ کەس لەوان دادگایی و حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپاوە و ژمارەیەکی زۆرتر لەوەندەش هێشتا لە گرتنگەکانی ئیتلاعاتدا دەسبەسەرن و چارەنووسیان ناڕوونە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕایگەیاندووە کە شەپۆلی نوێی ڕەشبگیر و سەپاندنی حوکمی زیندان بەسەر چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان بۆ ترسی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە گەڕێکی دی لە سەرهەڵدانە جەماوەرییەکان دەگەڕێتەوە.

## ناوەندی هاوکاری: دەبێ بەربەستی جیددی لەبەردەم کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم دابندرێ

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی دادگاییکردنی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. ناوەندی هاوکاری دەڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە تا ئێستا بۆ سەرکوتکردن و لە نێوبردنی دژبەرانی خۆی و پەرەپێدان بە تێرۆریزم لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، لە هیچ تاوانێک نەپرینگاوەتەوە و سڕینەوەی فیزیکیی دژبەران و جیابیران هەمیشە لە بەرنامەی کاری ئەو ڕێژیمەدا بووە.

ناوەندی هاوکاری دەڵێ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان قوربانیی سەرەکیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە، بۆیە وێڕای پشتیوانی لە هەوڵی دەزگای قەزایی بێلژیک داوای پێڕاگەیشتنی جیددی و بێلایەن و بە دوور لە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریی وڵاتان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە پەروەندەکانی دیکەی تێرۆری دژبەرانی ئەو ڕێژیمە لە ڕابردوو و ئێستادا دەکەین.

ناوەندی هاوکاری دەڵێ لە ڕوانگەی ئێمەوە بردنەسەری ئاستی وشیاری، یەکگرتوویی و هاوکاریی هەرچی زیاتری حیزبەکان و چالاکانی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ پووچەڵکردنەوەی هەوڵی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دەتوانن بە بەربەستێکی گەورە بن لەسەر ڕێگای ماشێنی کوشتار و تێرۆری ڕێژیم.



**شۆڕشی ٥٧، بەفیڕۆچوونی بەری ڕەنج و خوێنی خەڵک** ٣




**شۆڕشی ٥٧ و پرسی ژن لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا** ٥



**زەبروزەنگ و بێڕێزی وەک چەکێکی فاشیستەکان** ٧



**زمانی دایک لە قەوارەی زێهنیی زماندا** ٨



**«ئەندیغۆنی»یەکانی نیشتمانی من** ١٠

# ٤٢ ساڵ دوای ڕێبەندانی ٥٧ و بەلاڕێداچوونی شۆڕش ڕوحی شۆڕشگێڕی و مافخوازیی خەڵک هەروا زیندوویە

## (پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەبۆنەی ساڵیادی شۆڕشی بەلاڕێدابراوی گەلانی ئێران)

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ٤٢ ساڵ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە زستانی ١٣٥٧دا ڕادەبرێ. سەرکەوتنی شۆڕشی خوێناویی ساڵی ٥٧ ئاکامی ڕاپەڕینی گەلانی وەزاڵەهاتوو لە ستەم و بێدادی و بەرهەمی قوربانیدانی هەموو چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران بۆ تێپەڕین لە دەسەڵاتی پاشایەتی و بنیات‌نانی حکوومەتێکی کۆماری و گەلی بوو. ئەم ڕاپەڕینە هەموو ڕێکخراوە و تەیفە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیمی حەمەڕەزا شا، هێزە سیاسییە دێموکرات، میللی، چەپ و پێشکەوتن‌خوازەکان و زۆربەی نیزیک بە تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران تێیدا بەشدار بوون، بەڵام شۆڕش لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی و لایەنگرانیەوە بەلاڕێدا برا و دەست بە سەر دەسکەوتەکانی داگیرا.

ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لە ماوەی پتر لە ٥ دەیە دەسەڵاتی سیاسیی خۆیدا بە پێخوست‌کردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک، مۆنۆپۆل‌کردنی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا و زەوت‌کردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران بەستێنی ناڕەزایەتییە بەرینەکانی خەڵکی خۆش کردبوو. بۆیە شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ ڕاستە بە ڕووخاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی و گۆڕینی ڕێژیمی سیاسیی وڵات سەرکەوت، بەڵام ئامانجە بنەڕەتییەکانی شۆڕش و ئەو مەبەستانەی کە لە دروشمە سەرەکییەکانی خەڵکدا ڕەنگیان دابۆوە، وەدی نەهاتن.



کۆمەڵانی خەڵکی ئێران خوازیاری دێموکراسی، کرانەوەی سیاسی و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بوون. ئەوان لە دژی دەسەڵاتی تاکتەوەریی "شاهەنشا" و گەندەڵیی دەربار و کاربەدەستانی حکوومەت ڕاپەڕیبوون. گەلانی ئێران بۆ کەمکردنەوەی کەلێنی کۆمەڵگەی هەژار و دەوڵەمەند و دەستەبەری ژیانێکی ئاسوودە لەسەر بنەمای وەدیهێنانی مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان شۆڕشیان کردبوو. بەڵام دوای ٤٢ ساڵ لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی هەموو ئەو دروشم و ئامانجانەی ئەوکات بناغەی شۆڕشیان لەسەر داندرا، لە ئێستاش‌دا ئامانجی سەرەکیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن و لە دژی کۆماری ئیسلامی خەباتیان بۆ دەکەن.

خەڵک بۆ ئاوەدانیی وڵات خرۆشان و قەرار بوو نە ئاسەوارێک لە "کاخ نشینی" و نە شوێنەوارێک لە "کۆخ‌نشینی" بمێنێ. بڕیار وابوو هەژاری لە وڵات بنەبڕ بکرێ و مەودای چینایەتی کەم بکرێتەوە. تەنانەت نازناوی شۆڕشی هەژاران (انقلاب مستضعفین" دەدرایە پاڵ ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ٥٧، بەڵام ئەمڕۆکە هەژاری بە سەرەکیترین قەیرانی ئێران دادەنرێ. ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و لە وڵاتێکدا کە لە ڕیزی سێهەم وڵاتی خاوەن نەوت و گاز و وزەی دنیایە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیانە کۆمەڵایەتییەکان پەرە دەستێنن و خەساری کۆمەڵایەتیی نوێ سەر هەڵدەدەن کە "کۆرپەڵە فرۆشی"، "گۆڕخەوی"، "گورچیلەفرۆشی" و ... نوێترینی ئەو دیاردانەن. هاوکات ڕۆژ نییە لە وڵاتەکەمان دەیان کەس بەهۆی هەژاری و بێ‌ئەنوایی پەنا بۆ خۆ کوشتن نەبەن و زبڵگەری بۆتە یەکێک لە ڕێگاکانی زیندوومانەوە بۆ دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ئەم وڵاتە.

خەڵک بە خوێن و قوربانیدان "شا"یان کە خۆی بە "سێبەری خودا لەسەر زەوی" دادەنا، لە عەرشەوە هێنایە خوارێ، بەڵام ئێستا "وەلیی فەقیه" جێگەی گرتووەتەوە. خەڵک شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی بۆ ماف و ئازادییەکانی کرد، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ حوکمی ئێران دەکا خەڵکی لە هەموو ماف و ئازادییەکانی بێبەش کردووە، بە زەبری چەک ئەوانی سەرکوت و دەمکوت کردووە. خەڵک لە گەندەڵیی کاربەدەستانی نیزامی پاشایەتی بێزار بوون، بەڵام ڕێژیمێک کە بە دروشمی نەهێشتنی گەندەڵی هاتە سەر کار، کە ئێستا خۆی یەکێک لە گەندەڵترین نیزامی حوکمڕانییە لە جیهان‌دا.

ئازادی و مافە مەدەنی و دێموکراتیکەکان دروشم و خواستی سەرەکیی شۆڕش بوون، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا دەیان هەزار کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی نەتەوەکانی ئێران بە تاوانی! ئازادیخوازی گیانیان لێ ئەستێندرا. هەر ئێستا لە ڕەشبگیرییەکی نوێ‌دا و لە ماوەی کەمتر لە مانگێک‌دا پتر لە سەد چالاکی مەدەنی، ژینگەپارێزی و هەڵسووڕی کۆمەڵایەتیی کورد بەکۆمەڵ و بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێ دەسبەسەر کراون. هەر لەو ماوەیەدا زۆر چالاکی سیاسیی بەلووچ و عەرەب ئێعدام کران و شەپۆلی گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکانی سیاسی لەنێو هەموو کەمە ئایینی و نەتەوەییەکانی ئێران‌دا بەردەوامە. سەرکوتی ئازادییە سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و ئایینییەکانی کۆمەڵانی گەلانی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا پێمان دەڵێن لە نێوان ئەوەی گەلانی ئێران خوێنیان بۆ دا و ئێستاش تێچووی زۆری بۆ دەدەن، لەگەڵ ئەوەی دەستیان کەوتووە مەودا گەلێکی زۆرە.

ژنان کە شانبەشانی پیاوان لە ڕیزەکانی شۆڕش‌دا بەشدار بوون و خواست و داوای سیاسی، مەدەنی و ڕەگەزیی خۆیان هەبوو، ئێستا دوای ٤٠ ساڵ هێشتا بۆ کۆمەڵە مافێک خەبات دەکەن کە پێشتر بەشێک لەوانیان هەبوو و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هاتنە سەر کاری لێی زەوت کردن. یاسای پشتیوانی لە خێزان وەک دەسکەوتی چەند دەیە خەباتی ژنان لە حەوتووی دووهەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕش‌دا بە بڕیارێکی ئایەتوڵڵا خومەینی هەڵوەشا. ژنان لە سێبەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی‌دا بۆ دواوە گەڕاونەتەوە، لە زۆربەی سێکتەرەکانی کۆمەڵایەتی‌دا بەهۆی سیاسەتی هەڵاواردنەوە پەراوێز خراون. هەڵاواردنەکان هەر بە قانوونی تەڵاق، فرەژنی، قانوونی بەرعۆدەبوونی بەرپرسایەتیی منداڵ، بەشە میرات، خوێنبایی، پیاوانەبوونی زۆر کار و بەرپرسایەتی سنووردار نابن، ژنان لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەهۆی ڕوانینی ڕەگەزی لە هەموو بەستێنەکان‌دا سیستماتیک وەلا دەنرێن و تەنانەت کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبووە کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی توندوتیژیی دژی ژنان پەسند بکا.

خەڵک بە بەخت‌کردنی گیانی ئازاترین ڕۆڵەکانیان شۆڕشیان سەرخست، بەڵام ڕێژیمێک دەسکەوتەکانی خەڵکی بەتاڵان برد کە ئەمڕۆ بە هۆکاری نائەمنیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەناسرێ. کۆماری ئیسلامی تا ئێستا سەدان میلیارد دۆلاری لە سامانی گشتیی وڵات بۆ سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی لە ناوچە، تەیارکردنی میلیشیای جۆراوجۆر بۆ شەڕی نیابەتی و ئیدۆلۆژیی هیلالی شیعی و بۆ بەرژەوەندیی تاقمەکانی سەر بە خۆی لە لوبنان، یەمەن، بەحرەین، سووریە و عێراق تەرخان کردووە. لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا حەشیمەتی وڵات دوو هێندە و نیو زیادی کردووە، بەڵام هەر بەپێی ئاماری ڕەسمیی دەزگای قەزایی ڕێژیم ژمارەی بەندکراوان ١٥ هێندەی سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییە کە ئەوە خۆی تەعبیر لە قوڵبوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و، لەو سۆنگەیەوە پەرەسەندنی تاوان لە وڵات‌دا دەکا. لە ئێستادا ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی حەوتەمین وڵاتی دنیایە کە سانسۆڕ پیشەیانە، بەپێی حەشیمەتەکەی و ئاماری لەداردراوان یەکەم وڵاتە لە ئێعدام‌کردنی بەندکراوان‌دا، ڕێژیمێکە کە بە کوشتنی ئازادیی میدیایی و ڕاکردنی نوخبە و ئیلیتەکانی دەناسرێتەوە و وڵاتێکە کە لە ڕووی پلەی داهاتی سەرانە، تەندروستی، خۆشبژیوی، هیوا بە ژیان لە نزمترین ڕیزبەندییەکانی دنیادا جێ دەگرێ.

تەما وابوو ئێرانی دوای شۆڕشی ٥٧ وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن پێگە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌دا بێ، بەڵام دەبینین ئەمڕۆکە کۆماری ئیسلامی بە گەورەترین وڵاتی سپۆنسەری تێرۆریزمی دەوڵەتی دەناسرێتەوە و باڵوێزخانە و کۆنسول‌خانەکانی ئەم ڕێژیمە لە چوارقوژبنی دنیا بەجێی نوێنەرایەتی و داکۆکی‌کردن لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، وەک ڕایەڵکەیەکی تێرۆریستی دەجووڵێنەوە. هەر چەند ڕۆژ لەوە پێش بوو کە دادگای "ئانت ڤۆرپ"ی بێلژیک، هاوشێوەی بڕیاری مێژوویی دادگای میکونووس، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی سەبارەت بە پشتگیریی لە تێرۆریزم مەحکووم کرد و لە بڕیارێکی گرینگ‌دا دیپلۆماتێکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە وڵاتی ئوتریشی مەحکووم و بە ٢٠ ساڵی زیندان سزا دا.

کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان جیاواز و تایبەتترە. ئەم ڕێژیمە هەر لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، بەهۆی هەبوونی بزووتنەوەیەکی شوناس‌خوازی و ماف‌ویستی لە کوردستان شەڕێکیماڵوێرانکەری بەسەر گەلی کورددا سەپاند. هێزە سیاسییە بەرپرسەکانی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆریان هەوڵ دا لە ڕێگەی وتووێژ و لێک‌تێگەیشتنەوە لە چوارچێوەی ئێران‌دا پرسی کورد چارەسەر بکەن؛ بەڵام هەر لە سەرەتاوە وەڵامی ئاشتیی گەلی کورد بە لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان، سەپاندنی شەڕ و ئابلۆقەی ئابووری، کۆمەڵکوژیی خەڵکی سڤیل، ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی و تێرۆر و سەرکوت و زەبروزەنگ درایەوە. ئەم شەڕەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر کوردستانی‌دا سەپاند، ئێستاش لە شێوەی جۆراوجۆر و لە هەموو ڕەهەندەکانی سیاسی، ئابووری و کولتووری‌دا درێژەی هەیە. ڕوانگەی میلیتاریستیی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی ئەم بەشە لە ئێران لە ڕەوتی گەشەکردنی وڵات‌دا پتر پەراوێز بخرێ، کانگا و سەرچاوە سروشتییەکانی بە تاڵان ببرێ، نرخی بێکاری لە کوردستان چەند هێندەی نێونجی بێکاری لە وڵات بێ و، دیاردەی زیانباری وەک کۆڵبەری و کۆڵبەرکوژی تێیدا پەرە بستێنێ. هاوتەریب لەگەڵ ئەم سیاسەتە، شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی بۆ لێدان لە هۆوییەت و شوناسی نەتەوەیی، شێواندنی مێژووی خەباتی سیاسی و تواندنەوەی زمان و کولتووری کۆمەڵایەتیی کورد بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو بەردەوام بووە.

چل‌ودوو ساڵ ئەزموونی کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی بووەتە هۆی بێ‌مافی و چارەڕەشی گەلانی ئێران بەتایبەت نەتەوە غەیرەفارسەکانی وەک کورد، عەرەب و بەلووچ، بەڵام ڕوحی شۆڕشگێڕی و ناڕەزایەتیی خەڵک هەروا زیندوویە. ئەمڕۆکە کۆماری ئیسلامی کەمترین شەرعییەتی سیاسیی لە کۆمەڵگەدا هەیە و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران سەرەڕای سەرکوتی خوێناوی و توندوتیژی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان، جارێکی دیکەش شەقامیان کردووەتەوە بە سەنگەری مافخوازی.

پاش ٤٢ ساڵ ئێستاش دروشم و ئامانجە ڕەوا و دێموکراتیکەکانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە خۆی لە ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەری و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران‌دا دەدیتەوە، هەروا ئامانجی گەلانی ئێرانن و بە دڵنیاییەوە هەتا کاتی دابینبوونی ئەو ئامانجانە لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام دەبن. لە ئێستاش‌دا کە کۆماری ئیسلامی لە نەبوونی ڕەواییەتی گەلی‌دا، بارودۆخی نێوخۆییش تەنگی پێ هەڵچنیوە، پێویستە هێزە دێموکرات و گۆڕانخوازەکان بەرەی خەبات و خۆڕاگرییان لەدژی ڕێژیم پتەوتر بکەن. یەکیەتی، یەکڕیزی و هاوهەڵوێستیی هەموو ئازادیخوازان و ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی بۆ سەرخستنی شۆڕشی نیوەتەواو و بەلاڕێدابراوی ساڵی ٥٧، ئەرک و پێویستییەکی چارەنووسسازە.

**سەرکەوێ بزووتنەوەی مافخوازیی گەلانی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی،**

**وەدی بێن ئامانجەکانی شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دفتەری سیاسی**
**٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی**

◆ دریژەی سەروتار

## دروستبوونی هێزی گۆڕان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی

... دەسەڵات بە سەردارانی سپای پاسدارانی لێ شین بووەتەوە. لەولاشەوە سیاسەتی قەیران‌خوڵقێنی ڕێژیم لە وڵاتانی دەوروبەر کە ساڵانێکە پۆزی پێوە لێ‌دەدەن و وەک سەرکەوتنی سیاسەتی ڕێژیم بەرامبەر ئێستێکبار و دەست‌وپێوەندەکانیان لە قەڵەمی دەدەن، تووشی کێشەی گەورەتری کردوون و وا هەست دەکرێ لە ترسی گەورەبوونەوەی ڕووبەڕووبوونەکان، گەیوەتە ئاستی بێ‌تواناییان لە درێژەدانی‌دا.

لەنێو ئەم دۆخەدا ئەوەی بە شێوەی جیاواز و بە دوور لە ڕوانینەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی دیکە بیر لە چارەسەر دەکاتەوە خەڵکی ئێرانن. ئەگەر وڵاتانی دەرەوە هەرکام بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕێگەچارە بۆ داهاتووی ڕێژیم دەسنیشان دەکەن ئەو خەڵکەش بە مافی خۆی دەزانێ بە دوور لەو ڕوانینانە نەخشە ڕێگەی ڕزگاریی خۆی ببینێتەوە. لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەو خەڵکە بە جۆرێک چارەسەری کێشە دەرەکییەکان و لابردنی گەمارۆکان ئەوەی کە ڕێژیم بە بەردەوامی باسی لێوە دەکا و هەموو هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆی پێ دادەپۆشێ بە هۆکارێک بۆ سووک‌کردنی باری ژیانیان دەبینن، بەڵام بە زۆری خەڵک زیاتر لەوە چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک لە سیستمی حکوومەتی‌دا دەکا کە بتوانن لە سێبەری‌دا بە ئازادی بژین. بابەتێک کە لە ئێرانی کۆماری ئیسلامی‌دا مانایەکی نەماوە و وڵاتانی دیکەش بە گەورەکردنەوەی بابەتی چەکی ناوکی و مووشەکی و مەترسییەکانی بۆ سەر جیهان بەردیان لەسەر داناوە و ئامادە نین بیخەنە پرۆژەی مامەڵەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بێگومان ئەوەش ئەرکێکە لەسەر شانی ئەو کەسانەی کە ساڵانێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سوورن و تەسلیمی ئیرادەی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم و تەبلیغاتەکەیان نەبوون.

ئەوەی ئێستا لە نێوخۆی ئێران‌دا دەبیندرێ و ڕەنگە جۆرێک لە ناهومێدی بۆ گۆڕانکاری لێ دەرکەوێ، زاڵبوونی دەسەڵاتی پۆلیسی سپای پاسداران و بێ‌ڕەحمییەکانیانە بەرامبەر بەو تێکۆشەرانەی بەردەوام دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز دەکەنەوە. بەڵام هەر ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو خەڵکە بێدەنگ نەبوون و نابن و ڕێگەی دژواری گۆڕانکارییەکان هەتا گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتداری لە ئێراندا درێژە پێ دەدەن. بە دڵنیاییەوە ئەم کارە پێویستیی بە ڕێکخستنێکە کە بتوانێ ڕێبەریی ئەم ناڕەزایەتییانە بکا. ئەگەر جگە لە کوردستان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی کە بە زۆری نیشتەجێی دەرەوەن تا ئێستا نەیانتوانیوە خاوەندارییەتی ئەم حەرەکەتانە بکەن و لە نێوخۆی وڵاتیش‌دا ڕێکخەرێکی جێی متمانە نەبووە کە مودیرییەتی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بکا، ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەم هێز و وزە لەنێو خەڵکدا بوونی نییە. بە پێچەوانە دەستبەسەرکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕووناکبیر، خاوەن قەڵەم، مامۆستای زانکۆ، یاساناس و پارێزەران و تەنانەت بە لێشاو گرتنی خەڵکی ئاساییش، نیشانەی ترسێکی قووڵی ڕێبەرانی ڕێژیمە لە وەسەر یەک‌کەوتنەوەی ڕیزی ناڕەزایەتییەکان و شکڵ‌گرتن و بە ڕێکخراوبوونی ئەوان بۆ کۆتایی پێهێنان بەو شێوە حاکمییەتە.

بێگومان هەتا ئێستاش کۆماری ئیسلامی ئەهرومەکانی پاراستنی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانە بەڵام لەرزۆکی خۆی بەدەستەوەیە. سەرچاوە داراییەکان ئەگەر لە کزیشی دابێ هەتا ئێستاش لە خزمەت سپای پاسداران و گوێ‌لەمستانی حکوومەتی و پرۆژە سەربازییەکان‌دا بەکار دێ و گوێیان لە ئاست چارەسەری کێشەکانی خەڵکدا کەڕ کردوە. سەردارانی سپای پاسداران کە هەوڵی کۆنترۆڵی هەموو دەزگا دەوڵەتییەکانیش دەدەن وەک هەمیشە گوێڕایەڵی ڕێبەرین و دەزگای دادوەریش ڕێخۆشکەری سەرکوتی سیستماتیکی ناڕازییەکان و دژبەرانی حکوومەتە. تەنیا ئومێدێک کە بە خەڵکی دەدەن چاوەڕوان کردنیانە بەڵکوو ئەمریکا ڕۆحمێک بکا و بگەڕێتەوە بەرجام و چارەسەری کێشە ئابوورییەکانیان بکەن. هەر بۆیە خەڵک کە دەزانن ئەمە نابێتە نان و ئاو بۆ ئەوان، دەستیان لە کۆماری ئیسلامی شووشتۆتەوە و ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ پەرەگرتنی ناڕەزایەتییەکان و هەوڵدان بۆ خۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی سەراسەری لە ئێران‌دا. شک لەوەدا نییە کە درێژەکێشانی ئەم وەزعە و گوێنەدان بە چارەسەری کێشەکانی خەڵک و دەستەبەرکردنی ئازادی و پاراستنی مافی خەڵک لە هەر سیستمێکی حکوومەتیدا بێ، ئاکامەکەی هەوڵدانێک دەبێ بە ئاراستەی تێکدانی دەسەڵات و گۆڕانکاری لە سیستمێ دەسەڵاتداری‌دا. ڕێگەیەک کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی کۆتایی بەردەمی‌دا چارەنووسی خۆی تێدا دەبینێتەوە.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە یارمەتیدان بەو کەسانەی ئەم ڕێگەیان هەڵبژاردووە ئەرکی هەموو لایەکە. ئەگەر لە ساڵی ٨٨دا ڕێبەریی دەنگە ناڕازییەکان پشتی لە خەڵک کرد و لە ساڵی ٩٨دا بەبێ ڕێبەرییەک بۆ مودیرییەتی گشتی بزووتنەوەکە، دروشمەکان گەیشتنە ئاستی دژایەتیی ئاشکرا لەگەڵ نیزام و ڕێبەرەکەی، درێژەکێشانی ئەم بزووتنەوەی نێوخۆ دەتوانێ ڕێبەریی خۆی بۆ مودیرییەت کردنی ببینێتەوە و بەرەو پێشی ببا. بۆیە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەبێ لە ڕوانگەیەکی نوێوە خوێندنەوە بۆ ئەو هەموو چالاکییە ناڕەزایەتییانەی نێوخۆ بکەن و لە دیتنەوەی نەخشە ڕێگایەک‌دا، لە پاڵ هەوڵدان بۆ یەکڕیزی ئۆپۆزیسیۆن، گرنگی بدەن بە هەموو بیرکردنەوە جیاوازەکان و لەجیاتی دابەش‌کردنی هێزەکان بەسەر خۆیی و غەیرەدا، هەوڵی گرێدانی خەبات لەگەڵ ئەو کەس و گرووپانەدا بدەن و، ئەگەر لە بۆچوونەکانیش‌دا جیاوازییان هەبێ بیانکەنە هاوبەشی خۆیان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی‌دا. بە نەبوونی وەها نەخشەیەک دیسان بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی لە لاوازی‌دا دەمێنێتەوە و ئیمکانی هەر گۆڕانکارییەک کە هەموو ئامانجەکانی خەڵک بپێکێ، لاواز دەکا.

# شۆڕشی ٥٧
# بەفیڕۆچوونی بەری ڕەنج و خوێنی خەڵک



ڕەحمان سەلیمی

**دروشمە بریقەدارەکانی خومەینی بۆ گێڕانەوەی سامانی وڵات بۆ سەر سفرەی خەڵک، ڕێگای بۆ جێخستنی پڕۆژەی ئەزموون‌نەکراوی کۆماری ئیسلامی هەموار کرد. ماوەی ٥٠ ڕۆژ زۆر کورتتر بوو لەوەی گەلانی ئێران لە دۆخی شۆڕش بێنە دەر و بە چاوێکی کراوە و تێگەیشتنێکی دروست دەنگ بە ڕیفراندۆمی دیاری‌کردنی ڕێژیمی داهاتووی ئێران بدەن**

شۆڕشی گەلانی ئێران ڕووداوێکی مێژوویی گرینگە کە ٤٢ ساڵە بەردەوام خۆی بەرهەم دێنێتەوە. نەک بەو مانایە کە ئیرادەی خەڵکی ڕاپەڕیو و ئامانجی ئازادیخوازی بەرهەم دێتەوە، بەڵکوو ئەوە ڕێژیمی سیاسیی براوەی شۆڕشە کە تا ئێستاش لە دۆخی شۆڕش‌دایە و دامودەزگا و دامەزراوەکانی خستۆتە خزمەت پاراستن و بەرەودان بەو دۆخە. کارنامەی کۆماری ئیسلامی لەو ٤٢ ساڵەدا لە دوو ڕەهەندەوە شیاوی لێوردبوونەوەیە.

– ڕەهەندی یەکەم ئەو شێوازە دەسەڵاتدارێتییەیە کە لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی خومەینی بۆ تاران دەرکەوت. خومەینی کە لە وتووێژەکانی لە نۆفل لۆشاتۆ لەگەڵ ڕاگەیەنە ڕۆژئاواییەکان، حوکمڕانیی داهاتووی ئێرانی بە کۆماری فەڕانسە دەشوبهاند، لە ١٢ی ڕێبەندانی ٥٧ لە "بەهەشتی زەهرا" نیازی ڕاستەقینەی خۆی دەربڕی و وەک هەموو دیکتاتۆرانی مێژوو گوتی: "من دەوڵەت دیاری دەکەم". خومەینی وەک براوەی یەکەمی شۆڕش ڕێژیمێکی سیاسیی دامەزراند کە تا ئێستاش سروشتی خۆی پاراستووە و توانیویەتی هەموو جومگەکانی دەسەڵات لە دەست گرووپێکی فەرمانڕەوا بە ناوەندێتیی وەلی فەقیه کۆ بکاتەوە.

– ڕەهەندی دووهەمی ئاکامەکانی شۆڕشی ٥٧ کە مەبەستی ئەو وتارەیە، دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی گەلانی ئێرانە. دابین‌کردنی بەستێنێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بارتەقای مێژوو و سامانی سروشتی و سامانی مرۆیی وڵات بێ، لە ئەرکە سەرەکییەکانی هەر دەسەڵاتێکی سیاسییە. ئەزموونی سیاسی لە ئێران بە درێژایی تەمەنی ڕێژیمی پاشایەتی بریتییە لە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دەستەی فەرمانڕەوا. لە هەمان کاتدا چەند وێستگەیەکی مێژوویی لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ئەوەمان پێ دەڵێ کە دیمۆکراتیزەکردنی ئێران و بنەماکانی پلۆرالیزم و تۆلێرانس لە هەناوی کۆمەڵگەی ئێراندا بەرجەستە بوون. سنووردارکردنی دەسەڵاتی شا و دامەزرانی پارلمان و سەرهەڵدانی حیزبایەتی وەک دیاردەیەکی مۆدێرن لە دیارترینی ئەو وێستگانەن کە سەلمێنەری ئەو پوتانسیەلەن لە نێو گەلانی ئێراندا. ڕاپەڕینی ٥٧ بەشێکە لەو بزووتنەوە ئازادیخوازییەی کە دژی دیکتاتۆڕی پەهلەوی سەری هەڵدا. گەلانی ئێران عەودالی ئازادی و کرانەوەی سیاسی و دواجار ئابووری بوون. هەر لە بەر ئەوەیە ڕۆیشتنی شا بۆ دەرەوە لە ٢٦ی بەفرانباری ٥٧ وەک هێمای دیکتاتۆڕی، یەکسان بوو بە کوتانی بزماری کۆتایی لە تابووتی ئەو ڕێژیمە. خەڵکی ئێران جگە لە ژمارەیەکی کەم نوخبەی سیاسی، ئاگاداری بیرۆکەی پێشتر گەڵاڵەکراوی ویلایەتی فەقیه بۆ داهاتووی ئێران نەبوون.

خومەینی کە بە دروشمی گێڕانەوەی دین و دونیا بۆ خەڵکی ئێران، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە داهاتی سامانی گشتی دێنێتە سەر سفرەی خەڵک، کۆمەڵێک دامەزراوەی وەک سپای پاسداران و دەزگای ئایینی دامەزراند کە دەستیان ناوەتە بینە قاقای خەڵک و ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵک هەژارتر و برسیتر دەکەن. بەپێی هێندێک ئاماری نافەرمی نزیک بە نیوەی هاوردەی سەر سنوور و ناو ئەسکلەکان لە لایەن سپای پاسدارانەوە ئەنجام دەدرێ بێ‌ئەوەی گومرک بکرێن، ئەوە لە کاتێکدایە کۆڵبەرانی کورد کە بە ناچاری و بۆ بژێوی ژیانیان کاڵایەک لە سنوورەکان دەگوازنەوە، تۆمەتی قاچاخچییان دەدرێتە پاڵ و ڕاستەوخۆ دەکەونە بەر فیشەکی هێزە چەکدارەکانی ئێران.


میراتی فکریی خومەینی کە پەرەپێدانی ئیدئۆلۆژیی شیعیی ویلایەتی فەقیه بوو بۆ وڵاتانی ئیسلامی، چ بۆ خەڵک لە نێوخۆی ئێران و چ بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆتە قەیرانێکی گەورە کە تێچووی گیانی و ماددیی گەورەی بۆ گەلانی ئێران و تێکدانی سەقامگیری و ئاشتی بۆ ناوچە و تەنانەت جیهان بەدواوە بووە. قەیرانی هەژاری و بێکاری لە وڵاتێکی پان و بەرین و دەوڵەمەندی وەک ئێران گەیشتۆتە ئاستێک کە باندۆری لە سەر نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگە داناوە و خەڵکی ماندوو کردووە. بە جۆرێک کە ئاماری دزی و تاوان و ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و هەڵوەشانەوەی بنەماڵە گەیشتوونەتە ئاستێکی مەترسیدار و باڵانسی کۆمەڵگەیان تێکداوە. بە پێی ئەو ئامارانەی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بڵاو دەبنەوە ئاستی هیوا بە ژیان و داهاتی تاک لە ئێران لە خوارەوەی تەنانەت بەشێک لە وڵاتانی ئەفریقایە. لە کاتێکدا سەتڵە زبڵەکان بوونەتە سفرەی بەشێک لە هاووڵاتیان، بە میلیاردها دۆلار لە لایەن ناوەندە سەربازی و ئیدئۆلۆژیکەکانی ڕێژیم خەرجی پڕۆژەی ناوکی و مووشەکی و پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستییەکان لە سەرتاسەری جیهان دەکرێ. خەڵکی ئێران ٤٢ ساڵە باجی سیاسەتە دوژمنکارییەکانی دەوڵەت لەگەڵ ئەمریکا دەدەن، بەڵام بەرپرسانی پلە یەکی ڕێژیم منداڵەکانیان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەنێرنە باشترین زانکۆکانی ئەمریکا.

١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و گەڕانەوەی خومەینی سەرەتای گەڕانەوەی مێژوویە بۆ خەڵکی ئێران، سەرەتای نوقم‌بوونی گەلانی ئێرانە لەو وێرانستانەی کە تەنیا جێگای باندێکی ئازادی‌کوژ و ژیان‌کوژی تێدا دەبێتەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر و قەڵەوتر دەبن و زۆرینەی خەڵک لە ژێر پۆستاڵی ئیدئۆلۆژیکی خۆیاندا دەچەوسێننەوە. تاوانەکانی خاوەران و قارنێ و قەڵاتان و ئێڤین و ... وێران‌کردنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، دیاریی ئەو سەفەرە نگریسە بوون کە تا ئێستاش بەردەوامە و تەنیا لە نەمانی ئەو ڕێژیمەدا ئومێدی ساڕێژبوونەوەیان لێ دەکرێ.

**خومەینی کە بە دروشمی گێڕانەوەی دین و دونیا بۆ خەڵکی ئێران، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە داهاتی سامانی گشتی دێنێتە سەر سفرەی خەڵک، کۆمەڵێک دامەزراوەی وەک سپای پاسداران و دەزگای ئایینی دامەزراند کە دەستیان ناوەتە بینە قاقای خەڵک و ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵک هەژارتر و برسیتر دەکەن.**

دروشمە بریقەدارەکانی خومەینی بۆ گێڕانەوەی سامانی وڵات بۆ سەر سفرەی خەڵک، ڕێگای بۆ جێخستنی پڕۆژەی ئەزموون‌نەکراوی کۆماری ئیسلامی هەموار کرد. ماوەی ٥٠ ڕۆژ زۆر کورتتر بوو لەوەی گەلانی ئێران لە دۆخی شۆڕش بێنە دەر و بە چاوێکی کراوە و تێگەیشتنێکی دروست دەنگ بە ڕیفراندۆمی دیاری‌کردنی ڕێژیمی داهاتووی ئێران بدەن.

ئەگەر لە لوتکەی ٤٢ ساڵ حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامییەوە ئاور لە دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران بدەینەوە، ئەوەی بەرەورووی دەبینەوە قەیرانێکی ٤٢ ساڵەیە لە هەموو ڕووەکانەوە. کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات بە ڕادەیەک گەورە بۆتەوە کە خەڵک تەنانەت لە بابەتێکی تەندروستی وەک نەخۆشیی کرۆنا متمانە بە دەوڵەت ناکەن. هۆگریی گەلانی ئێران بەو وڵاتانەی کە کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی خۆی دەزانێ، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرز دەبێتەوە، یاریی ڕیفۆرمخواز-پاوانخوازی ڕێژیم بە ڕادەیەک حەیای تکاوە کە تەنانەت بەرپرسێکی پێشووی دەوڵەتی خاتەمی ڕادەگەیەنێ کە هێنانە مەیدانی خاتەمی پڕۆژەی خامەنەیی بووە بۆ ڕزگارکردنی ڕێژیم لە هەڕەشەی دەرەکی و ڕزگارکردنی سیستمی سیاسی لە دارمان. دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێزی خۆیەوە نەیتوانیوە دەنگی ناڕەزایەتیی جەماوەری کپ بکا، ناڕەزایەتی دەربڕینە سەراسەرییەکانی ٩٦ و ٩٨ سەرەڕای سەرکوتی بێ ڕەحمانە، ڕێژیمی تا لێواری دارمان برد.



# کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی باس و هەڵسەنگاندنی چەند پرسێکی سیاسی و تەشکیلاتی کۆبۆوە.

ڕۆژی پێنج‌شەممە، ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی، حەوتەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ی حیزب بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی، جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزب دەستی پێ کرد و پاشان بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، باسێکی سیاسیی لەسەر کۆمەڵێک پێشهات و پرسی سیاسیی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان پێشکەش کرد.

باسەکەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران و بەردەوامیی سیاسەتی سەرکوتی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران لەلایەن ڕێژیمەوە بوو. کاک خالید عەزیزی لەو پێوەندییەدا ڕەشبگیرەکەی ئەم دواییانەی کوردستانی بە نموونە هێنایەوە و تیشکی خستە سەر ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە ئێستادا قورسایی قەیرانە جۆراوجۆرەکان تەنگیان پێ هەڵچنیوە، لە شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان ترسی ڕێ نیشتووە و دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە پێش بە سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بگرێ.

کۆمیتەی ناوەندی دواتر لە باس و هەڵسەنگاندنی خۆی‌دا پێی لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر ئەگەر و پێشهاتێک داگرت و جارێکی دیکەش پێداگریی کرد کە یەکڕیزیی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بە جەماوەری‌کردنی زیاتری خەبات لە نێوخۆی وڵات لە زەرەروورتەکانی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و چۆنیەتیی بەرەپێشچوونی ڕەوتی وتوێژ و دانیشتنی هەیئەتەکانی دوولایەن و، هەروەها چەند پرسێکی ئەمنیەتی و دەروون‌تەشکیلاتی، تەوەرەکانی دیکەی حەوتەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. لەو بەشەشدا بەشدارانی کۆبوونەوە دوای هەڵسەنگاندن و تاوتوێی بابەتەکان؛ بڕیاری پێویستیان لەسەر درا و دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ جێبەجێ‌کردنیان ئەرکدار کرا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٩**

# وێبیناری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی حیزب لە دەرەوەی وڵات



کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە ٢٥ی ڕێبەندان لە وێبینارێک‌دا لەگەڵ بەرپرسانی دەرەوەی وڵاتی حیزب کۆبۆوە. لەو وێبینارەدا بەرپرسان و ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی وڵاتانی ئوسترالیا، کانادا، ئەمریکا و ناوەندی ئورووپا و سکاندیناوی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ لە دەرەوەی وڵات بەشدار بوون.

لەو وێبینارەدا سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر ئاوڕێکی لە بارودۆخی ئێستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە و ئاماژەی بە کێشەی نێو باڵەکانی دەسەڵات لە نیزامی کۆماری ئیسلامی و قەیرانی ئابووری و کێشەی خەڵک و دەسەڵات و ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێک بابەتی دیکە دا.

سکرتێری گشتیی حیزب لە باسەکەی‌دا هەروەها پڕژایە سەر درێژەی ڕەشبگیرییەکان و دەسبەسەرکردنەکانی ئەم دواییانەی چالاکانی مەدەنیی کورد لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە وێڕای لێکدانەوە و هۆکارەکانی گوتی: لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم ڕووداوانە بۆ ئێمە تازە نین، بەڵام گیرانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە بێ مەبەست نییە و کۆمەڵێک پەیامێکی لە پشتە.

بەشێکی دیکەی ئەم وێبینارە باس و تاوتوێی چەند پرسێکی تەشکیلاتیی حیزب بوو.

# سەردانی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران-کۆمەڵە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی ڕیبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی هەیئەتێکی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران-کۆمەڵە بە سەرپەرستیی کاک سەید ئیبراهیم عەلیزادە، دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و بە بەشداریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتی و سیاسەتمەداری حیزبەکەمان پێشوازییان لێکرا.

لەو سەردانەدا بەڕێز سەید ئیبراهیم عەلیزادە لەسەر پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی کوردستان و ئێران و دۆخی هەستیاری ناوچەکە باسێکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان بە سەرنجدان بە دۆخی خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران باسی لەوە کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەک بە قەول و بەڵێنی ناڕاست خەڵک لە چاوەڕوانیدا ڕادەگری، بەڵام مافەکانی خەڵکی ئێران و ژیان و بەڕێچوونی ئەوانی هیچ بەلاوە گرینگ نییە. لەلایەکی دیکەوەش سپای پاسداران و ناوەندەکانی دیکەی سەرکوت لە ڕێژیمدا بە توندی بەرهەڵستی هەرچەشنە ناڕەزایەتییەکی خەڵک دەبنەوە.

لەپێوەندیی لەگەڵ هاتنە سەرکاری جۆ بایدێن، سەرۆککۆماری نوێ لە کۆشکی سپی و، ناکۆکییەکانی نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڕێز سەید برایم عەلیزادە پێیوابوو کە ناکۆکییەکانی دوو لایەن وا بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن، هاوکات گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامییش ئاوا بە ئاسانی هەڵناوەشێنەوە و حکوومەتی تازەی ئەمریکاش جاری هەر درێژە بە سیاسەتی پێشوویان لەهەمبەر ئێراندا دەدا.

دواتر بەڕێز خالید عەزیزی وێڕای باسێکی گشتی لەسەر دۆخی ناوچەکە، بۆ درێژەدان بە خەباتی کارا لە دژی کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم ڕێژیمە ئاماژەی بە چەند فاکتەرێکی وەک ناڕەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لە نێوخۆی وڵات، ناکۆکییەکانی نێو لایەنەکانی دەسەڵات و ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و وڵاتانی ئوروووپایی و وڵاتانی ناوچەکە کرد. بەڕێزیان تیشکی خستە سەر ئەوە کە سیاسەتی دەوڵەتان و سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانێکی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێ و لە حاست چاوەڕوانیی ڕێژیم و دڵخوازی ئەوان نابێ و جاری گەمارۆکان و ئەو سیاسەتەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەروا درێژەیان دەبێ.



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات باسی لەوە کرد کە حیزبی دێموکرات لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتانی بیانیدا هەوڵی داوە ئەو قەناعەتەیان لەلا دروست بکا کە کێشەی ئێران و دنیای دەرەوە تەنیا بە پرسی بەرجام کورت نابێتەوە. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و بۆ داهاتووی ئێرانێکی سەقامگیر و دێموکرات و بۆ وەڵامدانەوە بە ماف و داخوازییەکانی گەلانی ئێران فیدرالیزم باشترین بژاردە و چارەسەرە.

کاک خالید لە درێژەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر ڕەشبگیرییەکەی ئەمدواییانە لە کوردستان و ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ترس و نیگەرانیی ڕێژیم لە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان. هاوکات گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێداگریی خەڵکی کوردستانی لەسەر وەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان بە خاڵی بەهێزی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوبرد.

لە درێژەی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی پێوەندیدار بە خەباتی گەلی کورد لە ئێران و دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد هاتنە گۆڕێ. دوو لایەن لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی هاودەنگ و یەکگرتوو وەک یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران هۆکاری سەرەکیی مانەوەی هەتا ئێستای ڕێژیم لە دەسەڵاتدا بووە. دوو لایەن هاوکات لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە پێویستە پێوەندیی نێوان هێز و لایەنە کوردییەکان بەهێزتر بکری و پرسی هاوکاری و هاوخەباتیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و خەباتی جەماوەریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو پێشتر بچێت.


# کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی داڕماو و بێداهاتوو



ڕەزا محەممەدئەمینی

ئەمساڵ ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی نیزامی پاشایەتی لە ٢٢ی ڕێبەندان و بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی حکوومەتی تایبەت بەو ڕۆژە ئەگەرچی لەژێر کاریگەریی پەتای کۆرۆنا، جیاواز لە ساڵەکانی پێشوو بەڕێوە چوو، دوو دیاردەی دیکەش تێیدا دەرکەوتن کە سەرنجڕاکێش بوون. یەکەمیان بریتی بوو لە نەهێنانی ناوی خومەینی وەک دامەزرێنەری نیزامیی کۆماری ئیسلامی لە بەیاننامەی حکوومەت بەو بۆنەیە و دووهەم دانی دروشمی مەرگ بۆ ڕووحانی لە ئیسفەهان و چەند شاری دیکەی ئێران، وێڕای دروشمەکانی مەرگ بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەن ماتۆرسواران و هێزەکانی بەسیج.

نەهێنانی ناوی خومەینی لە بەیاننامەی حکوومەت بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان کە وشە بە وشە و پیت بە پیتی بە تێبینی و هەستیارییەوە دەنووسرێ، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە خامنەیی بەتەمایە وەک چۆن لەدوای مەرگی خومەینی بەرەبەرە جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و دژبەرانی خۆی تەریک خستەوە و تەنانەت کوشتنی؛ وەک چۆن ئیستالین لە سۆڤیەتی پێشوودا پاش مردنی "وێلادمیر ئیلیچ لێنین"ی دامەزرێنەری سۆڤییەت بە هەموو شێوەیەک خۆی لەسێبەری ناوبراو دەردەهاویشت، خامنەییش تووشی هەمان مەزنخوازی بووە و نایهەوی لەژێر سێبەری خومەینیدا بێ و بەردەوام هەوڵی سڕینەوەی ناو و جێگە و پێگەی ئەو دەدا. لەخۆڕا نییە لە زۆربەی وتارەکانیدا، بەتایبەت پاش سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨ و تەریکخستنەوەی ڕەفسەنجانی، خامنەیی زۆر بەدەگمەن باسی ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی کردووە و زۆرتر هەوڵی داوە خۆی وەک ڕێبەری بێڕکەبەری نیزام پێشان بدا. سەیر ئەوەیە لە بەیاننامەی حکوومەتدا باسی قاسم سولەیمانی و تەنانەت ئەبومەهدی موهەندیس کراوە، بەڵام بۆ جارێکیش ناوی خومەینی وەک دامەزرێنەری ئەم ڕێژیمە نەهاتووە!



گوتنەوەی دروشمی مەرگ بۆ ڕووحانی لە لایەن بەسیج و دەستە و تاقمەکانی سەر بە باڵی خامنەیی و سپای پاسدارانیش لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیدا، دیاردەیەکی تازەیە نییە. جگە لە ڕەجایی کە زوو کوژرا و خامنەیی کە پاش مەرگی خومەینی کرا بە ڕێبەری نیزام، هەموو سەرۆککۆمارەکانی ئەو نیزامە وەک بەنیسەدر، ڕەفسەنجانی، خاتەمی و ئەحمەدینەژاد دروشمیان لە دژ دراوە. ئەوان دوای مەئموورییەتەکەیان -هەڵبەت بەنیسەدر بە ناچاری لە ئێران هەڵات_ بە پلان لە بازنەی دەسەڵات دوور خراونەتەوە و وەک مۆرەی سووتاو چاو لێ کراون. بەوحاڵەش حەسەنی ڕووحانی و کاربەدەستانی دەوڵەت لە توێی بەیاننامەیەکدا ناڕەزایەتیی خۆیان لەو ڕووداوە دەربڕی و ڕایانگەیاند کە "سەبریش ڕادەیەکی هەیە". دیارە نەک هەر سەبری ڕووحانی بگرە سەبری هەموو بەناو ئیسلاحتەڵەبەکان بە خاتەمیشەوە لە بەرانبەر خامنەیی و باڵی دەسڕۆیشتووی دەسەڵاتدا لەڕادەبەدەر بووە و هەمیشە پاشەکشەیان بۆ کردوون.

بێگومان بێهۆ نییە باڵی دەسڕۆیشتووی دەسەڵات لە مانگەکانی کۆتایی سەرۆککۆماریی ڕووحانیدا بەنیازن هەموو قەیران و نەهامەتییەکانی وڵات کە بەرهەمی سیاسەتە گشتییەکانی ئەو نیزامە سەرەڕۆیەیە بخەنە سەر شانی دەوڵەتی ڕووحانی و خۆیان لە بەرپرسیاریەتیی ئەو دۆخە دژوارەی کە ئێران تێیکەوتووە و گەلانی چەوساوەی ئێران باجەکەی دەدەن، بدزنەوە. دەوڵەتی فەرمی لە کۆماری ئیسلامیدا هەتا هاتووە زیاتر بێدەسەڵات کراوە و دەکرێ بڵێین دەوڵەتێکی ڕواڵەتی بووە و؛ دەسەڵاتی سەرەکی و بڕیاری کۆتا لە هەموو بوارەکاندا نەتەنیا لە ئاستی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بگرە زۆر نزمتریش هەمیشە لە پاوانی ڕێبەری نیزامدا بووە. جگە لەوەش دەوڵەتێکی زۆر بەهێزتر لە دەوڵەتی فەرمی، واتە دەوڵەتی سێبەر، پێکهاتوو لە مافیای سپای پاسداران و بنکە و بنیاتە زەبەلاحەکانی سەر بە خامنەیی کە دەستیان بە سەر بەشی زۆری ئابووریی وڵاتدا داگرتووە، لە ڕاستیدا دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە کۆماری ئیسلامیدایە. هەربۆیەش دەبینین لە بەرانبەر هەموو ئۆرگان و دامودەزگا دەوڵەتی و فەرمییەکان، دەوڵەتی سێبەر ئۆرگان و دامودەزگای هاوشێوە و تەریبی هەیە و وەڵامدەری هیچ یاسایەکیش نییە.

باڵی زاڵ بە سەر دەسەڵات نەیانشاردووەتەوە و هەر لە ئێستاشەوە بەتەمان یەکێک لە "سەردار"ەکانی سپای پاسداران و لە نیزیکان و هاوبیرانی خامنەیی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری بەربژێر بکەن و دەسەڵات بە تەواوی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. بەڵام پرسیار ئەوەیە بە گۆڕینی سەرۆککۆمار و بەناو هەڵبژاردنی مۆرەیەکی سپای پاسداران و وەلانانی یەکجارەگیی ئیسلاحتەڵەبان لە دەسەڵات، خامنەیی و باڵی زاڵ بەسەر دەسەڵات دەتوانن لە بەرانبەر ئەو قەیرانانەی خولقاندوویانە و ئێرانیان پێ کاول کردووە ڕێگە چارە و دەربازبوونێکیان هەبێ؟ بێگومان هیچ دەربازبوونێک بەدی ناکرێ و کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لەو گێژاوە ڕزگاری بێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕووحانی و ئیسلاحتەڵەبانی نێو دەسەڵات لە دوو لاوە لەژێر گوشار دان؛ لەلایەک خامنەیی و سپای پاسداران بەتەمان لە بازنەی دەسەڵات دووریان بخەنەوە و لەلایەکی دیکە چ جێگە و پێگەیان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا نەماوە و بە تەواوی دابڕاون. هەروەها خامنەیی و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی دڵنیان کە نیزامەکەیان پاش زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی ڕەش و جینایەتکارانەی خۆی بە تەواوی بێزراوە و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هیچ باوەر و متمانەیەکیان پێی نەماوە. خەڵکی ئێران باش دەزانن لە چوارچێوەی ئەو نیزامە گەندەڵەدا بارودۆخی ژیانیان ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێ و هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیان نابێ. هەربۆیەش ناڕەزایەتییەکان لە پەرەسەندندان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتووەتەوە.

ئەوەی تا ئێستا کۆماری ئیسلامیی لەسەرپێ ڕاگرتووە، سەرکوت و زەبروزەنگ، گرتن و کوشتنی نەیارانی بووە و؛ بەدڵنیاییەوە لە داهاتووشدا بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتداران هەر درێژە بەو ڕێگەیە دەدەن و هەرچەشنە ناڕەزایەتییەک بە زەبری گرتن و کوشتن وەڵام دەدەنەوە؛ بەڵام لە بەرامبەردا شەپۆلی ناڕەزایەتی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێرانیش ئەوەندە بە تەوژم دەبن کە سەرکوتکەرانی کۆماری ئیسلامی نەتوانن خۆی لەبەر ڕابگرن.

کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی سەرەتای دەیەی پێنجەمی دەسەڵاتەکەی لە هەموو بەرەکاندا لە پاشەکشەدایە؛ ئەو ڕێژیمە بوونی خۆی لە بوونی "دوژمنی دەرەکی"دا دەبینێ و لەسەر حیسابی چارەڕەشی گەلانی ئێران دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و بەگشتی دونیای دەرەوە دەکا؛ لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا دەبینین گوشارە لەڕادەبەرەکانی ئەمریکا هەر لەجێی خۆیانن و وێناچێ بەو زووانە دەروویەکی ڕوون بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بکرێتەوە. دۆناڵد ترامپ ڕۆیی، بەڵام جۆ بایدێنیش هەر لەو ماوەکورتەدا نیشانی داوە باش نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی دەناسێ و دەزانێ دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە بۆ پێکانی مەبەستەکانیان هەموو فرتوفێڵێک دەکەن، هەربۆیە مەرجەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ناوکی بەرجام قەبووڵ ناکا. ئەو ڕێژیمە هەر لەو ماوەیەدا دوو کردەوەی تێرۆریستیی لە فەرانسە و تورکییە لێ لەقاو درا و دوو بەناو دیپلۆمات -تێرۆریست-ی دەسبەسەر کران کە یەکیان لە وڵاتی بلژیک حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ برایەوە؛ لە وڵاتانی ناوچە کۆماری ئیسلامی توانای دابینکردنی تێچووی دەستەوتاقمە تێرۆریستییەکانی لێ بڕاوە و بەتایبەت پاش نەمانی قاسم سولەیمانی، کۆماری ئیسلامی لە سووریە و عێراق جێگە و پێگەی پێشووی نەماوە و بەردەوام لەلایەن ئیسرائیلەوە هێرش دەکرێتە سەر هێزی قووسی سپای پاسداران و میلشیا ئەفغان و پاکستانییەکان.

لە ئاستی نێوخۆییش کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی زۆر دژواردایە و لە ڕاستیدا ئەگەر پەتای کۆرۆنا دەفریای نەکەوتبا، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران سەرەڕای هەژاری و برسیەتی کە بڕستی لێ بڕیون، زۆر بەربڵاوتر لە ناڕەزایەتییەکانی ڕابردوو، دەهاتنە سەر شەقامەکان و چارەنووسیان یەکلا دەکردەوە. بەوحاڵەش خامنەیی و سپای پاسداران هەتا کەی پشتئەستوور دەبن بە سەرکوت و زەبروزەنگ؟ ئایا کۆماری ئیسلامی دەتوانی پاش کۆڕۆنا خۆ لەبەر تەوژمی ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران ڕابگرێ؟ لەو ماوەیەدا ئابووری ئێران بەتەواوی داڕماوە و زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی ئێران هەژار و برسی کراون و سفرەی خەڵکی هەتا دێ چووکتر دەبێتەوە؛ گەندەڵی هەتا بینەقاقای دەسەڵاتداران ڕۆیشتووە و ڕۆژ نییە یەکێک لە بەرپرسان یا خزم و کەسیان بە تاوانی دەستهەبوون لە تاڵان و گەندەڵی دەسبەسەر نەکرێن. برای ڕووحانی و برای ئیسحاقی جیهانگیری جێگری یەکەمی ڕووحانی لەو ماوەیەدا پەڕاوی گەندەڵی میلیاردییان بۆ کراوەتەوە؛ شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان، بەتایبەت لەو چەند ڕۆژەدا ناڕەزایەتی خانەنشینان و کرێکاران زۆر شاری گەورەی ئێرانی گرتووەتەوە.

ئەو دیاردانە نیشان دەدەن ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی قەیراندایە و دەسەڵاتدارەکان ناتوانن لەوە زیاتر بە بیانووی وەک گەمارۆکانی ئەمریکا و شەڕی ئابووری و ... درێژە بە سیاسەتەکانی خۆیان بدەن. شک لەوەدا نییە بەناو هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە جۆزەردانی ساڵی داهاتوو و دانانی مۆرەیەکی سپای پاسداران بۆ ئەو پۆستە، ناتوانێ کرانەوەیەک لە کۆماری ئیسلامیدا پێکبێنێ، چونکە قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکە ناڕەزایەتی پەنگخواردووی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران ئەوەندە زۆر و بەربڵاون کە کۆماری ئیسلامی بەو ڕێگە و سیاسەتانەی گرتوویەتە پێش، ناتوانی چارەسەریان بکا. چەند مانگی داهاتوو بۆ کۆماری ئیسلامی و ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان و بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران چارەنووسسازن و بۆ وڵاتانی ناوچە و ئەمریکاش زۆر گرینگن و دەکرێ بڵێن پاش زیاتر لە چوار دەیە نەهامەتی و کاولکاری و ژێردەستەیی ئێران لەلایەن ئاخوندەکانەوە، خۆری ئازادی و سەربەستی خەریکە دەردەکەوێ و تاریکی و تاریکپەرستان ڕادەماڵێ.

***

# شۆڕشی ٥٧ و پرسی ژن لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا


د. کوێستان گادانی

کاریگەریی کۆمەڵگە لەسەر سیاسەت بە یەکێک لە بنەما ئەسڵییەکانی کۆمەڵناسیی سیاسی دانـدرێ بە مەرجێک کە هـەر تـاک، گـرووپ و چین و توێژیک هـەل و مەیدانی بەشداریکردنیان لە سیاسەت و بەڕێوبەریدا بۆ هەموار کرابێ. ئەم ئەرکبەجێگەیاندن و ڕۆڵی خۆدیتنەوەیە لە کۆمەڵگەدا وەک پارامێترێکی هەڵسەنگاندن لەسەر تێکەڵاویی کۆمەڵگە و سیستمی بەڕێوبەری و حوکمڕانی کەڵکی لێ وەردەگیرێ و ڕادە و چۆنیەتیی تێکەڵاوی و کاریگەریی دوولایەنە دەبێتە هۆی جێکەوتنی سیستمێکی دێموکراتیک و پێشکەوتوو و سەردەمیانە لە بەڕێوبەریدا. بەشداریی ژنان و دیاربوونیان لە کۆمەڵگەدا چ وەک تاک و چ وەک نیوەی کۆمەڵ لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتووری و فەرهەنگی یەکێک لەو خاڵە گرینگانەیە کە مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تێپەڕاندووە و فۆکوسێکی زیاتری لەسەرە. بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی و بەشداریی ژنان لە ناوەندی سیاسی و بەڕێوبەریدا پرسی ژن دەبێ لە پەراوێزخستنڕا بێتە نێو ڕۆژەڤی کاری هەر دەوڵەت، ڕێکخراو و نەهادێک.

لەو سۆنگەیەوە و لە پەراوێزی ٤٢ ساڵ بەسەر تێپەڕینی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ئاورێکی کورت لە جێگە و پێگەی ژنان لە ئێران دەدەینەوە و دەپرسین ئایا شۆڕشی گەلانی ئێران دەسکەوتی بۆ ژنان هەبوو؟ ئایا ژنان جێگە و پێگەیان بە بەراورد بە زەمانی شا باشتر بووە؟ ڕۆڵی ژنان و چاوەڕوانییان لە ئەگەری ئاڵوگۆڕێکی دیکە لە وڵاتی ئێران دەبێ چ بێت؟

### ژنان پێش شۆڕشی گەلانی ئێران

ئەگەر دەسپێکی هاوبەشیی خەڵکی ئێران لە کایەی سیاسی بۆ شۆڕشی مەشروتەی ساڵی ١٢٨٥ بگەڕێنینەوە، هەر لەوکاتەوە ژنانی ئێران شوێنەواریان بە ئاڵوگۆڕەکان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریدا دیارە. ئەگەرچی ئەوکاتیش ژنان جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان پێ نەدرا و دوای پێنج ساڵ (١٢٩٠) کە قانوونی هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای میللی هاتە ئاراوە، ژنان لە مافی دەنگدان بێبەش کران. بەڵام ژنیان کۆڵیان نەدا و ئەمجارەیان لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەییدا درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان دا کە یەک لەو ڕێکخراوانە "کانون بانوان" بوو. کاتێکیش دوای شۆڕشی سپیی شا مافی دەنگدان درا بە ژنان، ژنانی نێو مەجلیس و بەرپرسی دی لە کاروباری بەڕێوەبەریی وڵاتدا پتر لەو ڕێکخراوە دەوڵەتییە دەستنیشان دەکران کە زیاتر ژنانی نیزیک لە دەربار و کاربەدەستان و دەستوپێوەندییەکانی شا بوون.

"تشکیلات زنان ایران" ڕێکخراوەیەکی دیکەی ژنان بوو کە لەژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا لە ڕێبەندانی ١٣٢١ دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە ساڵی ١٣٢٦ ناوی خۆی بۆ "تشکیلات دمکراتیک زنان ایران" گۆڕی و دوای ئیجازەپێنەدان بە چالاکی ساڵی ١٣٢٨ لەژێر ناوی "سازمان زنان ایران"دا درێژەی بە چالاکیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و یەکسانیخوازیی خۆی دا کە بە کودیتای ١٣٣٢ ئەم قۆناغە لە چالاکییەکانی ژنان کۆتایی پێدێ و ڕێکخراوەکانی ژنان کۆ دەکرێنەوە و کەسانی هەڵسووڕی ڕێکخراوەکانیش یان وڵات بەجێ دێڵن یان دەسبەسەر دەکرێن.

دە ساڵ دواتر (١٣٤٢) مافی دەنگدان درا بە ژنان و هێندێک ڕێکخراوەی دیکەی ژنان دامەزران و خەباتی یەکسانیخوازیی ژنان قۆناغێکی دیکەی بڕی.

ژنان کە پێش شۆڕشی ساڵی ٥٧دا و لە سۆنگەی "قانوونی پشتیوانیی خێزان"دا کۆمەڵێک مافیان دەستەبەر کردبوو، بەو هیوایە کە شۆڕش بواری لەبارتر بۆ ئازادیی ژنان و یەکسانی دەخوڵقێنێ، بە هەموو چین و توێژەکانەوە بەشداریی هەراویان لە شۆڕشدا کرد.

### ڕۆڵی ژنان لە شۆڕشی گەلانی ئێران

شۆڕشی ١٣٥٧ بە بەشداریی هەموو گەلانی ئێران و ڕەوتە سیاسییەکان (ئیسلامی، چەپ، بەرەی نەتەوەیی) سەرکەوت. بەڵام لەلایەک بەهۆی دەسڕۆیشتوویی ڕوحوڵلا خومەینی و جێکەوتنی دروشمی هەڵخەڵەتێنانەی لەنێو خەڵکدا و، لەلایەکی دیکەش بەهۆی ستراتیژیی هەڵەی هێزە چەپەکان لە پشتیوانیکردنی ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕەوتی شۆڕش بەلاڕێدا چوو. ئیسلامیستەکان جڵەوی دەسەڵاتی ڕەهای وڵاتیان گرتە دەست و هەموو هێزە دژبەرەکانیان لەبەردەم خۆیان ڕاماڵی. لەو نێوەدا زەبری سەرەکی بەر ژنان کەوت کە یەکەم توێژی کۆمەڵگە بوون کەوتنە بەر ڕقی دەسەڵاتی نوێ. ژنان ئەمجارە لە سۆنگەی دەسەڵاتی سیاسیی دژەژن و بەهۆی قانوونی پشتبەستوو بە شەریعەتی ئیسلام سیستماتیک کەوتنە پەراوێزە و نەک هەنگاوێک بەرەوپێش نەچوون، بەڵکوو ئەو ماف و جێگەوپێگەی لە ڕێژیمی پێشوودا بە خەبات و تێکۆشان و لە سۆنگەی سیاسەتی کرانەوەی ڕێژەیی ڕێژیمی پاشایەتیدا دەستەبەریان کردبوو؛ لەکیس یان چوو.



### دۆخی ژنان چوار دەیە دوای شۆڕش

ئەگەر دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامی بە سەر چوار دەیەدا دابەش بکەین، دەتوانین جێگەو پێگەی ژنان هەر بەپێی ئامارەکانی نێوخۆی وڵاتی ئێران، چ بە بەراورد دەگەڵ ڕێژیمی پێشوو و چ بە پێوانەی ئەمڕۆیی و ستانداردی جیهانی لە یەکێک لە لاوازترین پلەکانی ئەم ڕیزبەندییەدا دابنێین. دوو دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم کە قۆناغی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێڕاق و جێگیرکردن و بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە و حکوومەت بوو، ژنان لە هیچ بەرنامە و پلانێکی حکوومەتدا جێوشوێنیان دیار نەبوو.

ڕاستە لەو قۆناغەدا کە پتر قۆناغی پێناسەکردنی ژن وەک دایک و خوشک و کابانی ماڵێ لەلایەن دەسەڵات بوو، بەڵام ئەم سیاسەتە ژنانی لە مەیدان وەدەر نەنا. بەشداریی ژنان هەم بەپێی باکگراندی خەباتی پێشوویان و هەم بەشدارییان لە شۆڕشدا ئاستی چاوەڕوانیی ئەوانی بردبووە سەرێ و بە کردەوە هەم بۆ گرتنەوەی سەنگەرەکانی پێشوویان و هەم دەستەبەری دەسکەوتی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوامدا بوون.

لە دەیەی سێهەمدا کە بە هاتنەسەرکاری دەوڵەتی ڕیفۆرمیستەکان و کرانەوەی سیاسی و ئازادیی ڕێژەیی چالاکییە ڕێکخراوەیی و مەدەنییەکان دەناسرێ، ژنان پتر لە کایە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا هاتنە پێشێ. بەڵام ڕەوتی ڕیفۆرمخوازییش نەیتوانی بەشێکی کەم لەو وادە و بەڵێنەکانی خۆی کە بە ژنانی دابوو، وەدیی بێنێ.

بۆ نموونە بەشداریی ژنان لە کابینەی دەوڵەتدا بەردەوام یەک لەو وادە و بەڵێنەکانی بەربژێرانی سەرۆککۆماری بووە کە تا ئێستا جیا لە ئەحمەدینژاد کە توانی یەک لە ئەندامانی کابینەکەی ژن بێ، هیچ سەرکۆمارێکی دیکە نەیتوانیوە ئەو وادەیە جێبەجێ بکا.

لە دەیەی چوارەمی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا، چەندین فاکتەری دەرەکی و نێوخۆیی زیاتر کاریگەرییان لە سەر جێگە و پێگەی ژنان لە ئێران هەبووە.

تێکنۆلۆژیا، ڕێژەی چوونەسەرێی خوێندەواری، چوونەسەرێی ستانداری ژیان، بەجیهانیبوون و پەیوەندیی بازرگانیی دەگەڵ ئەوەی لە وڵاتی ئێران چوارچێوەدارە و تەیفێکی تایبەت دەگرێتەوە، بەڵام بە گشتی کاریگەریی لەسەر گشتییەتی کۆمەڵگە هەبووە. جاری وایە ئامارەکانی نێوخۆی ئێران _بۆ نموونە ڕادەی خوێندنی بەرزی ژنان_ بە پێوانەی جیهانی چاو لێ ناکەن و بە قازانجی خۆیان دەگەڵ چل-پەنجا ساڵ پێش ئێستای لە ئێراندا بەراورد دەکەن، کە ئەوە هەڵەیە، چونکە ئەم شەپۆلە جەهانگیرە و تازە ئێران زۆر لە دواترە لە هەموو ئەم بوارانەی کە ئەوان شانازی پێوە دەکەن. هەبوونی خوێندکاری ژن دەگەڵ ئەوەی باش و دەسکەوتە، بەڵام نابێ تەنیا فۆکوس لە سەر ژمارەکە بێت، دەبێ باس لەوە بکرێ کە خوێندن تەواو بوو لە چ ئاستێکدا کار دەکا و چ ڕۆڵێک لە کۆمەڵگەدا دەگرێتە ئەستۆ و بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە چۆن کەڵک لە زانست و توانای ئەم ژنانە وەردەگیرێ. هەبوون و دیاربوونی ژن تەنیا لە چوونە زانکۆدا کورت نابێتەوە، پرسی ژن یەکێک لە پرسە هەرە گرینگ و ڕیشەدارەکانی کولتووری-کۆمەڵایەتیی ئێرانە، تازە ئەگەر بەشی دەسەڵاتی بڕیاردان و بەڕێوەبەرییش باس نەکەین، ئەم کێشەیە ئەوەندە قووڵ بۆتەوە کە تەنیا بە کێشەی ژنان دانەندرێ و ببێتە پرسێکی جیددیی هەموو کۆمەڵگە.

لە ئێستادا خواست و داوای ژنان پێچەوانەی سیاسەت و باوەڕەکانی دەسەڵاتە. بۆ نموونە لە کاتێکدا کە پرسی حیجاب بۆ ڕێژیم حەیسییەتییە و دەیان دامودەزگای بۆ تەبلیغ و برەودان بەو کولتوورە بە بودجەی دەیان میلیاردی دامەزراندووە، بەڵام زۆرینەی ڕەهای ژنان دژی حیجابی زۆرەملێن. یان هەر ئێستا دەبینین کە لە ڕەشبگیرییەکەی ئەم دواییانەی کوردستاندا کە زیاتر لە 100 کەس لە چالاکانی مەدەنی دەسبەسەر کراون، ژمارەیەکی بەرچاو لەوان ژنن؛ ئەوەش نیشانەی نەسرەوتن و کۆڵنەدانی ژنان لە ئێران و کوردستان سەرەڕای هەموو سەرکوتێکی کۆماری ئیسلامییە.

شۆڕشی ساڵی ٥٧ پرسی ژنان و مافەکانی ئەوانی وەپاش دا، بەڵام کۆمەڵگەی زیندووی ئێران خۆی بۆ بەرنامە و سیاسەت و باوەڕە ئیدۆلۆژیکەکانی کۆماری ئیسلامی بەدەستەوە نەداوە. لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا شەڕی نێوان دوو بەرە، بەرەی ژنانی ئاشتیویست و ئازادیخواز، ژنانی بیریار، مافویست و خەباتکار لەپێناو ئازادی لەگەڵ خوازیارانی توندوتیژی و سەرکوتگەرانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران بەتایبەت ژنان درێژەی هەبووە.

چل ساڵە ژنان لە ئێران لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دوور دەخرێنەوە، بەڵام لە هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێستای کۆمەڵگەدا ئەگەر ژنان پێشەنگیش نەبن، بەشداریی کارا و کارامەیان هەیە. بۆیە چ لە ئاڵوگۆڕ لەنێو ڕێژیمی ئێستا و چ لە ئەگەری هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی دیکە لە وڵاتدا، نە ئێران ئێرانەکەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییە و نە ژنانی ئێستای ئێران لە پەراوێزهاویشتنێکی دیکەی مێژوویی -هەر لە دەورانی مەشرووتەوە تا شۆڕشی گەلانی ئێران- قبوول دەکەن.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەبۆنەی کۆچی دوایی د. ڕۆژ نووری شاوەیس



**بەڕێز مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان**

**سڵاو و ڕێز!**

کۆچی دوایی خەباتکار دوکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان خەمباری کردین.

دوکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس تەمەنێک لە خزمەت دۆزی ڕەوای گەلی کورددا بوو. ڕەوانشاد چ وەک ئەندامی ڕێبەریی پارتی دێموکراتی کوردستان و چ لە پۆستی سەرۆکی پارلەمانی کوردستان، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و ئەندامی شاندی دانوستانکار لەگەڵ حکوومەتی عێراق خزمەتێکی زۆری بە کورد و کوردستان و چارەسەری کێشەی کورد . بەڕێزیان لەو ڕیگەیەدا بێ ماندوو بوون لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو و تا کۆتایی ژیانی لە خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی درێغی نەکرد.

بەم بۆنەیەوە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکرات و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**١٥ی فێورییەی ٢٠٢١ی زایینی**

## سەردانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی ڕێبەندان هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا، سکرتێری گشتیی حیزبی زەحمەتکێشان سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا بەڵێن عەبدوڵڵا وێڕای بەرز نرخاندنی مێژووی پێوەندییەکانی هەردوو حیزب و وێڕای هەڵسەنگاندنی پرسە سیاسییەکانی ناوچە و هەرێم و، دەستنیشانکردنی مەترسییەکانی سەر ڕێگای بزوتنەوەی کوردستان و هەرێمی کوردستان، خوازیاری ئەوە بوو کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی بۆ ڕێکخستن و تەبایی نێو ماڵی کوردیی ڕۆڵ و بەرپرسایەتیی نەتەوەیی خۆیان چڕوپڕتر بکەنەوە و بە هەماهەنگی زۆرتر کاریگەریی خۆیان بە دیپلۆماسی لە ئاستی سیاسی و نەتەوەییدا زیاتر بکەن.

لەو دیدارەدا کاک خالید عەزیزی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەردەوامی هەم لە هەڵوێست و ڕوانیندا و هەمیش بە کردەوە لەپێناوی یەکڕێزی سیاسیی لەنێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا تێکۆشاون و لەو پێوەندییەدا چالاکتر دەبێ.

شەپۆلی دەسبەسەرکردن و ڕەشبگیرییەکانی چالاکانی مەدەنیی لەم دواییانەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مژارێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە بوو.

***

# بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی دێموکراتیک و ڕێژیمێکی سەرەڕۆی دژیگەلی



سمایل شەرەفی

دوای زیاتر لە چوار دەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ یەکتریدا، حەق وایە بەراوەردێکی جێگە و پێگەیان لە بەستێنی جەماوەریدا بکەین. ئەگەرچی ئەم دوو لایەنە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی قەبارەی پێکهاتەیی، زەرفییەتە سیاسی، ئابووری، میدیایی، سەربازی، ئینسانی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بە زەحمەت بە بەری یەکتر دەگیرێن. بەڵام دیسانیش مادام قسە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو تێڕوانین و دوو ماهییەت، دوو جیهانبینی و دوو هەڵوێستی سیاسیی پێوەندیدارە، دەکرێ لە ڕوانگەی هەڵسەنگاندن و پێکگرتنیان لە ڕووی جەماوەرییەوە باسێک لە ڕەوایی و ناڕەواییان بکرێ.

بزووتنەوەی کورد لە ئێران لە چوارچێوەی مافە نەتەوەییەکانی خۆیدا – کە لە هەموو پەسەندکراوە نێونەتەوەییەکان و یەک لەوان جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ڕەوا ناسراوە– وەک میللەتێک لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا هەوڵی دەستەبەرکردنی داون. لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا، ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد بە ڕوانینی دێموکراتیک و ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانەوە ڕوو بە نیزامی سیاسیی نوێ لە تاران، ویست و داخوازە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانی هێنایەوە بەر باس. هەرچەند ڕێبەرانی کورد زۆر زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، هەستیان بە ماهییەت و شێوە ڕوانین و جۆری هەڵوێستگرتنی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی کرد، بەڵام دیسانیش لە سەر ئەساسی باوەڕمەندبوونیان بە نێوەڕۆکی ئاشتیخوازانەی خەباتەکەیان و ڕەوایی ویستەکانی خەڵک هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو کە خۆ لە تێوەگلان لە شەڕ و توندوتیژی بپارێزن. لەم پێناوەدا هەوڵی زۆر درا، بەڵام لە کۆتاییدا ئەقڵییەتی تەواویەتخوازی، حاشاکردن لە ڕەوابوونی داواکانی خەڵکی کوردستان، بە نێعمەتزانینی شەڕ و بە کافر زانینی خەڵکی کوردستان، شەڕی بە سەر بزووتنەوەی کورددا سەپاند.

ئەم شەڕە لە تەواویەتی خۆیدا و لە هەموو بەستێنە سەخت و نەرمەکاندا بۆ سەر کورد و کوردستان پەرەی پێ درا. تاڵان و وێرانکردنی کوردستان لە لایەن هێزە شەڕخواز و تاڵانچییەکانی ڕێژیمەوە سەرخان و ژێرخانی کوردستانی گرتەوە. سووتاندن و وێرانکردنی ئاوایییەکان و ڕەچاوکردنی سیاسەتی پاشکەوتووکردنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و بەتاڵان بردنی ژێرخانی ئابووری لە لایەک و، هێرش بۆ سەر حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، تێرۆری ڕێبەرانی کورد و هەزاران کەس لە کادر و پێشمەرگەکان، بەشێک بوون لەو شەڕە سەختەی دژ بە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان کرا.

شەڕی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە خەڵکی کوردستان لە تەواوی بەستێنەکاندا تا ئێستایشی لە گەڵ بێت هەر وا درێژەی هەیە؛ ئەگەر لە لایەک بە هێرشی مووشەکی بنکە و بارەگای حیزبەکان دەکاتە ئامانج و ماشێنی تێرۆری بۆ لەنێوبردنی کادر و پێشمەرگەی حیزبەکان هەروا لە گەڕدایە، لە لایەکی دیکەوە بە گوشار خستنە سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات و گرتن و زیندانی بە سەدان کەسیان، ئەم شەڕەی دژ بە خەڵکی کوردستان هەروا درێژەی هەیە.

ئامانجی ئەم ڕێژیمە لە تەواوی ئەم زیاتر لە چل ساڵەی تەمەنیدا دژ بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی، لاوازکردن، لە پەراوێزخستن، کپکردن، بەدناوکردن و بە گشتی لانیکەم تەسلیمکردن و لانی زۆری لەنێوبردن بووە و لەم پێناوەدا ئەوەی لە دەستی هاتووە کردوویەتی. لە بەرانبەردا لە پێناو مانەوەی خۆیدا وڵاتێکی گەورە و گران و دەوڵەمەندی وەک ئێران و خەڵکەکەی تووشی دەیان قەیرانی جۆراوجۆری هۆڤییەتی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی کردوە. لە پێناو مانەوەی خۆیدا جیا لە تەرخانکردنی بەشێکی زۆر لە سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە بۆ تاقم و گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچەکە، لە ئاکامی مۆرکردنی چەند پەیماننامە و ڕێکەوتنێکدا لە گەڵ دەوڵەتانی دیکە، بەشێکی دیکەی سەروەت و سامانی ئەم وڵات و خەڵکەی بۆ دەیان ساڵی داهاتوو هەرزانفرۆش کردووە.

با بێینە سەر باسی هەڵسەنگاندنی پێگەی جەماوەریی بزووتنەوەی کوردستان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر ئاستی نێوخۆی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا:



### لە سەر ئاستی نێوخۆی وڵات

لە کەس شاراوە نییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و سەرەڕۆیە و لە لای خەڵکی ئەم وڵاتە بێزراوە و هیچ ڕەوایییەکی خەڵکی و جەماوەریی لە پشت نییە. ڕاستە کە زۆرترین پرسی بە ناو هەڵبژاردن لەو وڵاتە بەڕێوە دەچێ و لەوانەیە لە هێندێک قۆناغ و دەورەی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکاندا ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە دەنگدان و چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدانیش بەرچاو بووبێ، بەڵام ئەم ڕەفتارەی خەڵکی ئێران بە هیچ شێوازێک بە مانای ڕەوایی‌دان بەم نیزامە نەبووە. بەڵکوو دەکرێ لە خانەی گەیاندنی پەیامێکی ئامانجداری گشتی و جەماوەریی خەڵکدا لێک بدرێتەوە کە لە گشتییەتی خۆیدا [نا] گوتن بە ڕێژیم لە تەواویەتی خۆیدا بووە.

بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی سەرانسەری ئێران و گەلانی ئەم وڵاتە کە هەر جارە و بە شێوازێک و لە دەرفەتگەلی گونجاودا خۆی دەردەخا، لە ئێستادا هیوای بە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی ئیسلاحی لەم نیزامەدا نەماوە و بە پانەوە بیر لە تێپەڕین لەم سیستەمە دەکاتەوە. بەردەوامیی سەرکوتی سیستەماتیکی دەزگا ئەمنیەتییەکانی ئەم ڕێژیمە و چوونەسەری ڕادەی گرتن و زیندانیکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و داسەپاندنی حوکمی قورس بەسەریاندا، سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن.

ڕێبەران و کاربەدەستانی ئەم نیزامە هەر لە ڕێبەرەوە بگرە تا بەرپرسانی دەزگا جۆراوجۆرە دەوڵەتی و حکومەتییەکان، لە نزمترین ئاستی پێگەی جەماوەریدان و لە هەر دەرفەت و مەجالێکدا کە بۆ خەڵک دەڕەخسێ، ناو و وێنەیان ڕوو بە ڕووی مەرگ و نەمان و سووتاندن دەبێتەوە و وەک سەرەکیترین هۆکارەکانی نەهامەتی و بێهیوایی و مافپێشێلکراوی و هەژاریی خەڵک و وڵات سەیر دەکرێن.

لە بەرانبەردا بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو دوژمنکاری و لێدانانەی بە مەبەستی لەنێوبردنی کراوە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە گەشە و پەرەسەندندایە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زیاتر لە هەمیشە ئاستی شعووری سیاسی و نەتەوەییان بەرز بۆتەوە و خاوەنداریێتی لە شوناس و کەسایەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان دەکەن. بزووتنەوەی کورد زیاتر لە هەمیشە گشتگیر و لەسەر پێیە و بە پێچەوانەی هەموو هەوڵێکی ڕێژیم بۆ کپکردن و سەرکوتکردنی، زیاتر لە هەموو شوێنێکی دیکەی ئێران، ئەوە کوردستانە کە دوای زیاتر لە چوار دەیە بەرگەگرتن لە هەمبەر هەموو جۆرە هێرش و سەرکوتکارییەک، ڕێکخراوتر و بەهێزتر و بە بیر و باوەڕتر لە هەمیشە بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوت و سڕینەوەی سیستماتیک وەستاوەتەوە.

پێگەی جەماوەری و سیاسیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات نەک هەر بە تەنیا لە سەر قسە و بۆچوونی خۆمان، بەڵکوو بە دانانی دەسەڵاتدارانی خودی ئەو نیزامەی کە لەو زیاتر لە چوار دەیەدا هەموو هەوڵێکی لە پێناو لاوازکردن، لە پەراوێزخستن، بەدناوکردن و لەنێوبردنیدا، دڵخۆشکەرە. ئەوان کە دەیانزانی و دانیان پێدانەدەنا کە ناوەندی بڕیاری جووڵە و ڕەفتار و هەڵوێستی خەڵکی کوردستان کوێیە و بە پێشکەوتوترین مووشەکەکانیان کردیانە ئامانج، هەر دوای کەمتر لە حەوتوویەک بۆیان دەرکەوت و ناچار بە دانپێدانانی بوون کە حیزبەکان و لە سەرووی هەمووانەوەی حیزبی دێموکرات، خاوەنی چ پێگەیەکی بەرزی سیاسی و جەماوەرییە لەنێو خەڵکی کوردستاندا.

ڕێبەرانی کورد و بزووتنەوەی کوردستان کە هێندێکیان بە هۆی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەم ڕێژیمەوە تێرۆر کران و ئەوانی دیکەشیان بێبەش لە هێرشی ڕەنگاوڕەنگی دوژمنکارانەی ڕێژیم نەبوون، بە پێچەوانەی ڕێبەرانی ئەوان، لەنێو خەڵکی خۆیاندا بوونەتە بەشێک لە هێما و شوناسی سیاسی و نەتەوەیی و کەسایەتیی بەرزی میللەتەکەیان.

بۆ نموونە ئەگەر شەهید دوکتور قاسملوو بە نموونە بهێنینەوە کە لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە تێرۆر کرا، دەبینین کە پێگەی بەرز و ماناداری ئەم ڕێبەرە لەنێو میللەتەکەیدا ئەوەندە بەرز و جێکەوتووە کە تەنانەت دوای سی و دوو ساڵ لە شەهیدبوونیشی، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە زیندووبوونی بیر و ئەندێشەکانی لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی میللەتەکەیدا دەترسێ و بە ڕێگای جۆراوجۆری پڕوپاگاندای میدیاییەوە هەوڵی خەوشدارکردنی دەدا.

### لەسەر ئاستی ناوچەیی

هەرکات قسە لە بشێوی، شەڕ، تەقینەوە و کردەوەی تێرۆریستی، نائارامی و پێکدادانی سەربازی، ئاژاوەگێڕی و دەستێوەردانی ناڕەوا و پەککەوتنی ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دێتە ئاراوە، بەبێ هیچ گومان و دوودڵییەک ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرووی هەموو ناوەکانەوەیە. بۆیە ناو و ماهییەت و وجوودی ئەم ڕێژیمە لە تەواویەتیی خۆیدا جیا لە لای ئەو تاقم و گرووپە توندڕەوە تێرۆریستانەی کە بە سەروەت و سامانی خەڵک و خاکی ئێران دەژین و لەسەر پێ ماون، لە لای خەڵکی تەواوی ئەم وڵاتانە بێزراو و هۆکاری نەهامەتییەکانیانن. خەڵکی وڵاتانی شەڕلێدراوی عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن، ئەفغانستان و... کە ئەم ڕێژیمە چوار دەیەیە خۆی بە پشتیوان و یارمەتیدەریان نیشان دەدا، بەشێکی بەرچاو لە نەهامەتی و ناسەقامگیریی هێمنایەتیی وڵاتەکەیان لە چاوی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەبینن و بە تایبەت لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا نەفرەت و بێزاریی خۆیان لەم نیزامە و کاربەدەستانیان دەربڕیوە.

لە بەرانبەردا پەیام و هەڵوێستەکانی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و جێگە و پێگەی ئەم میللەتە کە قوربانیی دەستی دیاردەی توندوتیژی و سیاسەتی سیستماتێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران و وڵاتانی هاوشێوەیەتی، لە نێو خەڵکی وڵاتانی ناوچەکەدا زیاتر لە هەمیشە بە ڕەوا دەبیندرێ و سەرنجی دەدرێتێ. ڕۆڵی ئەقڵیەتی سیاسیی بزووتنەوەی کورد کە لەسەر ئەساسی مافخوازی و ئاشتەوایی و ئاشتیخوازی و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادیی گەلان و ڕێزگرتن لە سەروەریی وڵاتان دامەزراوە و بیچمی گرتووە، لە نێو گەلانی ناوچەکەدا –هەرچەند بەشێک لە دەوڵەتەکانیان دژایەتیی دەکەن– بە ڕێزەوە سەیر دەکرێ و میللەتی کورد بە خەڵکانێکی پێشکەوتوو و ئاشتیخواز و ئازادیخواز دەبینن.

### لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی

کۆماری ئیسلامی ئێران لە نێو وڵاتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤدا لە ڕیزی پێشەوەی زۆرێک لە وڵاتانی نادێموکراتیک و دواکەوتوو دایە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای هەوڵدان بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، مەترسیدارترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمنیەت و ئاسایشی جیهانی. تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆرترین قوربانیی لێ کەوتۆتەوە. تەنیا وڵاتێک کە بەئاشکرا و بە پانەوە دەروەستنامە و بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان پێشێل دەکا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. لە پشتی زۆرێک لە پلانە تێرۆریستییەکانی بەڕێوەچوو لە دەوڵەتان دژ بە هێز و کەسایەتییە دژبەرەکانی ئەم ڕێژیمەوە، ڕێبەرانی هەرە سەرەوەی کۆماری ئیسلامی هەن. ئەمە بەشێک لەو سەرتیترانەن کە بە ڕوونی دەریدەخا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا خاوەنی چ جێگەوپێگەیەکی سووک و پڕ لە شوورەییە.

لە پێوەندی لەگەڵ جێگەوپێگەی ڕێبەران و کاربەدەستانی ئەم وڵاتە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی تەنیا هەر ئەوەندە بەسە کە؛ زۆرێک لە کاربەدەستانی ئێستا و پێشووی ئەم ڕێژیمە هەر لە کەسی یەکەم، عەلی خامنەییەوە بگرە تا زۆرێک لە وەزیران و پلەدارانی ئەم وڵاتە بە هۆی دەستتێدابوونیان لە چەندین کردەوەی تێرۆریستی و خراپکارانەدا –کە بڕیاری کۆتایی دادگا موعتەبەرەکانی وەک دادگای میکۆنووسی لەسەرە– بە هۆی بەدواداچوونی یاسایی، زاتی چوونەدەر لە وڵات و سەفەر بۆ وڵاتانی دیکەیان نیە. جیا لەمانە زۆربەی زۆری کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە دیسان هەر لە عەلی خامنەییەوە بگرە تا سەرۆکی مەجلیس و سەرۆکی دەزگای قەزایی و سەیان کەس لە کاربەدەستانی پلەبەرزی "کشوری و لشکری"، بە هۆی بەدناوی و کردەوەی خراپکارانەوە لە لایەن دەوڵەتان و ناوەندە پووڵییەکانی جیهانییەوە گەمارۆیان خراوەتە سەر.

لە بەرانبەردا سەرەڕای سیاسەتی ساتوسەودای قازانجپەرەستانەی زۆرێک لە وڵاتان لە گەڵ ئەم ڕێژیمە، میللەتی کورد و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازانەکەی لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا بە ئێعتبار و ئەرزشەوە لێی دەڕواندرێ. لە پرسی بەربەرەکانێ دژ بە دیاردەی نێودەوڵەتیی تێرۆریزمدا بزووتنەوەی سێکۆلاری کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە زیاتر لە چل ساڵە دژ بە بەهێزترین ڕێژیمی تێرۆریست و تێرۆریستپەروەری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران بەربەرەکانێ دەکا و لەم بارەوە وەک سەرەکیترین قوربانیی تێرۆر قورسترین تێچووی داوە، بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە چاوی لێ دەکرێ.

بۆیە لەم بەراوەردکارییە کورتەدا بەحەق دەبینین ئەوەی سەرەڕای هەموو ئیمکانات و سەروەت و سامان و هێزێک کە هەیبوو و هەیەتی بەڵام لە کۆتاییدا مایە پووچ دەرچوو، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەران و بە گشتی بەڕێوەبەرانین و ئەوەی تا ئێستا توانیویەتی خۆی و حەقانیەت و ماهییەتی وجوودیی خۆی بسەلمێنێ و پەرەی پێ بدا و داهاتووی ڕوون و بەدەسکەوت بێت، خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەیەتی.

# زەبروزەنگ و بێڕێزی وەک چەکێکی فاشیستەکان

## (خوێندنەوەیەک بۆ بێڕێزی و زەبروزەنگەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد)

مادح ئەحمەدی

پرسی بێڕێزیکردن بە نەتەوە و کەمایەتییە ئایینییە جۆراوجۆرەکان لە ئێران، هەتا دێ زیاتر دەبێتە مژاری قسە و ڕەخنە گرتن و زۆر جاریش ناڕەزایەتیی بەرینی لێ کەوتووەتەوە. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامیی و چەندپاتبوونەوەی ئەو بێڕێزییانە لە فۆرم و کاتی جیاوازدا. هەروەها ئەوەی کە بەشێوەیەکی سیستماتیک لەلایەن دەزگا فەرمییەکانی دەسەڵاتی سیاسییەوە برەو بە بێڕێزی ئەدرێ و کار بۆ بە دەزگامەند کردن و جێخستنی لە ئاستی کۆمەڵگەدا ئەکرێ، پڕ جێ سەرنجە و لایەنێکی گرنگی ئەم پرسەیە. لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگی ڕابردوودا، دوو جار لە کاناڵی ٢ی دەنگ و ڕەنگی فەرمیی کۆماری ئیسلامییەوە بێڕێزی بە کورد کرا. یەکەم جار لە بەفرانباری ئەمساڵدا بوو کە فڕۆکەوانێکیان هێنایە سەر شاشە و لە پێوەندیی لەگەڵ گرنگیی فڕۆکەی کوبرا لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا، زۆر بێشەرمانە گوتی: "دەیانگوت کوردەکان کیلۆیەک گۆشتی فڕۆکەوانی فڕۆکەی کوبرایان بە ٥٠٠ ملیۆن تمەن ئەکڕێ". بێڕێزی کردنی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە زمانی ئەم فڕۆکەوانەوە، هەر زوو ناڕەزایەتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی بوارە جیاجیاکانی لێ کەوتەوە و وەڵام درایەوە. هێشتا باسوخواسی بێڕێزی ئەو فڕۆکەوانە دانەمرکابووەوە کە بێڕێزی کردنی یەکێک لە پێشکەشکارەکانی هەمان کاناڵ بە کورد بڵاو کرایەوە. بەپێی ئەو گرتە ڤیدیۆیەی کە بڵاوبووەتەوە، بەڕێوەبەری پڕۆگرامەکە زۆر بێشەرمانە پرسیار لە میوانە کوردەکەی (کە بە جلوبەرگی کوردییەوە بەشداری بەرنامەکە بوو) دەکا کە "ئەو جلی شوانییە چییە لەبەرت کردوە؟" بۆ ئەمەشیان کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات زوو دژ کردەوەی نیشان دا و شەپۆلێکی بەرین لە دژی ئەم جۆرە ئاخاوتن و بێڕێزییانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەڕێ کەوت.

ئەم بێڕێزییانەی تەنیا بەرانبەر بە کورد نییە و نەتەوەکانی دیکە و کەمایەتییە ئایینییەکانیش بێبەش نەکراون. ٢٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی ڕۆژنامەی ئێران کە بە ئۆرگانی فەرمیی حکوومەت ناسراوە لە یەکێک لە پاشکۆ هەفتانەکانی خۆیدا بابەتێکی لەژێر سەردێڕی " چە کنیم کە سوسکها سوسکمان نکنند" لەگەڵ کاریکاتێرێک بڵاو کردەوە کە دەستبەجێ ناڕەزایەتیی بەرینی تورکەکانی لێکەوە. (ڕۆژنامەی ئێران، ١٣٨٥) هەروەها بە بکوژ لەقەڵەمدانی بەهائییەکان (مشرق نیوز، ١٣٩٥) و بێڕێزی کردن بە سمێڵی پەیڕەوانی ئایینی یارسان و دواتر بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرێکی بێشەرمانە لە ڕۆژنامەی "جام جم"، (کە سەر بە دەنگ و ڕەنگی فەرمیی کۆماری ئیسلامییە) ناڕەزایەتیی بەرینی پەیڕەوانی ئایینی یاری لێ کەوتەوە و لە دژی ئەو بێڕێزییانە، سێ کەس ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا. هەروەها چەند مانگ لەمەوبەر لە تریبوونی مەجلیسی کۆماری ئیسلامییەوە یەکێک لە نوێنەران! لە میانەی ڕەخنەگرتن لە سەرکۆمار، بێڕێزی بە تورکەکان کرد و گوتی کە ئەو ڕێگایەی سەرکۆمار گرتوویەتە بەر بەرەو "تورکستان"مان دەبا. ئەمانە چەند نموونەیەکی بچووکن لە شاڵاوی ئەو بێڕێزییانەی کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن دامودەزگا فەرمییەکانی حکوومەتەوە لە ئێران، بە نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینیەکان، کراون.

هاوکات، دروستکردنی نوکتە و گاڵتەکردن بە نەتەوە و کەمایەتییە ئایینەکان، بەکەم سەیرکردنی ئەوانی دی و وێنا کردنی نەتەوەی سەردەست، وەک نەتەوەیەکی زاڵ بەسەر ئەوانی دیکە، کۆمەڵێک هەوڵی سیستماتیک و ئاراستە کراون کە هەموویان لە ئەنجامدا بۆ یەک مەبەست تێ دەکۆشن.

لە ڕەهەندێکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی لە ڕووی سەرکوت و بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە دژی نەتەوەکانی دیکە، هیچ کات درێخی نەکردووە و دەستی دەزگا سەرکوتکەر و ئەمنیەتییەکان هەمیشە لەم ڕووەوە ئاوەڵا بووە و هیچ کات لە کوشتن، لەسێدارەدان، گرتن و ئەشکەنجە و پەلاماری چەکداری بۆ سەر نەتەوەکانی دیکە و کەمایەتییە ئاینییەکان دەستیان نەپاراستووە. لەم بارەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە، ئەکرێ نەورۆزی خوێناویی سنە لە ساڵی ١٣٥٨ و دواتر فتوا شوومەکەی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی هەمان ساڵدا بۆ هێرش بۆ سەر خەڵکی کوردستان وەک دەستپێکی هەڵگیرسانی شەڕێکی چەندین ساڵە بۆ لەنێوبردنی خەڵکی کوردستان دابنێین. لەم پێناوەدا کوشتوبڕی گوندەکانی قاڕنێ و قەڵاتان و دەیان ئاوایی دی، لە سێدارەدانی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد، تێرۆری ڕێبەرانی بزووتنەوەی میللی- دێموکراتی خەڵکی کوردستان و دەیان کردەوەی دڕندانەی دیکەی، تا دەگاتە موشکبارانی قەڵای دێموکرات و لە سێدارەدانی بەردەوامی لاوان و ڕەشبگیرییەکانی ڕۆژانی ڕابردوو، چەند نموونەیەکی دڕندەیی و بەکارهێنانی زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامییە لە دژی بزووتنەوەیەکی مافخوازانە و ڕەوا.




بەلەبەرچاو گرتنی ئەو نموونانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، ئەشێ بپرسین کە بنەما و ڕیشەی ئەم کردەوانە هەڵقوڵاوی چ جۆرە تێڕوانین و ئایدۆلۆژیایەکە؟ ئەوەی کە ڕوونە، ئەم تاوان و پەلامارانە لە هەر دوو فۆرمەکەدا (چ هێرشی نەرم و چ فیزیکی) لە لایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەستەوە بەشێوەی سیستماتیک ئەنجام دراون. واتە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست تەوەری پێکهاتن و جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە بووە. لە ئێران، دەسەڵاتی سیاسی و بژاردەی نەتەوەی سەردەست بەردەوام هەوڵیان ئەوە بووە کە ئێران وەک وڵاتی نەتەوەیەک بەناوی "نەتەوەی ئێران" و زمان فارسی وەک زمانی ئەو نەتەوەیە پێناسە بکرێ و بەسەر جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کۆمەڵگەدا بیسەپێنن. لە پێناو زاڵکردنی ئەم گوتارەدا، هەمیشە هەوڵ دراوە بوونی گەلانی دیکە، وەک نەتەوە ڕەت بکرێتەوە و زمانەکەیان وەک زاراوەیەکی زمانی فارسی ئەژمار بکرێ. لە ڕاستیدا، ئەگەر ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەک گەیشتە ئەوە ئاستە کە بۆ سەلماندنی بوونی خۆی، ئەوی دی ڕەت بکاتەوە، ئەوا دوو واتای هەیە. یەکەم: ئەمە بەو مانایە کە بناغەکانی ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوەیە لە ڕووی مێژوویی، کولتووری و هزرییەوە بۆشە و خاوەن ڕیشەیەکی مێژوویی و مەعریفی نییە. دووەم: ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، سنووری ناسیۆنالیزمی دەرباز کردووە و چووەتە خانەی فاشیزمەوە. واتە، بناغەی ئەم جۆرە لە نەتەوەسازی، فاشیزمە.

فاشیزم ئەگەرچی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و لەسەردەمی موسولینی (١٨٨٣ـ١٩٤٥) لە ئیتالیا سەری هەڵدا و گەیشتە دەسەڵات و دواتریش لە ماوەیەکی کورتدا لە ئەڵمانیای سەردەمی نازیستەکاندا بە سەرۆکایەتیی ئادۆلۆف هیتلێر (١٩٨٩ـ١٩٤٥) گەیشتە ترۆپکی دڕندەیی خۆی، ئێستاش وەک ئایدۆلۆژیا لە فۆرمی جیاوازدا لە هەندێ لە وڵاتان پەیڕەو دەکرێ. لە دەسەڵاتە فاشیستییەکاندا، لە جیاتی ڕێکاری ئاشتیخوازانە، زەبروزەنگ و ڕێکاریی سەربازی بۆ چارەسەر کردن و یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی کۆمەڵگە بەکار دەهێنرێ. دەسەڵات، بەرانبەر بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان خۆی بە بەرپرسیار نازانێ و پێشێلیان دەکا و لە ڕوانگەی ئەمنییەتی و هەڕەشەوە سەیری کێشە و قەیرانەکان دەکا. هەمیشە بۆ بەرگری لە مانەوەی خۆی، قەیران دەخولقێنێ و، بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و گرووپەکانی ژێر دەسەڵاتی، پەنا بۆ دروستکردنی هەڕەشەی هاوبەش دەبا. بە کورتی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، باڵادەستیی دەسەڵاتی سەربازی، کۆنترۆڵکردنی میدیا، داخراوی سیاسی و قەدەغەبوونی چالاکیی حیزبی و ڕێکخراوەیی، بەکارهێنانی ئایین بۆ ڕێکخستنی خەڵک، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، سەرکوتکردنی ناڕازییان و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی جیابیران، کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستمێکی فاشیستین. دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە ژێر کاریگەریی فاشیزم لە ئیتالیا و ئەڵمانیا، ئەم جۆرە بیر کردنەوەیە لە ئورووپا زیاتر تەشەنەی سەند و بووە هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم.

ئەگەر لە ڕوانگەی فاشیزمەوە سەیری دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بکەین ئەوا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کەمێک دواتریش. لە ئێران جۆرێک لە فاشیزم لە سەردەمی ڕەزاشادا لە چوارچێوەی گوتاری یەک وڵات – یەک نەتەوە پەرەی پێ درا. تەنانەت ڕەزا شا لە پێوەندیی لەگەڵ جلوبەرگدا، باسی لە یونیفۆرمی میللی کرد. هەروەها ئەوەش شاراوە نییە کە ڕەزا شا، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی نازیستەکانەوە و تەنیا وڵاتێکی ئورووپایی کە ئێران لەو کاتەدا نێوانی لەگەڵ باش بووە، ئەڵمانیا بووە. واتە بەم جۆرە گەرەکیان بووە تەواوی جۆراوجۆری و تایبەتمەندییەکانی ئەو چوارچێوە جوگرافیاییەی کە ناوی ئێرانی لەسەر دانراوە، بتوێننەوە و هەر لەو کاتەوە بە بەردەوامی لە پێناو زاڵکردن و برەودان بە تیۆریی یەک وڵات و یەک نەتەوەدا، هێرش کراوەتەوە سەر نەتەوەکانی دیکە و بێڕێزییان پێ کراوە و هەوڵ دراوە کە کولتوور و زمانی نەتەوەکانی دیکە بە کەم سەیر بکرێ و بەردەوام سەرکوت و زەبروزەنگیان لە دژ بەکارهێناون.

بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەم جۆرە لە فاشیزم لە ئێراندا، بەرگی ئایینیشی لەبەر کرا. ئەکرێ بێژین، دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، سیستمی دەسەڵاتداریێتیی لە ئێران، بوو بە سیستمێکی فاشیستی- ئایینی. لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، ئەم سیستمە سیاسییە لە ژێر چاودێری "بەیتی ڕەهبەری"دا بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ڕێوشوێنەکانی سیستمێکی فاشیستی، بۆ سڕینەوەی فرە نەتەوەیی و جۆراجۆرییە سیاسی، ئایینی و کولتوورییەکان کەڵکی ورگرتووە. کۆماری ئیسلامی دوای هاتنە سەرکاری هەر لە ساڵانی سەرەتادا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە، دوو باسکی گرنگی بۆ خۆی پێکهێنا. ئەو دوو باسکەش بریتین لە:

یەکەم، سپای پاسدارن و وەزارەتی ئیتڵاعات لەگەڵ دامودەزگای سەرکوت. ئەم هێزانە کە سوپای پاسدارن لەسەرووی هەموویانەوەیە، بۆ یەک ئامانجی هاوبەش کاریان کردووە و لە ڕووی فیزیکی و بەکارهێنانی سەرکوت و زەبروزەنگ و دروستکردنی کەشێکی ملیتاریستی کاریان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی ئەم سیستمە فاشیستی- ئایینییە کردوە.

دووەم، دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی کە لە چوارچێوەی دەیان کەناڵی جۆراوجۆردا بە شێوەی نەرم هێرش دەکەنە سەر جۆراوجۆرییەکانی نێوخۆی ئێران و کار بۆ تیۆریی شکستخواردووی یەک وڵات-یەک نەتەوە دەکەن.

پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، خومەینی هەر زوو چالاکیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی قەدەغە کرد و حیزبایەتی و ڕێکخراوی سیاسی وەک دیاردەیەکی ڕۆژاوایی و دوژمنی کۆمەڵگە لەقەڵەم دا. لە لایەکی دیکەوە شەڕی دژی خەڵکی کوردستان ڕایگەیاند و "سادق خاڵخالی" وەک قەسابێک بۆ لەسێدارەدانی لاوان و کوشت و بڕی جیابیران ڕەوانەی کوردستان کرد. لەهەمان کاتدا مەزەبی شیعەیان وەک ئایینی فەرمی ئێران ناساند و لەو چوارچێوەیەدا هەوڵی کۆنترۆڵی بیرکردنەوە و تواندنەوەی کەمایەتییە ئایینیەکانی دیکەیان خستە گەڕ. هەر لە ساڵانی سەرەتادا هەڵاواردنی ڕەگەزی و نەتەوەیی گەیشتە لوتکەی خۆی و ئازادیی میدیایی قەدەغە کرا و سەرجەم ڕاگەیاندنە گشتییەکانیان خستە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتەوە و لەوساوە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی وەک یەکێک لە دوژمنانی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ ناسراوە. دوای مردنی خومەینی، عەلی خامنەیی وەک میراتگری خومەینی، نەتەنیا هیچ پاشەکشەیەکی لەو حوکمڕانییە فاشیستی- ئایینییە نەکرد، بەڵکوو زۆر پلانمەندتر و تۆکمەتر بەرەوڕووی جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بووەوە لە هیچ پەلامارێک بۆ سەر نەتەوەکانی دیکە لە ڕێگای هێزە سەرکوتکەرەکان و دەنگ و ڕەنگی فەرمییەوە درێغی نەکردووە.

ئەوەی لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا بەرانبەر بە نەتەوەی کورد لە ئێران کراوە، درێژکراوەی سیاسەتی فاشیستی- ئایینی ڕێژیمە کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە فۆرم و کاتی جیاوازدا بەردەوام بووە. بێڕێزیکردن بە کورد لە دەنگ و ڕەنگی فەرمییەوە، ڕەشبگیری و دەستبەسەر کردنی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە چالاکانی کورد لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا، بڵاوکردنەوەی دۆکیۆمێنتاریی "لبەی دوم تیغ"، بانگ کردن و گوشارهێنان بۆ سەر گرووپی مۆسیقای ژنانی "گلاریس" لە کرماشان، ملیتاریزە کردنی زیاتری کوردستان و... دوایین نموونەکانی ئەم سیاسەتە فاشیستی-ئایینییەن.

لە ڕاستیدا، کۆماری ئیسلامی، هەر دوو باسکەکەی ئەم سیاسەتە فاشیستی- ئایینییەی لە دژی نەتەوەی کورد و سەرجەم نەتەوە و کەمایەتییە ئایینیەکانی دیکە، تاقی کردووەتەوە و بەردەوام بەکاریان دێنێ. کۆی ئەمانەش لە پێناو سەپاندنی بوونی نەتەوەی سەردەستە وەک "نەتەوەی سەرتر" بەسەر جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینیەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا و پاراستی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتەیە. ئەگەرچی ئەم سیاسەتە قوربانی زۆری لێ کەوتووەتەوە و کورد و نەتەوەکانی دیکە لە پێناو مانەوەیاندا نرخی زۆریان بۆ داوە، بەڵام تا ئێستا نەتەنیا سەر نەکەوتووە، بەڵکوو پڕ ئاشکرایە کە شکستی خواردووە. لە ئورووپا فاشیزم جەنگی جیهانیی دووەمی لێ کەوتەوە، بەڵام لە کۆتایی جەنگەکەدا فاشیزم شکستی هێنا و دەسەڵاتە فاشیستییەکان ڕوخان و پووکانەوە و سەردەمێکی نوێ لە دەسەڵاتداریێتی دێموکراتیک و دێموکراسی دەستی پێ کرد. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ئەگەرچی ماوەی زیاتر لە چوار دەیەیە ئاگری فاشیزم بەربووەتە گیانی نەتەوەکانی نێو جوگرافیای ئێران و لە ژێر دروشمی "صدور انقلاب"دا ئەم ئاگرە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینیشی تەنیوەتەوە و کۆماری ئیسلامی بووەتە سەرچاوەی شەڕ و ناسەقامگیری لە وڵاتانی ناوچەکە، بەڵام لە ئەنجام ئەم دەسەڵاتە فاشیستی- ئایینییەی سەردەم چارەنووسی باشتر لە شکستی دەسەڵاتە فاشیستییەکانی ئورووپای سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم نابێ.

### سەرچاوەکان:

– ئەحمەدی، عەلی. (١٣٩٦). ڕوانگەکانی خومەینی لەسەر حیزبەکان. وێب سایتی: بەرهەمەکانی ڕوح الله حومەینی.

– ئێران ئینترناشناڵ. (٢٠٢١). چالاکوانانی مەدەنی کورد: پێویستە ئەو بێڕێزی یانەی دەنگ و ڕەنگ ڕابگیردرێ.

– کوردستان و کورد. (٢٠٢١). زیاتر لە ١٠٠ کەس لە کوردستان لەلایەن هێزەچەکدارەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەرکراون. https://kurdis-tanukurd.com/?p=71381.

– ڕۆژنامەی ئێران. (١٣٨٥). "چە کنیم کە سوسکها سوسکمان نکنند". پاشکۆی "کودک و نوجوان".

– ڕۆژنامەی "جام جم". (١٣٩٢). کاریکاتێر. لاپەڕەی کۆتایی.

– "مشرق" ١٣٩٥. بهائیان قاتل در ایران چە کردند؟

– هەیود، ئەندروو. (٢٠٠٧). سەرەتایەک لەمەڕ ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان. پێداچوونەوەی چوارەم. نیویۆرک لەندەن. پاڵگرەیڤ مەکمیلان.

# زمانی دایک لە قەوارەی زێهنیی زماندا

د. جەلال حاجیزادە



دوکتۆر جەلال حاجیزادە ناسراو بە ڕامان، توێژەر، نووسەر و چالاکی مەدەنی و خاوەن بڕوانامەی دکتۆرای زانستە سیاسییەکان ڕۆژی ٢٣ی بەفرانباری ساڵی رابردوو لە شاری سەردەشت بە هۆی ڕاوەستانی دڵ گیانی لە دەست دا.
ڕامان حاجی زادە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکادمیکی لەسەر پرسی کورد کردووە و بە بەردەوامی وتارەکانی لە گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو بوونەتەوە. دوکتۆر حاجیزادە لە دواپین وتاری خۆیدا لە ژێر ناوی "دەستپێکێک لەسەر زەینی کوردی" بە شێوەیەکی ئاکادمیک و زانستی پرسی کورد و سۆسیۆلۆژی کوردی هەڵسەنگاندبوو و لێکدانەوەی بۆ کردبوو.
دوکتۆر جەلال چەند ڕۆژ پێش مردنی ناوەخت و گوماناوییدا، لەسەر قاسم سلێمانی نووسیبووی: « قاسم درێژەپێدەری عەقڵی ئێرانی بوو کە لە داریووش بەملاوە خۆی لە پەرەسەندنی نیزامیدا دەدیتەوە و قوربانی سەرەکیی ئەو سیاسەتەش کوردەکان بوون». هەروەها لە کۆتایی نووسینەکەیدا گوتبووی کە بە مردنی قاسم ئەو سیاسەتەش کۆتایی پێدێ.
ئەم وتارەی د. جەلال حاجیزادە کە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک نووسراوە، وەک ئەمەگ و وەفایەک بۆ خزمەتەکانی بە زمان و هزری سیاسی و نەتەوەیی کورد لە «کوردستان»دا بڵاو دەکرێتەوە.

زمان بە گشتی یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی لۆگۆسی مرۆڤە. مرۆڤ بە هۆی لۆگۆس، واتا زمان و ئەقڵ و ئەندێشە و بوون، لە بوونەوەری دیکە جیا دەبێتەوە. لۆگۆس و زمان لە زێهنی یوونانیدا گرینگیی زۆری پێ دراوە؛ هیراکلیتۆس پێیوایە مرۆڤ دەبێ گوێ لە لۆگۆس و ئەندێشە بگرێ. لە ڕاستیدا خاڵی جیاوازیی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە، لۆگۆس و زمان بووە. ئەفلاتوون مرۆڤی بێلۆگۆس و زمانی نەچەمکێندراو (غەیری مەفهوومی) بە بەربەر و نابازێری دەناسێ؛ بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی زمانی چەمکی و ئەندێشەیی نین، ناتوانن دیالۆگ بئافرێنن و لە یەکدی تێبگەن.

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا، ئەرەستوو مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی لۆگۆسی پێناسە دەکا کە تایبەتمەندییەکەی زمان و ئەقڵ و هزرگەرییە (زوون لۆگۆن). لە ڕوانکەی ئەرەستووەوە، مرۆڤی بێزمان و ئەندێشە هیچ پێگەیەکی لە شار و دەوڵەتدا نییە. مرۆڤ بە گشتی بوونەوەرێکی زمانمەندە و بە هۆی زمانەوە ئێگزیستانس و ژیانمەندیی خۆی ڕێک دەخا؛ بە واتایەکی دیکە مرۆڤ بە زمانەوە پێناسە دەکرێ و بوونی خۆی دەسەلمێنێ. لەو سۆنگەیەوە زمان واتابەخشییە بە بوون، واتا شێوەیەک لە ژیانە. سۆسۆر لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە زمان لە خۆیدا نیزامی نیشانەکان (واتا هۆ و هۆکرد) ە، کە پێوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ جیهانی مرۆڤ هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش زمان تایبەتمەندییەکی مێژووییشی هەیە کە بە زمانی مێژوویی دەناسرێ؛ ئەوە هەمان زمانی مێژوویی زگماکییە کە هەر گەل و کۆمەڵێک خاوەنی ئەو زمانە مێژووییەیە. ئەو زمانە دەکرێ بە وتەی هایدگێر هەمان ماڵبات و هەرێمیبوون بێ. ویتگنشتاین زمان و ئەندێشە پێکەوە گرێ دەدا و، زمان وەکوو ئاستەنگ و سنووری هزر و بیر دیاری دەکا. ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە کە مرۆڤ و ئەندێشە لە ئەفسوونی زمان دەرباز بکا. خزمایەتیی زمانی، وێکچوونی بنەماڵەیی و گەمە زمانییەکان لە جیهانی مێژووی مرۆڤ و گەلەکان لەو ڕەهەندەوە بەکەڵکە. هابێرماس مرۆڤ بە بوونەوەرێکی زمانمەند و پێوەندیگەرا (communicational) دەناسێ؛ چامسکی


باوەڕی وایە کە زمان، پێکهاتەیەکی ئەقڵییە و ڕیشەی لە زێهنی ئاوزگەرانەی مرۆڤدایە. بەپێی ئەو بۆچوونانە دەتوانین باس لە دوو ڕەهەندی جیاواز بکەینەوە لە مێژووی زمانەوانیدا کە دیارە لەگەڵ یەکتر نیسبەتێکی پتەویان هەیە: زێهنی زمان و زمانی زێهن (ئەو بۆچوونە وەکوو ئیدەیەک لە وتارێکی درێژدا بەوردی شی کراوەتەوە). لەم بابەتەدا بە دوای ئەوەوە نیم کە بە تێر و تەسەلی زمانی کوردی بە چوارچێوەی سەرەوە گرێ بدەمەوە، بەڵام بە گشتی لەو ڕوانگەوە، زمانی مێژوویی دایک پێناسەی مرۆڤ و ناسنامەی گەل و نەتەوەکانە.

تا ئەو جێگەیەی کە دەگەڕێتەوە سەر کورد، هەرچەند زمانی مێژوویی کورد، واتا زمانی کوردی، زۆر گرینگە و ئاخافتن و پێوەندی و بیرکردنەوە بەو زمانە لە جێگەی خۆیدا گەلێک کاریگەر و بونیاتنەرە، بەڵام بە باوەڕی من بە باری زۆریەوە ئەو گرینگییە بە فۆڕمی زمانی کوردی دراوە کە پێویستە لەسەر هەندێک تێبینی و خاڵی ئەرێنی و پێویست وردبوونەوە و توێژینەوەیەکی زیاتر و بەرفراوانتر بکرێ.
زمان بە گشتی هەم فۆڕمە و هەمیش نێوەرۆک و ئەندێشەیە. واتا شوناسی زمان دوو لایەنی فۆڕمی و ئەندێشەیی هەیە کە پێویستە گرینگیی هەردوو لایەنەکە وەکوو تەواوکەری یەکتر سەیر بکرێ. ئەو لایەنەی دووهەم بە «زێهنی زمان» (The mind of language) ناوزەد دەکەم، کە ئەویش لەگەڵ «زمانی زێهن» پێوەندیی هەیە. لە ئەندێشەی نوام چامسکیدا، دەفرایەتی و توانمەندی (competence) و کردەوە و کارکەردی (performance) زمان بەشێک لە تایبەتمەندیی زێهنە کە ڕەنگە لە فۆڕم و نێوەرۆکدا یاریدەدەر بێ. هەر زێهنێک خاوەن زمانێکی مێژووییە و هەر زمانێکیش زێهنێکی هەیە؛ زێهنی زمان چەمکە و زمانی زێهننیشانە و دەلالەتە؛ لەسەر ئەو بناغەیە، زێهنی زمان، پێتاندنی زێهنی مرۆڤە بە زمانێکی مێژوویی. یەکێک لە جیاوازییەکانیتر ئەوەیە کە زێهنی زمان، حەقیقەت دەدۆزێتەوە یاخود بەرهەمی دێنێ، بەڵام زمانی زێهن حەقیقەت دردەبڕێ و گوتارسازی

دەکا. بەو پێیە زمان بە یەکێک لە بنەڕەتەکانی ناسنامە و شوناسی مرۆڤ و نەتەوەکان دەستنیشان دەکرێ. ئەوەی کە تا ئێستا کورد گرینگیی پێداوە و باسی کراوە لایەنی فۆڕمی ئەو زمانە بووە بەڵام بە لایەنی ئەندێشەیی زمانی کوردی و ناوئاخنی ئەو زمانە کە هەمان «زێهنی زمانی کوردییە» گرینگی و بایەخێکی ئەوتۆ نەدراوە. ئەوەش یەکێک لە قەیرانە مەعریفییەکانی شوناسی کوردییە کە بەسەر قەیرانی شوناسی زمانی کوردیشدا زاڵە. زۆر گوتراوە کە کورد لە دابین و دەستنیشانکردن و یەکیەتی لەسەر زمانێکی نەتەوەیی و ئەلف و بێیەکی ئیستاندارد و ڕێنووس و هتد پێک نەهاتوون و ناکۆکن، ئەو تەوەرە هەرچەند گرینگە بەڵام لە ڕاستیدا هەمان گرینگی پێدان بە فۆڕمە و ڕەنگە بە دەرەنجامێکی ئەرێنیش نەگەن؛ بەڵام گرینگتر و قووڵتر لەو ئاریشەیە، مەقوولەی زێهنیی زمان یاخود بەشی ئەندێشەیی زمانی کوردییە. تا ئەو کاتە کە کورد لە ژینگەجیهانی خۆیدا بە تەبایی و یەکیەتییەک لەسەر زێهنی زمانی کوردی نەگا ئەوە گەیشتن بەو ئاواتە زۆر ئەستەمە و لە مەحاڵ دەچێ تەنانەت ئەگەر لەسەر فۆرمیش بە ئەنجامێک بگەن، ئەوە زێهنی زمانی کوردی هەر هەمان زمانی زێهنیی فارسی و عەرەبی و تورکی و درێژکراوەی ئەو زێهنانەیە؛ کە بێگومان بەرهەمهێنانەوەی ئەو زێهنگەلە بە زمان و وێژەی کوردی؛ کارەساتێکی مەعریفیی گەورەیە کە بە یەکیتر لە بنەچەکانی قەیرانی زێهنی کوردی دەناسرێ.

کاتێک عامێری، غەزاڵی، ئیبنی سینا، سۆرەوەردی، ماکیاڤێلی، دێکارت، لایب نیتس، لوتێر، کانت، هێگێل، گۆتە، هیووم، کەیرکەگارد و ... هەوڵ دەدەن بە زمانی مێژوویی خۆیان، زمانی خۆماڵی و ناتیڤ!، بە شێوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان بەرهەم بخولقێنن لە ڕاستیدا بە زێهنی زمانی خۆیان خەریکن گرینگی دەدەن. هەر بۆیەش ئەو بیرمەندانە زمانی مێژوویی و خۆماڵیی خۆیان فێری هزرین و فەلسفە دەکەن و بە ئەو زمانە بیر دەکەنەوە و دەفەلسەفن. ڕەنگە ئێمە بە زمانی پەتیی کوردی لە فۆرمدا قسە بکەین و بەرهەم بنووسین بەڵام زێهنی زمانمان ئێرانی و فارسی و عەرەبی و تورکی بێ و، ڕۆحی زمانی زێهنییەکەی فارسی و ئەوانەیتر بێ. واتا زێهنی زمانی کوردی، کوردی نییە بەڵکوو لە نێوەرۆک و گوتار و ئەندێشەدا ئێرانی و عەرەبی و هتدە. پێچەوانەکەشی هەر دروستە، کاتێک بە زێهنی کوردی بەڵام بە فۆرمی زمانی فارسی و ئەوانیتر بنووسن لە ڕاستیدا بە زێهنی زمانی کوردی نووسراوە؛ بە واتایەکی دیکە، زێهنی زمانی فارسی، زمانی زێهنی کوردییە. کە وایە ئەو کەرەسە و تۆکمەیە کە زمانی کوردی پێک دێنێ و پێی پەروەردە دەبێ زێهنی زمانی کوردییە. بەشێکی بەرچاو لە بەرهەمە مێژووییەکان کە بە زمانی کوردی نووسراون و بەو زمانە لە فۆلکلۆر و وێژەی سەرزارەکی دواون لە ڕاستیدا هەمان زێهنی زمانی فارسی و ئەوانیتری گەورە بە کوردییە کە تەوەرێکی زۆر سەرنجڕاکێش و قەیراناوییە. یەکێک لە بنەچەکانی قەیرانی زێهنی کوردی هەر ئەو دیاردە بە ئەژمار دێ. ڕۆژی زمانی دایک دەبێ هەمان ڕۆژی زێهنی زمانی کوردی بێ و بەو زێهنە بیر بکەینەوە و ژینگە و جیهان و پێوەندییەکان بخوێنینەوە. زێهنی زمان بە دوای خوێندنەوە و پۆلێنبەندیی حەقیقەت لە ژینگەجیهانی مێژووییدایە کە کوردیش دەبێ لەو سۆنگەوە بیر لەو تەوەر و بابەتە بکاتەوە. هەر نەتەوەیەک بە زمانی خۆی لەگەڵ حەقیقەت ڕووبەڕوو دەبێتەوە و بەو زمانەش «جیهان واژۆ» دەکا؛ لەو دیدەوە زێهنی زمان کوردی، حەقیقەت بە زمانی زێهنی کورد دەخوێنێتەوە و پێناسەی دەکا. زمانی دایک بە زێهنی زمانی کوردی فێر بین و بنووسین و دەق و بابەت بەرهەم بێنین.
ڕۆژی زمانی دایک، ڕۆژی بیرکردنەوەیە لەسەر زێهنی زمانی کوردی.

***








برایم چووکەڵی

سێهەم ڕۆژی بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بوو. تازە خۆر بە تینی خۆی بەرەبەرە بەفری شاخەکانی دەتواندەوە. سەوزەگیای بەهار و سروشتی جوانی کوردستان لە خەوی زستان ڕاست دەبوونەوە، شنەی شەماڵ بە ئەسپایی مزگێنی هاتنی بەهار و زیندوو بوونەوەی دێنا، بەوەش وەرزێکی نوێی تێکۆشان و چالاکی بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دەستی پێ دەکرد.
لەگەڵ چەند کەس لە بن گوێسوانەی ماڵەوە دانیشتبووین و خۆمان لەبەر تینی گەرمای خۆر هەڵخستبوو، سەعات بوو بە پێنجی ئێوارێ. کاتی ڕادیۆی دەنگی کوردستان هات، هەواڵەکان باسیان لە شەڕی نێوخۆیی دەکرد کە لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا لە نەرمەلاس ڕووی دابوو. لەو شەڕەدا و لەنێو ڕیزی شەهیدەکاندا ناوی ئەحمەد تەمۆغەیی هاتبوو...
ئەحمەد کەریمنیا ناسراو بە ئەحمەد تەمۆغەیی کوڕێکی زەحمەتکێشی لادێیی بوو. تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو. ئەحمەد لەگوندی تەمۆغە گەورە بوو و هەر لەو گوندەش بەڕێی قوتابخانە کرا. هاوینان لە یەکەم ڕۆژی پشووی هاوین دەستی بە قوڵەدارێک دەگرت و دەبوو بە شوان و دۆڵ و دەر و دەشتی ئاوایی تەمۆغەی دەپێوا و، تا کرانەوەی قوتابخانە لە مەزرا دەبوو.
ئەحمەد تەمۆغەیی تا پۆلی پێنجی سەرەتایی دەرسی خوێند و پاشان لە مووچە و مەزرا یاریدەی باوکی دەدا. ئەحمەد لەگەڵ گەیشتنی تافی لاوی بۆ کرێکاری ڕووی لە شارەکانی تاران، کەرەج و سمنان کرد و پاش چەند ساڵان هاتە شاری بانە و وەک وەستای خانووبەرە درێژەی بە ژیان دا. ئەم گێرە و کێشەیەی ژیان، ئەم هەوراز و نشێوەی سەر ڕێگای ژیان، ئەحمەدی بە تەواوی شارەزای مەینەتییەکانی ژیانی هەژاران و ڕەنجدەرانی کوردستان کردبوو.
ئەحمەد تەمەنی ١٨ ساڵان بوو کە بە سەرباز گیرا. لە کاتی خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا ئەو سەرباز بوو، بۆیە لە سەربازخانە ڕایکرد و هاتە ڕیزی خۆپێشاندەرانی شاری سەقز. ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەحمەدی تازەلاوی هێنایە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.
کردەوەکانی ڕێژیم دژی خەڵکی کوردستان و خەبات لەپێناوی ئازادی و دیفاع لە حەقانییەتی خەباتی ڕەوای کورد ئەحمەد تەمۆغەییی خستبووە سەر دوو ڕێیانەیەک، یا خزمەت بە دایک و باوکی پیری یان خەبات لەپێناو پاراستنی نەتەوەکەیدا. دەبوو یەکیان هەڵبژێرێ. وەک کوڕێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر هاتە سەر ئەم باوەڕە کە بەختەوەری و کامەرانیی دایک و باوکی لە گرێوی بەختەوەری و ڕزگاری گەلەکەیدایە، بۆیە ڕێگای دووهەمی هەڵبژارد، ڕێگای شۆڕشگێڕان و خەباتگێڕانی کورد، ڕێگای خەبات بۆ دابینکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان و وەدیهێنانی ئامانجی نەتەوە زۆرلێکراوەکەی.
شەهید ئەحمەد تەمۆغەیی لە بەهاری ساڵی ١٣٦١ دەستی دایە چەک و هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لە هێزی عەزیز یوسفی دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. ئەحمەد لە سەرەتای پێشمەرگایەتیدا نیشانی دا بە بیروباوەڕ و بەنەزم و دیسیپلین و ئازایە. ئەحمەد لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی، تیلەکۆ، خوڕخوڕە، سەرشیو و گەورگی سەقز وەک پێشمەرگە خزمەتی بە نەتەوەکەی دەکرد و، بە تەواوی جێی خۆی لەنێو دڵی خەڵکی ناوچەدا کردبۆوە. ئەو جێی متمانە و باوەڕپێکراوی خەڵکی ئەو ناوچانە بوو. یاری وەفاداری زەحمەتکێشان بوو، بە دەرد و خەمەکانیان خەم دایدەگرت و لەگەڵ شادییەکانیان شادیی دەکرد. ئەحمەد بێجگە لەوەی پێشمەرگەیەکی ئازا و بەبیروباوەڕ بوو، کوڕێکی تێگەیشتوو شارەزا بە سیاسەتی حیزبیش بوو و هەمیشە هاوڕێیانی بۆ پاراستنی نەزم و دیسیپلین و پەیڕەوی لە بڕیارەکانی حیزب هان دەدا.
کوڕە شۆڕشگێڕ و زەحمەتکێشەکەی کورد بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانە و زۆر تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانەی دیکە لە ساڵی ١٣٦٣دا بە فەرماندەری لکێک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید عەزیزی یوسفی دیاری کرا. شەڕە حەماسییەکانی تێکۆشەرانی ناوچەی سەقزی خوێناوی، لە ئایچی، میرەدێ وسەرشیو، بە فەرماندەریی ڕاستەوخۆ و بەرێوجێی ئەحمەد تەموغەیی بەڕێوە چوو. ئەو لکە بە فەرماندەیی ئەحمەدی قارەمان و لێزان دەیان عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانەی بەڕێوە برد و زراوی دوژمنی لەناوچەی سەقز بردبوو.
لە پاییزی ساڵی ١٣٦٣ بڕیار درا پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەیی ئەحمەد تەمۆغەیی بچنە بنکەی کومیتەی شارستانی سەقز. فەرماندەری لێزان و بە بیروباوەڕ وەک هەمیشە بەپێی بڕیار بێ سێودوو لێکردن بەرەو بنکەکانی کۆمیتەی شارستان وەڕێکەوت، پاش ماوەیەک مانەوە ڕەوانەی گوندی نەرمەلاس کرا. چوونی ئەحمەد هاوکات بوو لەگەڵ جێژنی نەورۆز، سەرەتای ساڵی ١٣٦٤ کە پێشمەرگەکان بەرەو نەورۆزی پیرۆز و دەستپێکردنەوەی ساڵێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان دەچوون. شنەبای بەهاری ڕوح و لەشی ئەوانیشی بووژاندبۆوە. شەوی جێژن بوو، پێشمەرگەکان لە دەوری یەکتر کۆببوونەوە، لە یەکەم شەوی جێژنی نەورۆز لە لایەن حیزبی کومونیستی ئێران (کۆمەڵە)وە هێرش کرایە سەر بنکەکانیان و خوێنی سووری ئەحمەد تەمۆغەیی بوو بە گوڵاڵەسوورەی بەهارانی دەشتی شلێر و یاری بەوەفای ناوچەی سەقز و بەداخەوە لەو شەڕە نێوخۆییەدا شەهید کرا و کوڕە زەحمەتکێشەکەی دێموکرات لە ٢٧ـەمین بەهاری ژیانیدا لە یەکەم ڕۆژی بەهاری تەبیعەتدا گوڵی ژیانی هەڵپرووکا و چرای عومری کوژایەوە.
یادی شەهید ئەحمەد تەمۆغەیی بەرز و بەڕێز و ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی بەردەوام بێ.

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (دامودەزگاکانی سەرکوت و کۆنترۆڵ)


دیلان هەردی

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی توتالیتێر و ئۆتوریتێر چەند دەزگایەکی سەرکوت و کۆنترۆڵی خەڵکی هەیە کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

**دەزگاکانی زانیاری:** لە ئێران، دوو ئۆرگانی سەرەکیی زانیاری هەن، یەکێکیان وەزارەتی ئیتلاعاتە بە ناوی "وزارت اطلاعات و امنیت کشور" کە لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (دەوڵەت)دایە. دەزگاکەی دیکەیان دەزگای زانیاریی سوپای پاسدارانە بە ناوی "سازمان حفاظت اطلاعات سپاه" کە لەژێر کۆنترۆڵی سوپای پاسداران دایە و هاوتەریب لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعات کار دەکا. ئەو دوو ئۆرگانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دوو ئۆرگانی ڕکەبەرن، وەکوو دوو ئۆرگانی سەرەکیی سەرکوت و تیرۆرن لە ئێراندا. هەر دووکیان خاوەن گرتووخانە و ناوەندی لێکۆڵینەوە و شوێنی ئەشکەنجەن. ئەرکی سەرەکیی ئەو دوو دەزگا زانیارییە کۆکردنەوەی زانیاری، دزەکردنە نێو حیزب و ڕێکخراوەکان بە تایبەت ئەوانەی دژبەری کۆماری ئیسلامین و پلان دارشتنە بۆ لەنێوبردنی نەیاران. هەر دووکیان وەکوو باسکی دەسەڵاتی دادوەرین و بە شێوەی هەر دوو دەزگای SA و SSی ئاڵمانی نازی کار دەکەن. دەزگای زانیاریی سوپای پاسداران زۆر لە وەزارەتی ئیتلاعات بەهێزترە، چونکە خاوەنی تۆڕێکی گەورەترە کە هەمان ڕێکخراوی بەسیجە لە نێوخۆی ئێران. لە دەرەوەی ئێرانیش تەواوی ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەی سوپای پاسداران پشتیوانییان لێ دەکا و لە ڕێگای سوپای قودسەوە کۆنترۆڵیان دەکا، وەکوو تۆڕی دەزگای زانیاریی سوپای پاسداران لە دەرەوەی وڵات کار دەکەن.

بێجگە لەو دوو ئۆرگانە کە کارەکانیان زۆر بەرفراوانە و پێویستیی بە توێژینەوەی زیاترە، بە سەدان ئۆرگانی دیکە هەن کە ئەرکیان تەنیا کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەیە و ئەوەش لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمێکی تۆتالیتەرە. ئەو ئۆرگانانە هەر کامیان لە بوارێکی جیاوازدا کۆنترۆڵیان خستۆتە سەر کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی هیچ بەشێکی کۆمەڵگە لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دەرنەچێ، لە ژیانی سیاسی تاکەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە ژیانی کۆمەڵایەتییان.

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی خۆپیشاندان، ڕاپەڕین و نارەزایەتیی جەماوەری

ناوی بەشێک لەو دەزگا سەرکوتانەی بۆ بەگژداچوونەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان دروست کراون بریتین لە: قەرارگای "ثاراللە"، قەرارگای "رسول اکرم"، قەرارگای "نصر"، قەرارگای "فجر"، سوپای "محمد رسول اللە"، سوپای "سید الشهدا"، تیپی دژە شۆڕشی "الزهرا"، تیپی دژە شۆڕشی "عاشورا"، تیپی بەسیجی "امام علی"، "نوپو"، هێزی تایبەتی پاسەوانی ویلایەت.

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی پەیوەندی

بەشی پەیوەندییەکان و ئەلکترۆنیکی سوپای پاسداران، بنکەی ناوەندیی چاودێری و گوێگرتنە تەلەیفوونییەکان، کۆمیتەی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە ئینتەرنێتییەکان، کۆمیتەی کۆنترۆڵی ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکان، ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی شوێنی گۆڕینەوەی زانیارییەکان، لقی دەفتەری دادستان بۆ تاوانەکانی سەر ئینتەرنێت، کۆمیتەی فیلتەرکردن سەر بە دەسەڵاتی دادوەری، کۆمەڵگەی تەکنیکی زانیارییەکان، ئەنجومەنی ئینتەرنێتیی بەسیج، فەرماندەیی سایبەری سەر بە سوپای پاسداران، سوپای سایبەری، سوپای خۆر، ناوەندی چاودێری تاوانە ڕێکخراوەکانی سەر بە سوپای پاسداران، بەڕێوەبەرایەتیی تەکنیکیی وەزیری ئیتلاعات، دادگای تایبەت بە تاوانەکانی سەر ئینتەرنێت، پۆلیسی فەتا (سایبەری).

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی جل و بەرگی هاوڵاتیان

پۆلیسی ئەخلاق، دەفتەری ناوەندی داواکردنی کاڵا، پۆلیسی ژنان، پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاق، پۆلیسی ئاسایشی کۆمەڵگە، پۆلیسی خوێندنگەکان، پۆلیسی لاوان، پۆلیسی بنەماڵە.

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی زانکۆکان

بەشی بەسیج، دەفتەری نوێنەرایەتی وەلی فەقیھ، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری، کۆمیتەی دیسیپلین، خزمەتگوزاری ئاسایشی زانکۆکان، ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی کرێکاران و خاوەنکاران، ئەنجومەنی ئیسلامیی کار، بەشی دامەزرانەکانی بەسیج، خزمەتگوزاری ئاسایشی بەڕێوەبەران، یەکەی دامەزراندنەکان، ماڵی کرێکاران.

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی شوێنە کۆمەڵایەتییەکان

"انصار حزب اللە"، مەئموورانی سیاسیی سوپای پاسداران، پۆلیسی گەڕەکەکان، پۆلیسی نادیار، پۆلیسی مێترۆ، یەکەی یارمەتیی پۆلیس، ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی ڕاگەیەنەکان، یەکەی کۆنترۆڵی سەر بە وەزارەتی ڕێنوێنی ئیسلامی، نوێنەرایەتیی کۆنترۆڵی ڕاگەیەنەکان، دادگای تایبەت بە ڕاگەیاندن.

### ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵی کەسایەتییە ئایینییەکان

دادگای تایبەت بە کەسایەتییە ئایینییەکان، دەفتەری تایبەت بە ئاماری سیمینارە ئایینییەکان، تیپی امام جعفر صادق.

### ئۆرگانەکانی دیکەی کۆنترۆڵ

شورای تەئمینی پارێزگا (بەرپرسی دابینکردنی ژمارەی هێزەکانی ئاسایش و سەرکوت لە هەر پارێزگایەک)، شورای تەمینی فەرماندارییەکان، شورای کولتووری و کۆمەڵایەتی، دەفتەری دادستان، دادگای شۆڕش، پۆلیسی ١١٠

***

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیی ویلایەتی فەقیھ دامەزراوە، پرەنسیپێک کە خۆمەینی تیۆریزەی کردووە و لە دوو قۆناغی سەرەکی پێکهاتووە: لە قۆناغی یەکەمدا، واتە بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧، ئایینی ئیسلامی شیعەی دوازدە ئیمامی، بە سیاسی دەکرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ حکوومەتی پێ بکرێ، کە ئەوەش دابڕانێکە لە نەریتەکانی ئایینی شیعە. بەپێی نەریتەکانی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی، لە ماوەی ونبوونی ئیمام مەهدی، فەقیهەکان نابێ حکوومەت بکەن، چونکە ڕەوایی ئاسمانی یان خوداییان پێ نەدراوە. لە قۆناغی دووهەمدا، واتە دوای شۆڕشی ١٣٥٧، سیاسەت بە ئیسلامی دەکرێ، کە ئەوەش دابڕانێکە لە نەریتەکانی سیاسەت لە ئێران، چونکە لە مێژووی ئێراندا، هەمیشە جیاوازییەک لە نێوان ئایین و سیاسەتدا هەبووە، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتێکی ئایینیش بۆ ماوەیەک حوکمی گرتبێتە دەست. لەژێر پرەنسیپەکانی ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بریتییە لە بە سیاسیکردنی ئیسلام و بە ئیسلامیکردنی سیاسەت. دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی کە وەکوو هەر دەسەڵاتێکی دیکەی نادیمۆکرات پشت بە هێزی چەکدار دەبەستێ، دابڕانێکی لە نەریتی هێزە چەکدارەکانیشدا دروست کردووە، ئەویش جێگرتنەوەی هێزی ئەرتەشی ئێرانە بە سوپایەکی ئایدۆلۆژیکی توندڕەو بە ناوی سوپای پاسداران. سوپایەک کە جگە لە بواری نیزامی، دەستێوەردان لە هەموو بوارەکاندا دەکا، نەک بۆ ئەوەی خۆی بە دەسەڵات بگا، بەڵکوو بۆ پشتیوانی لە وەلی فەقیھ ئەوەش لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکانە کە تێیاندا هێزە چەکدارەکان لە بەرژەوەندی لایەنی دەسەڵاتدار، دەستێوەردان دەکەن، نەک بۆ بەرژەوەندیی کەسانێتر یان بۆ ئەنجامدانی کوودەتای سەربازی. هەروەها ڕێکخراوی بەسیجیش بۆ تەیارکردنی کۆمەڵگە لە دەوری ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیھ دروست کراوە کە یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی کۆماری ئیسلامییە، چونکە ڕیشەی لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا داکوتاوە. ڕۆڵی سەرەکی بەسیج، پروپاگەندا کردنە بۆ ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی و دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکترو هەروەها لەگەڵ دەوڵەت.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاستی زۆرەملێ و سەرکوتە بۆ تۆقاندنی کۆمەڵگە. یاسا و ڕێساکانی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی بە زۆر بە سەر تەواوی کۆمەڵگەدا جێبەجێ دەکرێن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەنگە و ئایین و کولتووری جیاوازی تێدایە. لە ئێران کەمینە ئایینییەکان دەبێ بە زۆر خۆیان لەگەڵ ئایینی دەوڵەتی بگونجێنن. هەروەها نەتەوەکانی دانیشتووی ئێرانیش دەبێ خۆیان لەگەڵ زمان و کولتوور و نەریتەکانی نەتەوەی فارس سازگار بکەن. واتە لە ئێران، شیعە بوون و فارس بوون لە لایەن دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە وەکوو خاڵێکی ئەرێنی سەیر دەکرێ و پێچەوانەکەشی وەکوو خاڵێکی نەرێنی. هەروەها، ژنان لە ئێران کە نیوەی کۆمەڵگە پێک دێنن، بە توندی لە ژێر یاسا و ڕێسا زۆرەملێیەکانەوە دەچەوسێنەوە، وەکوو زۆرەکیبوونی سەر داپۆشین و خۆداپۆشین بە شێوەی ئایینی، نایەکسان بوونیان لەگەڵ پیاوان لە مافەکانیان و ئەرکەکانیاندا و زۆرلێکردنیان بۆ ئەوەی پابەندی سیستەمی بنەماڵەی نەریتی بن، کە سیستەمێکی پیاوسالارە و کۆماری ئیسلامیش لە بەرژەوەندیی خۆیدا پێناسەی کردۆتەوە.

سیاسەتێکی زۆرەملێیانەی دیکە شۆڕشی کولتوورییە، کە تا ئێستاش پەیڕەو دەکرێ، بە مەبەستی پاڵاوتن و لە فیلتەردانی زانست و سەرچاوە زانستییەکان و کەسانی ئاکادیمی بە شێوەیەک کە لە خزمەتی دەسەڵاتدا بن. لە دوای ساڵی ١٣٥٧ـەوە، سەرکوتێکی چڕ لەسەر کۆمەڵگەی ئێران هەیە، چونکە پێشتر و لە سەردەمی پاشایەتیدا تەنیا ئەو بەشانە لە کۆمەڵگە سەرکوت دەکران کە ڕێژیمی پاشایەتی وەکوو مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی سەیری دەکردن، بەڵام دوای ١٣٥٧، هەموو کۆمەڵگەی بە تەواوی کراوەتە ئامانج. هەر چین و توێژێک بە چەشنێک سەرکوت دەکرێ. ژمارەی ئەو کەسانەی لە سێدارە دەدرێن، تیرۆری کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان، قەدەغەکردنی حیزب و ڕێکخراوەکان و هەوڵی لەنێوبردنیان، سەرکوتی بەربڵاوی نەتەوە و کەمینە ئایینییەکان و چەندین سیاسەتی دیکەی سەرکوتکردن، سەلمێنەری ئەوەن کە ئەو تایبەتمەندییەی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان لە ڕێژیمی سیاسیی ئێرانیشدا بە تەواوی و بە زۆریشەوە بوونی هەیە.

وەک لەو زنجیرە بابەتەدا باس کرا چەندین تایبەتمەندیی ڕێژیمی سیاسیی ئێران وەبەر چاو دەکەون، وەکوو: ئایدۆلۆژیا، تەیار اکردنی جەماوەرو هەروەها سیاسەتی زۆرەملێ و سەرکوت لە ڕێگای میلیشیا و هێزی نیزامیی ئایدۆلۆژیک. هەر سێ لەو تایبەتمەندییانەش لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکانن.

### کۆتایی

ڕێژیمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکی دەگمەنە لە لێکگرێدانی دامەزراوە ئایینییەکان و دامەزراوە سیاسییەکان لە "کۆمەڵگەیەکی سەردەمییانە"دا. فاکتەرێکی گرنگ لە پۆلێنکردنی هاوچەرخی ڕێژیمە سیاسییەکاندا ئەوەیە کە لێک جیا کردنەوە و پۆلێنکردنی ڕێژیمە سیاسییەکان لە سەر بنەمای ناوی ڕێژیمەکان نییە، بەڵکوو لە سەر بنەمای پێوەرەکانی دیمۆکراسییە. لە دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا، لە لایەک، دەسەڵاتەکان لێک جیا کراونەتەوە و خەڵک دەتوانن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و پارلمانییەوە بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن. لە لایەکیترەوە، دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان (هەرچەندە هەڵبژاردنەکە ئازاد و دیمۆکراتیک نییە) بە کردەوە لە لایەن دەسەڵاتی ئایینییەوە کە وەلی فەقیھ نوێنەرایەتی دەکا، سڕ کراون.

ئایدۆلۆژی ویلایەتی فەقیھ کە ئایدۆلۆژییەکی جیهانگیرە و هەوڵ دەدا جیهان بگۆڕێ و دادوەریی ئاسمانی بێنێتە کایەوە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، هەوڵ دەدا لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی نیزامی ئایدۆلۆژیکی وەکوو سوپای پاسداران جیهان لە دەوری ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیھ تەیار بکا. سوپای پاسداران، نەک تەنیا زۆربەی بوارەکانی نێوخۆی ئێرانی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدا کاریگەری و هێژمۆنیی خۆی بخاتە سەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیش، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەوەش ئەو بیرۆکەی بەهێز کردووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەیهەوێ جۆرێک لە "پان ئیسلامیزمی شیعی" یان "کۆلۆنیالیزمی شیعی" لە سیستەمی نێونەتەوەییدا بنیات بنێ.

لە کۆتاییدا، بەپێی پێناسەکەی ژوان لەنز، ڕێژیمێک بە تۆتالیتەر دادەنرێ کە سێ تایبەتمەندیی سەرەکی پێکەوە تێیدا بوونیان هەبێ: ئایدۆلۆژیا، تاکحیزبی و ڕێبەرێک کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێ. ئەگەر ئەو پێناسەیە وەکوو بنەما بگرین، ڕێژیمی سیاسیی ئێران هەر سێ لەو تایبەتمەندییانەی پێکەوە لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە، هەرچەندە چەندین تایبەتمەندیی دیکەشی لە تۆتالیتاریزم تێدایە.

---

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# لایەنگری لە مەنقەڵسازان

لە سەردەمی گرانی و بێکاری و نەداریدا و لە کاتێکدا کارگە و کارخانەی بەرهەمێنانی کاڵا و شتومەک داخراون و ڕۆژبەڕۆژ کۆمەڵانی بێکاران لە زیادبووندان، دۆزینەوەی پیشەی نوێ و بەرهەمهێنانی کەرەستەی پێویستی ژیان دەکرێ بۆ بێکاران ببێتە هۆی خوڵقاندنی زیاتری دەرفەتی کار.

دەرکەوتنی هەر بەستێنێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤدا کۆمەڵێک دەرفەتی دیکەش بۆ خەڵک دەخوڵقێنێ و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سەدان و بگرە هەزاران دەرفەتی نوێی کارکردن. دەکرێت نموونەی زۆر لەم بارەیەوە پێشان بدەین. بۆ نموونە باس لە وەرزش دەکەین. کاتێک جۆری جوداجودای وەرزشکردن و کێبڕکێی وەرزشی دەرکەوتن، خەڵک بەسەر یاریزانان و لایەنگرانی جۆرە جیاکانی وەرزشدا دابەش بوون. سەرەڕای ئەوەی کارگەی زۆری بەرهەمهێنانی تۆپی گەورە و بچووک، تۆڕی تۆپانێی سەر زەوی و تۆپی سەبەتە و تۆپی باڵە و کارگەی بەرهەمهێنانی پێڵاوی وەرزشی، ئەندازیار و وەستای ڕێکخستن و دروستکردنی یاریگەی جۆراوجۆری وەرزشی و تەنانەت کورسی و شوێنی دانیشتنی تەماشاوانانی کێبڕکێیەکانیش لەنێو دەرفەتی کارکردندا خەنی بوون.


وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، پێشترێ دانیشتووانی سەر ئەم گۆی زەوییە خوڵەپۆتینە، ئەوەندە زۆر نەبوونە و ژیانی مرۆڤیش هێندە ڕەنگاوڕەنگ نەبووە. ئەوکاتەی کەڵکوەرگرتن لە گۆزەی گڵین بووەتە باو و، دەرفەتی کاری قوڕشێلان و گۆزەکەریی خوڵقاوە. ئەوکاتەی جۆری وەرزشکردن و تۆپانێ دەرکەوتوون، دەیان جۆری دەرفەتی کاری دیکە خوڵقاون. هێندێک دەرفەتی کاری هەن، ئێمە کەمتر هەستیان پێ دەکەین. بەڵام کاتێک هەستیان پێ دەکەین و بیریان لێدەکەینەوە، دەزانین بۆ خوڵقاندنی دەرفەتی کار و دروستبوونی بیانوو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان چەندە کاریگەرن. ئێوە تەنیا بیر لە ڕاگەیاندن بکەنەوە. کاتێک ڕادیۆ وەک یەکەم و ئاخرین ئامێری ڕاگەیاندن دەرکەوت، زۆر دەرفەتی کارکردنی لەگەڵ خۆیدا هێنان. جگە لە ئەمانە ژووری دەنگوەرگرتن و ئامێری تۆمارکردن و بڵاوکردنەوە و مایکرۆفۆن و کەرەستەی وردی نێو وێستگەی بڵاوکردنەوە و ڕادیۆ بەرهەم دەهاتن و، زۆر کەسیش بە هۆی دەنگی خۆش و قسەی نەستەق و نووسینی جوان و هێندێک جاریش ماستاوکردنی باش، دەرفەتی کاریان بۆ خوڵقاوە. بۆیە گوتم ڕادیۆ یەکەم و ئاخر ئامێری ڕاگەیاندنە، مەبەستەم ئەمەیە لە هەموو ئامێری دیکەی ئەم بوارە زیاتر خۆی ڕاگرتووە. دوای ڕادیۆ ئامێری گرامافۆن هات و بێئەوەی سەری ڕادیۆ بخوات، ئامێری تۆمارکردن لەسەر شریت سەری خوارد. لەو ماوەیەدا تەلەفیزیۆنیش دوای ڕادیۆ دەرکەوت، بەڵام پێچەوانەی ئامێری وەک ڤیدیۆ و کەرەستەی تۆمارکردنی شریت، هەتا ئێستا دەوامی هێناوە و دەرفەتی کاریشی بۆ خەڵکی زیاتر خوڵقاندووە. تەلەفیزیۆن سەرەڕای بەرهەمهێنانی جۆری زۆری جلوبەرگ و کرێم و سوورا و سپیاوی خۆڕازاندنەوەی پێشکەشکاران و میوانانی بەرنامە و هەواڵنامان، دەرفەتی کاریی پزیشکانی نەشتەرگەریی جوانکاریش زیاد کردووە. کاری پزیشکان هەر بەرناکەوێ، یەک درز و قەڵشتی سەر گووپان هەڵدەگرێ، ئەوی دیکە مندارە موویان لە شوێنی سەیر و سەمەرەی لەش هەڵدەگرێ و لە تەوێڵ و کەللەسەری ڕووتاویان دەکوتێتەوە. یەکێک ددانان سپی دەکاتەوە، یەکی دیکە لووتی داتەپیو قیت و قنج دەکا و بە کورتی حەکیمان هیندێک ئەندامی لەشی ئەکتەرانی سەر شاشان باریک دەکەن و هەندێک ئەندامانشینیان بیلامانێ بە سیلیکۆن و ملیکۆن هەڵدەمسێنن.

بەستێنی ڕاگەیاندن تەنیا بەمانەوە نەوەستاوە. سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی زۆر دەرفەتی کاری وایان خوڵقاندووە مرۆڤ بیریشی لێناکاتەوە. لە تۆڕ و پەیج و ئاکاونتی جۆراوجۆرەوە کاری فێرکردن و کڕین و فرۆشتنیش ئەنجام دەدرێ. تەنانەت لە وڵاتانی وەک وڵاتی ئێمە سیاسەتکار و ئەدیب و هونەرمەندان دەرفەتی کار بۆ کەسانی وا دەخوڵقێنن، دەبێتە هۆی سەرسوڕمان. کارمەندانی بەشی لێپرسینەوەی دەزگا ئەمنیەکان بۆ لێپیچینەوە لە چالاکانی سەر تۆڕی کۆمەڵایەتی زیاد دەکرێن. ئاسنگەر و جۆشکاران، میلە و شیشی زیاتر بۆ زیندانان دروست دەکەن. بە کورتی لە سایەی هەراوبوونی ئامێری ڕاگەیاندن بە سەدان و هەزاران دەرفەتی کاری نوێ سەرهەڵدەدەن. خاوەنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک سەدان کەس وەک کرێکار وەردەگرن و ئەو بابەتانەیان پێ لایکباران دەکەن کە خاوەن و نووسەرانیان نەخوێندەوار و نەزان و کەم دەسەڵات و پارەدارن.

دوای ئەوەی دارسمەی موخلیستان چاوی بە شاری گەورەگەورە و نێوەندی دەسەڵاتی وەک تاران و قوم و مەشهدی پیرۆز کەوت، هەستی بە هەبوونی جۆرێک لە خوڵقینەرانی دەرفەتی نوێی کارکردنیش کەوت. هێندێک لە بیرمەندانی ئابووریی دەسەڵاتداری دەسەڵاتی چل ساڵەی بەردەوام، نوێخوازانە بیر لە نوێکردنەوەی ئەو پیشە پیرۆزانە دەکەنەوە کە خەریکە لەنێو دەچن و لایەنگریان نامێنێ. لەنێو ئەم پێشە کۆن و مێژووییانەدا دەکرێ ئاوڕێکی خێرا لە چینی "همیشه در صحنه" و ماندوویینەناسی مەنقەڵسازان بدەینەوە.

بە هۆی گرانبوونی گۆشت و مریشک و ماسییەوە ڕەنگە زۆربەی کاتەکان مەنقڵی ماڵان لە منداڵانمان بشارینەوە و بۆ ئەوەی گوشتیان بیر نەیەتەوە، نەهێڵین چاویان بە مەنقەڵ بکەوێت. بیرمەندانی ئابووری و دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا پێشانیان داوە لە کاری دەوڵەتداریدا نامێننەوە و ڕێگەی نوێتر بۆ دابینکردنی بژێوی زەحمەتکێشان دەدۆزنەوە. دوای ئەوەی بەهۆی ڕاگواستنی هەندێک پارە لە لایەن دەستەڵاتدارانەوە و توندبوونی گەمارۆکانی سەر ئێران پارە و داهاتی وڵات لە کەمیی دا و کێشە کەوتە نێوان بەڕێوەبەرانی دەستەڵاتی وڵاتیش، بە دووهۆ بیر لە کەڵکوەرگرتنی زیاتر لە مەنقەڵ کرایەوە. هۆی یەکەمی ئەم کارە ئەوە بوو، مەنقەڵسازانی "هەمیشە در صحنە" بێکار نەبن و هۆی دووهەمیش ئەمەبوو بەڕێوەبەرانی دەسەڵات بۆ ئەوەی بە هۆی نەشئەبوونەوە بیر لە نێوان ناخۆشییەکانی خۆیان نەکەنەوە و هەست بەم هەموو مەترسییەی سەرخۆیان نەکەن و مشتەریانی مەنقەڵیش بە هۆی گرانبوونی گۆشت و برژیوەمەنیان مایەپووچ نەبن، وەک ڕێبەرەکەیان بە عام ڕوویانکردە تریاککێشان و بوون بە مەنقەڵی.

# «ئەندیغۆنی»یەکانی نیشتمانی من



عەلی فەتحی




جیهانی ئەدەبیی میتۆلۆژی خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەکی فیکرییە. مرۆڤ دەتوانێ بەدەم چێژوەرگرتن لە باری چیرۆکی و ئەفسانەییەکەی ئەو خەزێنەیە، لەگەڵ گەلێک ئەزموونی ئەخلاقیش ئاشنا بێ. لەهەمان کاتدا دەتوانین لێهاتوویی ئوستوورەکانی ئەو دنیا ئەفسانەییە لەگەڵ قارەمانە نەناسراوەکانی نێو ڕووداوە ئەمڕۆییەکان هەڵسەنگێنین. هەر نەتەوەیەک لەبەر خۆیەوە کەموزۆر خاوەن کۆمەڵێک چیرۆکە کە پڕن لە پاڵەوانانی ئەفسانەیی. ئەرکی پاڵەوانەکان پتر خۆڕاگری و بەرگری بووە و دانانی کاریگەریی ڕوحی لەسەر ورەی کەسانیتر بە درێژایی مێژوو. چیرۆکی ئەو پاڵەوانانە وەک میرات لە جیلێکەوە بۆ جیلی داهاتوو گوێزراونەتەوە. لە ناوچەی ئێمە، ئەفسانەوێژی لە سەردەمی سۆمێریەکانەوە زیاتر گەشە دەستێنێ و دواتر یۆنانییەکان پتر لە گەلانی دیکەی دراوسێ دەیاننووسنەوە و ڕەنگ و ڕوو و نێوەرۆکی فەلسەفی و ئەخلاقیی پێدەدەن. عەڕەبەکان بە گەورەکردنەوەی ئیبراهیم و ئیسماعیل پتر خۆیان دەناسێنن. پارسەکان پەنا بۆ شانامەی فیردەوسی دەبەن. ئەو شانامەیەی سەرەتا بە مەبەستی وەرگرتنی خەڵاتێک لە پاشا نووسرا و دواتر پارسەکان لەبەر هەستکردن بە هەژاریی مێژوویی کردیان بە سەرچاوەیەک بۆ بەرهەقبوونی خۆیان. ئەوان بەجۆرێک هەم لاسایی یونانییەکانیان کردەوە و هەم ڕکەبەرایەتی. چونکە یونانییەکان خاوەن ئیلیاد و ئۆدیسەی ئۆمیرۆس بوون و ئەوانەش دەبوایە شانامە بێننە گۆڕێ. ئەو شانامەیەی زۆر دواتر و لە سەردەمی ئیسلامدا نووسرا و وەک پارسەکان دەڵێن دوو بەرابەری ئیلیاد و ئۆدیسەیە. بڵێم بەداخەوە یا بەخۆشییەوە، لەو دوایانەدا پتر و پتر دەردەکەوێ کە پارسەکان چۆن ملکی ئەدەبیی گەلانی دیکەیان یا دزیوە یا زەوتیان کردووە و دەستکارییان کردوون و بەناوی خۆیانەوە بڵاویان کردوونەتەوە. تورکەکانیش هەرچەند سەدەی یازدە پەلاماری ئاسیای بچووک و میسۆپۆتامیایان دا و داگیرکارییان دەست پێ کرد، خێرا وەخۆکەوتن و چیرۆکەکانی خۆیان لە سۆمێرییەکان گرێدا و بەو چەشنە ویستیان مێژوویەکی کۆن بۆ خۆیان دروست بکەن. کورد، ئەویش چیرۆکەکانی بە بەیتبێژان ئەسپارد و بەجۆرێک لە فەوتان ڕزگاری کردن. ئەوەی لێرەدا مەبەستی منە، وێکچوویی پاڵەوانەکانی نێو بەیت و هۆنراوە کوردییەکان لەگەڵ ئەکتەرە بوێرەکانی نێو شانۆنامە ناسراوەکەی سۆفۆکلیسە. بە خوێندنەوە و گوێ لێگرتنیان لەگەڵ ڕوحی بوێری و پڕ لە سۆزی کورد و یونانی ئاشنا دەبین. هێگل سەبارەت بەو سامانە بۆچوونێکی جوانی هەیە و دەڵێ:

***” ڕوحی هیچ نەتەوەیەک لە مێژوو و دین و قەیاسی ئازادیی سیاسی ئەو میللەتە جیا نابێتەوە و بەیەکەوە گرێ دراون“***

لەو بابەتەدا منیش سەرەتا دەچمە سەر باسی تراژێدیای ”ئەندیغۆنی“ کە بەرهەمی شانۆیی ”سۆفۆکلیس“ە و ساڵی ٤٤٢ یا ٤٤٠ی پێش زایین نووسراوە. خاتوو ئەندیغۆنی ئەکتەری سەرەکیی ئەو بابەتەیە و شاکارەکە بە بوونی ئەو دەخولقێ. هەروەها ڕوحی هاوبەشی ئەندیغۆنییەکانی یونانی و کوردی دەکەمە هەوێنی هەڵسەنگاندن.

* * *

ئیدیپۆداس و خاتوو یووکاستی ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا. ئەو خاتوونە پێشتر شاژنی شاری تیڤا بوو. ئیدیپۆداس نازانێ ئەو ژنەی زەماوەندی لەگەڵ کردووە دایکی ڕاستەقینەی خۆیەتی. بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە دەبێتە چوار منداڵ، دوو خوشک بە ناوەکانی ئەندیغۆنی و ئیسمینی و دوو براش بە ناوەکانی ئێتێئۆکلیس و پۆلینیکیس. ئیدیپۆداس بە دوو کوڕەکانی خۆی گوت گەر بێتوو لەسەر میرات دەگیانی هەڤدوو بەربن وەبەر نفرینی من دەکەون.



دیارە سەرەڕای ئەو وەسیەتە، زۆری نەخایاند و هەردوای نەمانی باوک، براکان بێ ئەمری باوکیان کرد و ململانێیان بۆ دەسەڵاتی پتر و میراتی زۆرتر ڕەچاو کرد و لە شەڕێکی دەستەویەخەدا یەکتریان کوشت.

ئیدیپۆداس بە نهێنیی ژیان و چارەنووس و ڕەچەڵەکی خۆی زانی. خۆی لە تاج و تەخت و دەسەڵات دوورخستەوە و بۆ کوڕەکانی جێهێشت. ئێتێئۆکلیس و پۆلینیکیس وا ڕێک کەوتن کە هەر ساڵێ یەکیان پاشایەتیی شاری تیڤا بکا. ساڵی یەکەم نۆرەی ئێتێئۆکلیس بوو. دوای ئەوەی ساڵەکە تەواو بوو، دەسەڵاتی لێ خۆش هات و بۆ پۆلینیکیسی جێ نەهێشت. پۆلینیکیس تۆرا و لە شاری تیڤا ڕۆیشت و چووە شاری ئارغۆس و لەگەڵ کچی ”ئادراستۆس“ی پاشای ئەوێ زەماوەندی کرد. پاشان هێزێکی وەسەر یەک خست و پەلاماری شاری تیڤای دا. ئەو هێرشە بە هیچ کوێ نەگەیشت و دوو برا لە گۆڕەپانی شەڕدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. بە شەڕی دەستەویەخە یەکتریان کوشت. شاری تیڤا بێ پاشا مایەوە. کرێئۆنداس کە دەبووە خاڵیان و برای یووکاستیی دایکیان، جێگری ئێتێئۆکلیس بوو. ناوبراو لەجێوە خۆی وەک پاشا ڕاگەیاند. فەرمانی دا تەرمی ئێتێئۆکلیس بە ڕێز و حورمەتی شاهانە بنێژرێ، لە هەمان کاتدا کەس بۆی نییە جەنازەی پۆلینیکیس بە خاک بسپێرێ و دەبێ فڕێ بدرێتە بەردەم سەگ و ئاژەڵی دڕندە و قەل و داڵی گۆشتخۆر. بیانووی بۆ ئەو فەرمانەی دۆزییەوە و گوتی ئەو کوڕە خەیانەتی بە وڵاتی خۆی کردووە. فەرمانی کرێئۆنداس دژی یاسا و ڕێسا و نەریتی خەڵکی شارەکە و فەرمانی خوداکان بوو. ئەندیغۆنی و ئیسمینی، دوو خوشکی دوو برای کوژراو، هەردوو بەو بڕیارە تەواو ناڕاحەت بوون. ئەندیغۆنی سەرەتا ئیسمینی خۆشکی بردە دەرەوەی قەسر بۆوەی بۆچوون و بڕیاری خۆی سەبارەت بە تەرمی نەنێژراوی براکەی بەو بڵێ:

***” من وەکوو خۆشکی ئەو برایانە بۆوە لەدایک نەبووم ڕق و نەفرەتم لێیان هەبێ. بۆوە لەدایک بووم ئەوانم خۆش بووێ“***

ئەندیغۆنی پێی دەڵێ کە دەخوازێ جەنازەی پۆلینیکیسی برای بنێژێ و بە دژی فەرمانی کرێئۆنداس بجووڵێتەوە. ئیسمینی ناتوانێ خوشکی لەو کارە پەشیمان بکاتەوە و هاوکارییشی ناکا و دەترسێ کرێئۆنداس بیکوژێ. ئەندیغۆنی پێشتر، سەبارەت بە بڕیارەکەی خۆی گفتوگۆی لەگەڵ تیرێسیاس، تاڵعبینە کوێر و ناسراوەکەی شاری تیڤا کردبوو:

***ئەندیغۆنی: تۆ تا ئێستا عاشق بوویە***
***تیرێسیاس: عەشق مەترسیدارە خاتوون***
***ئەندیغۆنی: بۆچی مەترسیدارە؟***
***تیرێسیاس: چونکە ئیزنت پێ نادا لە کاری مەترسیدار بپرینگێیەوە.***

کرێئۆنداس فەرمانی خۆی دەرکردبوو و تەنانەت هەڕەشەی کردبوو هەرکەس لە فەرمانی دەرچێ و جەنازەی پۆلینیکیس بنێژێ، بە سزای بەردەباران دەکوژرێ.

دوو خوشک، ئەندیغۆنی و ئیسمینی دەکەونە ڕاوێژ. ئەندیغۆنی بە پێچەوانەی ئیسمینی ئوستوورەیەک لە بوێرییە :

***– ئەندیغۆنی، بەڕاست دەخوازی جەنازەکە بنێژی، مەگەر نازانی ناشتنی ئەو تەرمە، بە فەرمانی کرێئۆنداس ڕێپێدراو نییە؟***

***– هۆ خوشکی دلۆڤانی ڕۆژانی چارەڕەشیم، بەڵێ جەنازەی برای خۆم و برای تۆ دەنێژم. ئەگەر دەخوازی یارمەتیم بدە، ئەگەریش نا، کەس بە خەیانەتکردن تاوانبارت ناکا.***

***– گەلێک مەترسیدارە، کایە بە ژیانی خۆت دەکەی!***

***– شانازییە بۆ من جەنازەکەم لەگەڵ براکەم بنێژرێ، لەگەڵ ئەو خۆشەویستتر دەبم. زەمەنی خۆشەویستبوونم زۆر درێژتر لەوەی ئێستام دەبێ.***

***– من دەخۆم ڕانابینم. هەردەم بێهێز و ورە بوومە و نەمتوانیوە دژی خواستی حوکمڕانان بجوڵێمەوە.***

***– من جەنازەی براکەم دەنێژم و لەگەڵیشی دەچمە ژێرخاک.***

***– دڵێکی گەرمت هەیە بۆ شتگەلی سارد.***

***– حەز دەکەم بە دڵی ئەو کەسانە بم کە خۆشیان دەوێم.***

***– بە مەسڵەحەتی نازانم خۆ لە کارێک بدەی کە جێبەجێ نابێ.***

***– گەر بەو چەشنە بدوێی لەبەرچاوی من و برای کوژراوت دەکەوی.***

***– گەر ئەوە بۆچوونت بێ بیکە. لە ڕاستیدا هەر خۆشەویستی ئەو کەسانە دەبی کە خۆشیان دەوێی....***

نەتەوە دێرینەکان خاوەن مێژووی وێکچووی پڕ لە تراژێدییان. چیرۆکەکانیان ئەفسانەیی و ئەفسووناوین. یۆنان یەک لەوان نەتەوان خاوەن سیستەمی دەوڵەت–شار بووە و دانیشتووانی هەموو شارەکانیش لەباری ڕەگەزییەوە یونانی بوون، بەڵام دابەشکراو بەسەر کۆمەڵێک دەسەڵاتی ناوچەییدا. کوردستانی ئێمەش بەجۆرێک بەشێوەی میرایەتی بەهۆی کۆمەڵێک میری سەربەخۆی خاوەن ڕەگەزی کوردی بەڕێوە چووە. یونانییەکان بەسەرهاتەکانیان لەسەر لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کرد و بەشێوەی قەومانی ڕاستەقینە یا میتۆسی مەبەستدار نووسییانەوە و بۆ نەسڵەکانی داهاتوویان جێهێشت، کوردەکانیش بەشێوەی خۆیان، واتە بە بەیت، لاوک و حەیران لە جیلێکەوە بۆ جیلیتر ڕایانگواست.

بۆ تاوێک ئەندیغۆنی جێدەهێڵم و دەچمە لای بەیتی شۆڕمەحموود و مەرزینگان لە کوردستانی نیشتمان.

مەرزینگان ئەگەر چاوی بە شۆڕمەحموود کەوت، هەڵیدایە:

***”ئەوە کاری بابمە دەتنێرێ بۆ جەنگی چوکڵی هەمەوەند و سمێڵسپی کامەرییە***
***ئاگاداری تۆ بێ ئەلیاس لە بەحری و خدر لە چۆلی و لە بەرییە“***

مەرزینگان دواتر زۆر بەهەستتر و بەدڵێکی ئەویندارانەتر هاوار دەکا:

***سوارینە وەرن لە دڵێکە من گەڕێن ئەوە چ بووە چ قەوماوە***
***ئەی لەوێ خەبەرێ لە نەدیو و لە نەکاوە!***
***کوڕە خۆ ڕاستە دەڵێن شۆڕمەحموود لە گێژی دەریادا خنکاوە***
***سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، کەسم لە ماڵە باوان نەماوە.....***

مەرزینگان ئەوجار چەشنی ئەندیغۆنی بڕیارێک دەدا کە پاشماوەی ژیانی بگۆڕێ. دەبێ بڵێم بوێری ئەندیغۆنی یونانی بەجۆرێکیتر لەنێو ڕوحی بەرز و خەیاڵی ساکاری مەرزینگاندا خۆی دەنوێنێ. بەڵێن بە شۆرمەحموود دەدا:

***شەرت بێ پاش تۆ یەخەی کەتانی من بۆ کەس ئاواڵە نەکراوە***
***تا ئەو ڕۆژەی دەڵێن ڕۆژی قیامەتە و ڕۆژی حەشرە و خودا دیوانی داناوە***

مەرزینگان لەو شینگێڕییەدا پێمان دەڵێ ناهەقییەک دەرهەق بە شۆڕمەحموود کراوە و بۆیە بەڵێن دەدا قەت کەس نەهێنێتە نێو ژیانی خۆی، تا ئەو کاتەی هەق بەسەر ناهەقدا سەردەکەوێ.

لە بەیتی ”کاکە میر و کاکە شێخ“یشدا، هەرچەند هۆی کوژرانی ئەو دوو برایە بەشێوەی جۆراوجۆر باس دەکرێ، لەوێش ئێمە بەسەر شینگێڕییەکی هاوشێوەدا دەکەوین. دوو خووشک بە ناوەکانی ئەستی و بەغدان بۆ براکانیان شیندەگێڕن:

***هەی ڕۆ، هۆ، هۆ، وەی***
***ئەستی دەڵێ خوشکێ بەغدانێ***
***سەرشینی قەلەندەری بابانوێرانێ***
***بێکەس، بێدەرێ، بێخودانێ***
***وەرە یەکمان بچینەوە ئەستەمبوولێ***
***یەکمان بچینەوە کن شازادە شای تارانێ***
***یەکمان بچینەوە کن قلیچ باتمانی دە ئیسپەهانێ***
***ئەوەی دیکەمان بچتەوە سەر کووپەڵەی دەخمخانێ***
***ئەتۆ لێ دەوە لکی دە دەسرۆکەی***
***ئەمنیش لێ دەدەمەوە لکی دەکۆڵوانێ***
***ناوەڵا دە لاملانێ***
***ئەمن داخێک و سێسەد مخابەتی دە دنیایەم دەکوژێ***
***بۆ کاکە میر و کاکە شێخم***
***حاکمەکەی مەرگە و پشدەری ڕەنگینم کوانێ***
***هەی ڕۆ، کاکینە ڕۆ! براینە ڕۆ!***
***ئەگەر ڕاستە و ئەگەر درۆ***
***وەسەر ئەستی قەلەندەرو دەکردەوە خۆڵی کۆکۆ***

لە چیرۆکی ئەندیغۆنیدا بابەتی دادپەروەری بەردەوام دێتە گۆڕێ و گرینگ مافی ئینسانەکانە کە دەبێ وەبەرچاو بگیرێت. دادپەروەری بەسەر هەموو قۆناخەکانی یەکبەیەکی ڕووداو و کارەساتەکاندا دابەش کراوە.

کرێئۆنداس لە بارەگای خۆی لەگەڵ پیاوماقوڵانی شار کۆبووەتەوە و ئەوانیش ئەو فەرمانە ناڕەوایەی ناوبراو بە باش دەزانن. لەنەکاو ئاگادار دەکرێنەوە کە کەسێک جەنازەی پۆلینیکیسی بە خاک سپاردووە. کرێئۆنداس فەرمانی گرتنی ئەندیغۆنی دەدا. دەیهێننە بەردەم پاشا. بوێر و خاوەن ویژدانێکی ئاسوودەیە. ئیسمینی، ئەویش دەستبەسەر کراوە. ئەو بە درۆ دەڵێ یارمەتیی ئەندیغۆنی داوە، چونکە دەزانێ هەر دەکوژرێ، دەخوازێ لەو شانازییەدا بەشدار بێ کە ئەندیغۆنی خوڵقاندوویەتی. دەخوازێ لەگەڵ خوشکی بوێری خۆی بمرێ، مەخابن ئەندیغۆنی قبوڵ ناکا. تاڵعبینە کوێرە، واتە تیرێسیاس هەست دەکا کە پێویستە بە شێوەی هەڕەشە ئامۆژگاری کرێئۆنداس بکا. پێی دەڵێ:

***– کرێئۆنداس، شار لەبەر کوێری تۆ کوێر بووە. عەقڵ و تێگەیشتن چاکترین دیارییە. تۆ بە کردەوەکانت، نیزامی دوو جیهانت شێواندووە، چونکە مافی خودایانی مەرگت ژێرپێ ناوە، لەبەر ئەوەی ئیزنت نەدا جەنازەی پۆلینیکیس بنێژرێ و بچێتە لای خوداوەندەکانی دنیای ژێر خاک. سزای ئەو تاوانەت لەلای خوداکانەوە ئەوەیە کە کوڕەکەت لەدەست دەچێ. خەڵکی یونان بەخڕی بە چاوی سووک سەیرت دەکەن و خوداکانیش چیتر قوربانی و خێراتەکانی شاری تیڤا قبوڵ ناکەن...***

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (لێکهەڵوەشانی دیکتاتۆری)



و: مەنسوور مروەتی

**هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی ناڕازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە ''دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن.'' لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:**

کاتێک لە کۆمەڵگەدا گۆڕانکارییەک لەسەر بناغەی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگە خەریکە ڕوو دەدا، خەباتی سیاسی و هاوکاری‌نەکردنی ڕێژیم دەتوانن پەرە بستێنن.

ستراتیژیستەکانی شۆڕش دەبێ هەر لە سەرەتاوە ئەوەیان لەبیر بێ کە زەمانێک دێت هێزە خەباتکارەکان دەتوانن لە ئەو شێوە خەباتانەی کە بۆ دەورانێکی تایبەتی لەبەرچاو گیرابوون بەرەو خەباتێکی بەربڵاوتر بڕۆن.

زۆر جار بۆ خەڵک وەگەڕخستن و گەشەپێدانی بنەماکانی شۆڕش پێویستیی بە کاتە و پەرەپێدانی خەباتی بەربڵاو دوای چەندین ساڵ دەرفەتی بۆ خۆش دەبێ. لەو ماوەیەدا ئەو زنجیرە خەباتە دیاریکراوانەی کە بۆ دەورانێکی تایبەتی لەبەرچاو گیرابوون دەبێ بەرەو شتی سیاسیی گرینگتر ڕێنوێنی بکرێن. دەبێ زۆرێک لە چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە تێکەڵ بەم خەباتە ببن. لە ماوەی زیادکردن وگەشەکردنی ئەو خەباتە سیاسیە ڕێکوپێک و جیددییەدا، لاوازییەکانی دیکتاتۆری لە ناوەوە بەخێرایی دەردەکەون.

پێکهاتەی بەهێزی خەباتی سیاسی و دروستکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆکان دۆخێکی لەبار بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بە قازانجی هێزە دێموکراتەکان دەخولقێنێ. ئەم کارە لەوانەیە لە باری دیپلۆماسیەوە ببێتە هۆی شەرمەزارکردنی کارەکانی دیکتاتۆر و هەندێ گەمارۆ و بایکۆتی ڕێژیم، لە قازانجی هێزە ئازادیخوازەکان. (هەروا کە لە لەهستان وای لێ هات).

ستراتیژیستەکان دەبێ ئەوە بزانن کە هەندێ جار لەوانەیە دیکتاتۆری زۆر بە خێرایی بڕووخێ، وەکوو ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات ڕووی دا.

ئەوە کاتێ ڕوو دەدا کە پاش بێزاریی زۆری خەڵک لە دیکتاتۆری، سەرچاوەکانی دەسەڵات زۆربەیان لە دەوڵەت جیا ببنەوە. بەڵام ئەوە هەمیشە وانییە و باشتر ئەوەیە کە پلان بۆ خەباتێکی درێژخایەن دابڕێژرێ و هاوکات بەرنامە و پلان بۆ کورتماوەش هەبێ.

لە سەردەمی خەباتی ئازادیخوازانەدا، سەرکەوتنەکان ئەگەر تەنانەت لە شتی بچووکیش‌دا بن، دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ. ئەوانەی کە سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە دەبێ بناسرێنەوە. هەروەها ئەو ڕێزلێگرتنانە دەبێ وابێ کە ورەبەخش بێ بۆ قۆناغەکانی داهاتووی خەبات.

### ئیدارەکردنی بەرپرسانەی سەرکەوتنەکان

پلاندانەرانی ستراتیژیی گەورە دەبێ لە پێش‌دا هەڵسەنگاندن بۆ ئەو شێوازانە بکەن کە گونجاون و دەکرێ لەو ڕێگایەوە خەباتێکی سەرکەوتوو بەڕێوە ببەن کە تێیدا پێش بە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی تازە بگیرێ و بەرەبەرە سیستمێکی دێموکراسیی سەقامگرتوو دابمەزرێنن.

دێموکراتەکان دەبێ بەراوردی ئەوە بکەن کە چۆن دەتوانن لە کۆتایی خەباتدا، قۆناغی گواستنەوە و تێپەڕین لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دەوڵەتێکی کاتی ئیدارە بکەن. بەهەرحاڵ دەوڵەتی تازە نابێ هەمان دەوڵەتی کۆن بەڵام بە کەسی تازە بێ.

گرینگە بیر لەوە بکرێتەوە کە چ بەشێک لە پێکهاتەی دەوڵەتی پێشوو (بۆ وێنە پۆلیسی سیاسی) لە بەر تایبەتمەندیی نادێموکراتیکی خۆی دەبێ بەتەواوی لە بەین ببرێ و چ بەشێک دەکرێ بهێڵرێتەوە و بۆ ئەوە دەبێ کە گۆڕانکارییەکی دێموکراتیکی تێدا بکرێ.

لەبەین‌بردنی تەواو و سەرلەبەری دەوڵەتی پێشوو بشێوی و ئاڵۆزیی لێ دەکەوێتەوە و لەوانەشە دیکتاتۆرییەکی تازەی لێ بکەوێتەوە.

دەبێ لە پێش‌دا بیر لەوە بکرێتەوە و بڕیاری لە سەر بدرێ کە دوای ڕووخانی دیکتاتۆری چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی پێشوو بکرێ. بۆ وێنە، ئایا دەبێ دیکتاتۆرەکان دادگایی بکرێن؟ ئایا دەبێ ڕێگەیان پێ بدرێ بۆ هەمیشە ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵن؟ چ بژاردەیەکی دیکە لەبەردەستە کە لەگەڵ خەباتی سیاسی و جێگیرکردنی دێموکراسی‌دا بێتەوە؟ دەبێ لە پێشدا پێش بە کوشت و کوشتار بگیرێ، چونکە ئەوە کاریگەرییەکی خراپ لە سەر دامەزرانی سیتمەیکی دێموکراتیک لە داهاتوودا دادەنێ.


دەبێ هێندێ گەڵاڵەی تایبەت بۆ دەورانی تێپەڕین لە دیکتاتۆری ئامادە بکرێ. چونکە ئەم گەڵاڵانە یارمەتی بەوە دەکەن کە ڕێگا نەدرێ گرووپێکی تر بە کوودەتا دەسەڵات بە دەستەوە بگرن. پێویستە هەندێ گەڵاڵەش بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی دێموکراتیک لە سەر بناغەی یاسایەکی بنەڕەتی ئامادە بکرێ کە تێیدا ئازادییە سیاسی و تاکەکەسیەکان پارێزراو بن.

نابێ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە تێچووی زۆر وەدەست هاتوون، لە بەر نەبوونی پلان و گەڵاڵە لە کیس بچن.

دیکتاتۆر لە بەرانبەر ئەو خەڵکەی‌دا کە بەردەوام بەهێزتر دەبن و گەشەی ئەو گرووپە دێموکراتیک و ڕێکخراوانەی کە ناتوانێ کۆنترۆڵیان بکا، تێدەگا کە کارەکانی بێ ئاکامە. ڕاگرتنی کارەکان و مانگرتنە گشتییەکان، مانەوە لە ماڵەوە و ڕێپێوانی خەباتکارانە یان هەر کارێکی دیکە بە خێرایی دەبنە هۆی ڕووخانی ڕێکخراوەکانی سەر بە دیکتاتۆر و ئەو شوێنانەی کە فرمان لەو وەردەگرن.

دەرەنجامی وەها خەباتێک کە بەرەبەرە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی پێوە زیاد دەبن، لاوازیی دیکتاتۆر و سەرکەوتنی ئازادیخوازانی بەبێ توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە. لە کۆتایی‌دا دیکتاتۆر لە بەرانبەر خەڵکی خەباتکاردا تێکدەڕووخێ.

دیارە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە هەموو خەباتێکی لەم چەشنە مەرج نییە وا بە ئاسانی و بە خێرایی سەربکەوێ. هەروا کە پێشتر باس کرا مەرجی سەرکەوتن لە خەباتی سیاسی‌دا پێویستی بە ستراتیژییەکی زۆر ژیرانە، پلانێکی ورد و تێکۆشانی ڕێکوپێک و بێ‌وچان هەیە.



### ژێرخانی دێموکراسییەکی سەقامگیر

بێگومان دوای ڕووخانی دیکتاتۆری جێژن و شایی گەورە ساز دەکرێ. ئەو خەڵکەی کە ساڵانێکی زۆر زەحمەتیان کێشاوە و تێچووی زۆریان بۆ خەبات داوە، شیاوی ئەوەن کە شەکەتی و ماندوویەتییەک دەرکەن و پشوویەک بدەن. ئەوان دەبێ شانازی بە خۆیان و هەموو ئەو کەسانە بکەن کە پێکەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی خەباتیان کردووە. زۆر کەسان لەم ڕۆژەدا نەماون و گیانیان بەخت کردوە. بۆیە دەبێ بە زیندوو و مردوو وەکوو قارەمانانێک کە ڕۆڵیان لە سەرکەوتن و ئازادی وڵاتەکەیاندا هەیە، یادیان بکرێ و ڕێزیان لێ بگیرێ.

ئەم دەورانەش دەورانی وشیاریی زیاترە، دەورانی کەمتەرخەمی نییە. دەبێ تەنانەت لە کاتی ڕووخانی دیکتاتۆریش‌دا بە وردی ئاگایان لەوە بێ کە ڕێگا نەدەن ڕێژیمێکی سەرکوتگەری دیکە لە نێو ئەو بشێویانەی پاش ڕووخانی دیکتاتۆر، سەر هەڵبدا. ڕێبەرانی هێزە دێموکراتەکان دەبێ پێشووتر خۆیان بۆ دەورانی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دێموکراسی ئامادە کردبێ. پێکهاتەی دیکتاتۆری دەبێ لە بەین بچێ. دەبێ بناغەکانی یاسایەکی بنەڕەتی کە لەگەڵ ماف و ئازادیەکانی ڕۆژ و ستانداردەکانی دێموکراسیەکی سەقامگیر بێتەوە، دابنرێ.

هیچ کەس نابێ پێی وابێ کە بە ڕووخانی دیکتاتۆری، کۆمەڵگە بە خێرایی دەبێتە "شامی شەریف". ڕووخانی دیکتاتۆری لەو هەلومەرجەدا دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ بۆ هەوڵی درێژخایەن بە مەبەستی بردنەپێشی کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک و ئارام و گەشەسەندوو.

کێشە جیددیەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی تا ساڵانێکی دواتر هەر درێژەیان دەبێ. و بۆ چارەسەر کردنیان پێویست بە هاوکاریی خەڵکانێکی زۆرە.

سیستمی سیاسیی نوێ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشەکانی دوایی دەبێ دەرفەت بۆ هەموو ئەو خەڵکە بڕەخسێنێ تا بە ڕوانگە جیاوازەکانیانەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەوڵ بۆ گەشەی کۆمەڵگە بدەن.

## درێژەی «ئەندیغۆنی»یەکانی نیشتمانی من

کرێئۆنداس بڕیار دەدا ئیسمینی ئازاد بێ و ئەندیغۆنی لە ئەشکەوتێکدا دەستبەسەر تا بە زیندوویی لەوێدا بمرێ. خەڵکی شار بەبیستنی ئامۆژگاری و تاڵەبینی تیرێسیاس لەبەر کرێئۆنداس دەپاڕێنەوە کە ئەندیغۆنی ئازاد بکا. کرێئۆنداس ترس دایدەگرێ و بڕیاری ئازادکردنی ئەندیغۆنی دەدا، مەخابن بەدرەنگییەوە، چونکە ئەندیغۆنی خۆی کوشتووە. ئیمۆن کوڕی کرێئۆنداس کە دەزگیرانی ئەندیغۆنی دەبێ، ئەویش لە خەفەتی لەدەستدانی خۆشەویستەکەی خۆی دەکوژێ....

لە سەرتاسەری چیرۆکی ئەفسانەیی ئەندیغۆنی‌دا ئێمە هەرچەند شینگێڕی و کۆمەڵە کارەساتێکی یەک بەدوای یەکدا دەبینین، بەڵام سۆفۆکلیس بەو شاکارەی ڕوحی بوێری، مافخوازی، دڵسۆزی، شانازی و زۆر هەستی‌تر لە زەینی خوێنەردا بە زمانێکی فەلسەفی- ئەدەبی زیندوو دەکاتەوە و هەر پەردەیەکی خۆی شۆڕشێکی ڕەهای مرۆڤە بۆ خۆڕزگاریی. هەمیشە پاڵەوانانی وەکوو ئەندیغۆنی، ئەستی، مەرزینگان و زۆری‌تر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبوونە کە لەمەر کارەساتەکان‌دا سۆزی خۆیان دەربڕیوە و لەدەستچوویان بەبای فەرامۆشی نەسپاردووە. سوارەی ئیلخانی‌زادە سەیرکە چۆن بۆ دادەئامینی خوشکی دەناڵێ:

***خوشکم ئەی چرای کوژاوەی دڵم***
***مایەی گریانی دڵی پڕ کوڵم***
***کوانووی دامرکاو لە بڵێسەی ژین***
***بووکی چارەڕەش، خوشکەکەم "ئامین"***
***.....***
***بۆ کۆستی کەوتووم کێ تاوانبار کەم؟***
***لە خوا و لە سروشت لە کێ هاوار کەم؟!***

هەڵسووکەوتی بوێرانەی دایکی سێ برای بەگزادەی لەسێدارەدراوی سەقز دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، خۆی بەرزترین و بەهێزترین پێیسی نەنووسراوی مێژووی کوردە. خاتوو "زێڕوەشان" هەواڵی مەرگی کوڕەکانی پێ دەگا. ناخوازێ ڕووزەرد بێ و دوژمن دڵخۆش. بە نینۆک ڕوومەتی دەڕنێ و سووری هەڵدەگێڕێ. دەچێتە پای سێ‌دارە. پاسەوانەکان سەیری دەکەن. ئەو سەر هەڵدەبڕێ و بەدەنگێکی پڕ لە بوێری، دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرانە دەڵێ:

***"من بۆتان ناگریم و شینتان بۆ ناگێڕم. ئێوە بوێرانە بەرەو سێدارە چوون و بوون بە سەردار. ئێوە خەیانەتتان نەکرد و چەتەش نەبوون، ئێوە لە ڕێگای ئازادی گەل‌دا شەهید بوون و دڵنیابن هەمیشە زیندوون."***

یا دایکی ئەو پێشمەرگە شەهیدەی لە ئێوارە زەردەپەڕێک‌دا هاتە سەر تەرمی کوڕەکەی خۆی، نێوچاوانی کوڕەکەی ماچ کرد و بەدەستی دایکانە چاوەکانی جگەرگۆشەی وێکنا. ئەو دایک و خوشکانە پێویستییان بە سۆفۆکلیسی سەردەمە شانۆنامەی نوێ بنووسێ و بڵێ ئەندیغۆنییەکانی کوردستانیش فرمێسکیان بە چاویان‌دا نەهاتە خوار و مەرگی جگەرگۆشەکانیان کردە شانازییەک بۆ وەچەی زیندوو. لەخۆڕا نییە کە "حۆری غەمیان" وەختێک برای پێشمەرگەی شەهید دەبێ، ئەویش شینگێڕی بۆ دەکا، بەڵام چۆن؟ ئەویش بە هۆنینەوەی شێعری "فەرەنجی‌پۆش" ڕوحێکی شۆڕشگێڕانە وەبەر هاوارەکەی دەنێ و دەخوازێ لەدەستچوونی برا لە کارەساتەوە بگوێزێتەوە بۆ بڕیاری بوێری لە پێناو گیانفیدایی و خۆبەختکردن بەمەبستی بەختیارکردنی نەوەی داهاتوو:

***بێ ئۆقرەم لێم بڕا ئارام***
***بیستم تۆ نەماوی بەڵام***
***چونکوو ڕێگات ڕێی خەبات بوو***
***سەربەرزی بوو، بۆ نەجات بوو***
***دەبێ بژەم بێ لە لێوان***
***بەرز بم وەکوو لووتکەی کێوان***
***کێوانی کوردستانەکەم***
***جێگای تو کاکە جوانەکەم***

هیچ سەردەمێکی ژیان بێ هەبوونی ئەندیغۆنییەکانی زەمان نامەشێ. براکان کە لەسەردەمی حەیات‌دا شاکار دەخوڵقێنن، سۆزی خۆشەویستی خوشکەکانیشیان ئەوان وەک خۆیان و بەرهەمیان دەگەیێننە لووتکەی جوانی. ئەوەتا دادە زێنەبی خوشکی شاعیری نەتەوەیی، دڵداری "ئەی ڕەقیب" دەبینین مەرگی برای خۆی چەند جوان دەکاتە شینێکی زیندوو و ناهێڵێ تۆزی فەرامۆشی لەسەر بنیشێ:

***شەهسواری عەرشی کورد و یونسی دڵدارم ڕۆ...***
***قەلەمی عیلم و ئەدەب و شکۆفەی بەهارم ڕۆ...***

کاروانی خەباتی کوردستان تا دەگاتە مەنزڵگەی سەرکەوتن گەلێک ڕووداوی جۆراوجۆری‌تر تاقی دەکاتەوە، هەربۆیە پیویست و ئەرکە نەسڵی ئێستا و داهاتوو ببنە سۆفۆکلیسەکانی خاوەن شاکار، قۆناخ بە قۆناخی سەرکەوتن و شکستەکان تۆماربکەن و بیخەنە بەرچاوی گەلانی جیهان. ئەگەر شانۆی "ئەندیغۆنی" بە هەزاران ساڵ لەسەر سێنەکانی شانۆ نمایش کران و سەرنجی خەڵکیان ڕاکێشا، دڵنیام بوێری "زێڕوەشانەکان" پتر کار لە ڕوح و هەستی مرۆڤەکان دەکا، چونکە یەکەمیان ئەفسانە بوو و دووهەمیان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری دنیای سەردەمە.

***

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:792 18 February 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

### ئەنجومەنی نۆژین:

## گوتاری زاڵ و دامودەزگاکانی ئەو گوتارە دژی زمان و بوونی نەتەوەی کوردە

ئەنجوومەنی ئەدەبی و فەرهەنگیی بەبۆنەی حوکمی داسەپاو بەسەر "زارا موحەممەدی"، یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری ئەم ئەنجومەنە ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئەم ڕاگەیەندراوە بەمجۆرەیە:

ئەنجومەنی نۆژین هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە هەستکردن بە شەڕێکی گوتاری لە نێوان کورد و ناوەنددا و لێکدانەوەی ئامانجەکان و شیکاریی ستراتژییەکان و شرۆڤەی زمانی ئەو گوتارە، دەستی بە بەرەنگارییەکی گوتاری کردووە و هەوڵی بۆ خستنەڕووی ستراتیژی و زمانی گوتاری زاڵ داوە و هەنگاوی بۆ داهێنانی دژەزمان و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئەو ستراتژییانە هاوێشتووە.

هەوڵدانی گوتاری زاڵ بۆ دابەشکردنی زمانی کوردی بە سەر دوو ڕوانینی زمانی فەرهەنگی و زمانی سیاسی و ڕێگاخۆشکردن بۆ پەرەگرتنی ڕوانینی زمانی فەرهەنگی و داماڵینی زمانی کوردی لە نێوەرۆکی سیاسی و کانتێکستی باڵای خۆی واتا کانتێکستی نەتەوەیی هەوڵدانێکی گوتارییە بۆ ڕاگرتنی کورد لە دەرەوەی کات-شوێنی مودێڕندا. هەروەها نکۆڵی کردن لە گشتایەتیی زمانی کوردی و بە زاراوە و زمانی ناوچەیی ناولێبردنی لە لایەکەوە و پارچەکردنی ئەو زمانە بە سەر چەندین زماندا و ڕێگەدان بە تۆمارکردنی زاراوەکانی زمانی کوردی وەکوو زمان لە بەناو میراتی فەرهەنگیی ناوەندا، بەشێک لە ستراتژیی زمانی گوتاریی زاڵن کە لە نێوخۆی کوردستانیش کۆمەڵێک سووژەی ناوشیار و نەزانی دۆزیوەتەوە و کۆمەڵێک کەسیش بوونەتە بێژەری ئەو گوتارە و جێبەجێکاری ستراتیژی و پلانەکانی.

بەهێماکردنی ئەم خوێندنەوەیە و لەبەرگرتنی ڕێبازێک لە چالاکیدا کە توانای داهێنانی زمان و ڕێچکەیێکی نوێی هەبێ، ئەنجومەنی نۆژینی کرد بە مەکۆیەک بۆ پێشکەشکردنی هێمایەکی نوێ لە چالاکی کە توانای خزمەت بە مافە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی هەبێ. بۆیە هەر لە سەرەتاوە پەروەردە بە زمانی کوردی و تێکۆشان بۆ کۆمەڵگەیەکی مودێڕنی کوردی کرد بە سەرچەشنی چالاکییەکانی و تائێستاش درێژەی پێداوە.




سەپاندنی حوکمی دە ساڵ زیندان بە سەر هێمای زمانی کوردی، خاتوو زارا موحەممەدی لە لایەن دادگای شۆڕش و پشتڕاستکردنەوەی ٥ساڵی ئەم حوکمە لە دادگای پێداچوونەوە نیشانەی ئاشکرای دژایەتیکردنی گوتاری زاڵ و دامودەزگاکانی ئەو گوتارە لەگەڵ زمان و بوونی نەتەوەی کوردە.

هەر بۆیە ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی نۆژین وێڕای شەرمەزارکردنی توندی ئەم حوکمە سەپاوە ڕایدەگەیەنین کە ئەگەر تێکۆشان بۆ پەروەردە بە زمانی کوردی و پاراستنی مافە نەتەوەییەکانمان تاوان بێت، ئێمەش هەموومان لەگەڵ خاتوو زارای پێشەنگمان هاوتاوانین و تا چەسپاندنی مافەکانمان لە تێکۆشان ناوەستین و هەنگاوی کردەییمان ئەبێت.

**ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی نۆژین**
**٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٩**

## تاوتوێی پرسی ڕەشبگیرییەکەی ئەم دواییانەی کوردستان لە کۆبوونەوەی نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵاتی ناوەندیی هاوکاری



نوێنەرانی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، ڕۆژی هەینی ٢٤ی ڕێبەندانی ٩٩ی هەتاوی بۆ تاوتوێکردنی پرسی دەسبەسەرکردنی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی و سیاسی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا دوای باس و دیالۆگێکی بەرپرسانە، بەشدارانی کۆبوونەوەکە هاوڕابوون لەسەر ئەوەی لە هەموو دەرفەتەکان بۆ لە قاودانی ڕەشبگیرییەکانی ئەم دواییانە و سیاسەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی و گەیاندنی دەنگی دەسبەسەر کراوان بە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرایەتی و پارلەمانی وڵاتان کەڵک وەربگیردرێ.

لەم پێوەندییەدا چەند ڕێکار و پێشنیارێک قسەیان لەسەر کرا و بڕیارە لە ماوی داهاتوودا کاریان لەسەر بکرێ و بۆ جێبەجێ کردنیان پێوەندیی و هاوئاهەنگیی پێویست پێک بهێنرێ.

## بەیاننامەی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە و چالاکانی مەدەنیی مەریوان لە پێوەندی لەگەڵ ڕەشبگیرییەکەی کوردستان




ڕۆژی شەممە ٢٥ی ڕێبەندان، کۆمەڵێک ڕێکخراوە و چالاکانی مەدەنیی شاری مەریوان، سەبارەت بە دەسبەسەرکردن و ڕەشبگیریی ئەم دواییانەی خەڵکی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە، هاوکات و بە شێوازی جۆراوجۆر هەڵوێستیان گرت و بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە بە بەڵگە سەلمێندراوە کە ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە گەشە و برەودان بە دێموکراسی و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و هەروەها چالاکیی ئەوان بە دوور لە توندوتیژییە.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە چالاکانی مەدەنی لە بەستێنیی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ژینگەییدا کار دەکەن و ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەدا هەیە و ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین کە دەسبەسەکردنی بەربڵاوی چالاکانی مەدەنی لەو دوو مانگەدا بووتە هۆی لاوازبوونی چالاکیی ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی، و ئازادیی و کولتووری وێژمان و پێکەوەهەڵکردنمان سنووردار دەکا.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە کە ئێمە وەک کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە و چالاکانی مەدەنیی مەریوان لەگەڵ ئەوەی کە ڕەخنەی توندمان لە دەسبەسەرکردنەکانی ئەم دواییانەی کوردستان هەیە، داوا لە ناوەندە پێوەندیدارەکانی حکومەت دەکەین ئەو دەسبەسەرکراوانە ئازاد بکەن و ئارامیی بۆ بنەماڵەکانیان و کۆمەڵگە بگەڕێننەوە.

### بەر لە ماڵاوایی

## گەورەدێ


ئەحمەد ڕەحمانی

فیلمی دیجیتاڵیی «گەورەدێ» بەرهەمی فیلمساز و سیناریۆ نووس خاتوو بێری شەڵماشی کە براوەی خەڵاتی زێوینی وڵاتی هولەندە. ئەم فیلمە لە سەر بەشێک لە دیرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دروست کراوە .

خاتوو بێری شەڵماشی ساڵانێکی دوورو و درێژە لەم بوارەدا کار دەکا و هەوێنی زۆرترین بەرهەمەکانی وەکوو کچێکی بلیمەتی کورد ئەو شوێنە بووە کە لە تەمەنی منداڵی تێیدا گەورە بووە و، ئێستا خاتوو بێری لە ڕێی سێکانسەکانی فیلمەکانی دەیەوێ بگەڕێتەوە ئەو سەردەم و ئەمە باگڕاوندی کارە کەم وێنەکانیەتی. ئەو دەیەوێ هەستی کوردبوونی خۆی وەکو لاوێک لە ڕێگای فیلم و زوومی کامێرا بە کۆمەڵگەی ئەورووپی نیشان بدا و بڵێ کە شۆڕش بۆ گەیشتن بە ئامانجێکە، بۆیە بەرگرییان لە خۆیان کردووە.

شوێنی لەدایک بوونی بیرۆکەی فیلمی «گەورەدێ» ژینگەیەکی تەواو پێشمەرگانەیە. پەروەردەبوونی خاتوو بێری لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەدا کاریگەریی بەهای لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی هەبووە کە لە تاراوگەشدا نەیتوانیوە واز لەو سەردەم بێنێ و خۆشی و تایبەتمەندییەکانی وڵاتی هولەند نەیتوانیوە لەنێو خۆیدا ونی بکا. بۆیە وەک کچە کوردێکی هونەرمەند لەم بوارەدا قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و ماندووبوونەکانی ئاکامێکی باشی داوە بە دەستەوە .

وەک باس کرا پەروەردەبوونی خاتوو بێری لەنێو ئامێزی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی وەکو بنەمەڵەی شەڵماشی بە تایبەت کە باوکی -مستەفا شەڵماشی- بۆ خۆی کاراکتەرێکی دیاری نێو بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، هەروەها بیر و هزرەکانی مامۆستا مەلا ئاوارە -مامی خاتوو بێری- ش بێگومان کاریگەری هەبووە لە سەر پەروەردەبوونی کە پێدەچێ لە ڕێی خوێندنەوەی مێژووی جووڵانەوەکانی ڕۆژهەڵات ئەم زانیارییانەی وەدەست هێنابێ یاخود لە ڕێ باوکی بەرێزیەوە کە لەم بوارەدا ڕۆڵی کاک مستەفا بەرز بنرخێندرێ.

ئەوەی کە لێرەدا گرینگە و جێی ئاماژە پێکردنەوە لە تاراوگەدا هەستکردن بەو بەرپرسیاریەتییە لە لایەن لاوێکی کورد و گەورەبووی وڵاتێکی وەکو هولەند کە لە بیری ئەو جووڵانەوەیەدا بووە و ویستوویەتی لە ڕێگای فیلمەوە دیرۆکی جووڵانەوەیەک بە باشی نیشانی گەلانی دیکە بدا و لەم بوارەدا بە هەوڵ و تێکۆشانەکانی خۆی بتوانێ براوەی خەڵاتێکی گەورە و گرانبەها بێ وەکو خەڵاتی زێوین. هەر چەندە لەم ڕێیەدا تووشی زۆر سەختی بووە و نەبوونی ئارشیوێکی دەوڵەمەند ئاستەنگی هێناوەتە سەر ڕێگای کارەکانی، هەروەها مێتۆدی گێڕاونەوەی ڕووداوەکان کە خاتوو بێری دەبوو بە هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات .

ئەو کارەی کە خاتوو بێری وەکوو لاوێک دەستی داوەتێ جگە لەوەی شانازییەکی گەورەیە بۆ خۆی و بنەماڵە بەڕێزەکەی، لە هەمان کاتیشدا شانازییەکی گەورەیە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە مێژوو و پەروەردەکەی لاوێکی وەک خاتوو بێریی هان داوە هەتا بە پێشاندانی بەشێکی گرینگ لە مێژووی حیزبەکەی بە وڵاتانی دەرەوە سەرنجی ئەوان بۆ لای پرسی ڕەوای گەلەکەی ڕابکێشێ. هاوکات ئەم کارەش ئەوەندە هونەری و زانستی بکا کە براوەی خەڵاتی زێوینی هولەندیش بێت. هەڵبەت خاتوو بێری جگە لە ئەرکی مامۆستایەتی لە زانکۆ لە بەشی سینەمادا بە تەمای بەردەوامی لە کاری بەرهەمهێنانی فیلمە و دەیەوێ فیلمێکی درێژی سینەمایی لەسەر پرسی کورد لە باشووری کوردستان بەرهەم بهێنێ.

دەستخۆشی بۆ خاتوو بێری شەڵماشی و هەمووی ئەوانەی لە هەر بوارێکدا کار دەکەن بۆوەی بتوانن مێژووی پڕ لە شانازیی حیزب و جووڵانەوەکەیان بە شێوەیەکی جوان نیشانی گەلانی جیهان بدەن و ببنە جێی شانازیی گەل و نیشتیمان .

